# دیوانی ڕەفیق سابیر

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# دیوانی ڕەفیق سابیر

## بەرگی یەکەم

# دیوانی ڕەفیق سابیر
## بەرگی یەکەم

بابەت: شیعر
نووسینی: ڕەفیق سابیر
تایپ: کارزان شەریف
بەرگ: ئازاد سوبحی
وێنەی بەرگ: ئەفشین شاهرودی
چاپخانە: تاران
چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

بڵاوکار: ناوەندی **غەزەلنووس** – بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ١٤٧٤ی ساڵی ٢٠١٤ی پێ دراوە.

هەواڵنامەی کتێب

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی، ئێستە خەمۆشم

**نالی**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# خەونێکی واڵا

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# I

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## دوای تۆ

هەواڵنامەی کتێب

ژیان خەونێکی واڵایە
جەستەی تۆیش مێرگی رووناکی.
لە چاوانتا گەشەخەونێک درەخشانە
لە روانینتا ورشەی هیوا
ئاوێزانی ژیانە.

تۆ بێدەنگانە رووناکی دەچڕیت
زەمان جوانیرِشێن و
ژیان بە ئاگا دەهێنیت.

من لەگەڵ خۆم دەدوێم و
رووی پەیڤینم لە تۆیە.
دەڵێی بەر شەوارە کەوتووم
یان دوو تیشکی گڕدار لە ناکاو
تاریکیی دنیایان رژاندۆتە چاوانمەوە
وەک پەڕەسێلکەی بەر زریان دەلەرزم و
هەناسەت گەرمم دادێنێت.

لە تاریکیشدا دەتبینم
دەستەکانت وەکو جاران رێشاندەرن.
بێ تۆ من چیم؟
دارێک لە تافی بەهاردا
گەڵاکانی وەریون
شەوێک کە مانگ و ئەستێرەکانی
بەجێیان هێشتووە.

بێ تۆ من کێم؟
هەڵاتوویەکی بەر نەفرەت،
سۆفییەکی گومڕای ئەشق
کە خواش لە بیری کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

# رووانین بە تاریکیدا

هەواڵنامەی کتێب

I

شەو وەک من مات و چاوەڕێ
مانگ تۆراوە
تاریکی هەموو شتێکی داپۆشیوە
بە ئەسپایی
دەست بۆ ڕێگایەک دەگێڕم
بۆنی تۆی لێ دێ.

## II

دنیا شەوین و
ئاسۆ ون
تالێک ڕووناکی وەک دەلیل
دوای خۆی خستووم
بەرەو لای تۆیە
یان مردن؟

کەواڵنامەی کتێب

## III

شەو وەکو دەریاچەی نووستوو مەند
لە خەمۆشیدا دەزرنگێتەوە.
شەو بە بێدەنگی
مێژووی تەنیایی دەگێڕێتەوە.

## IV

دەڵێی لەپڕ وەکو رێژنە
داباریوە
تاریکی هەموو جێیەکی تەنیوە و
بەبێ جووڵە
بەرەو لیواری رۆح
دەکشێت.

وای چەند بەژانە
جودایی!

هەواڵنامەی کتێب

## V

تا لای ئەژنۆ بە تاریکییدا رۆ دەچم.
کپ و شەوپۆش،
لە چاوەڕوانی تۆدا
رووامەوە.

## VI

منئاسا پەرێشان، ونڕێ
زایەڵەیەک وەک بروسکە
لە قووڵایی تاریکیدا
ون دەبێ.

## VII

ئاسمانئاسا ژیان شین
ئەڤین شین و
بێدەنگبوون و پەیڤینت شین
شین شاڕەنگ و
شین شەونشین.
نەمدەزانی
تەنانەت مردنیش هەر شین!

وەک نابینا لە تاریکیدا
دەبینم.

هەواڵنامەی کتێب

## VIII

گەڵایەک بەدەم سەماوە دەوەرێ.
مردنێکی لەسەرخۆیە
بێتۆیی.

هەواڵنامەی کتێب

## IX

گوێ بۆ بێدەنگی هەڵدەخەم
شەو بەبێ جووڵە
دەبزوێ
لەناو ورشەی تاریکیدا
بۆنی پەشیمانی دێ.

## X

وەک تارمایی بە چۆڵستاندا
دەگەڕێ،
بەدوای تۆدا ڕۆح سەرگەردان،
ڕۆح چاوەڕێ.

هەواڵنامەی کتێب

## XI

چەند دڵۆپێ تریفە ڕوخسارم تەڕ دەکات

من تەنیا نیم

لە نێوان هەورەکانەوە

مانگ دەمبینێ.

## XII

شەوەزەنگە و

من تاریکیم لێ دەچۆڕێ

کەچی بە ڕوونی دەبینم

ڕوون دەدوێم و

ڕوون دەنوێنم.

چەند بە جەستە نامۆیە

ڕۆح!

هەواڵنامەی کتێب

## XIII

هەواڵنامەی کتێب

تەنکەتەمێک، روون و شێدار
لە ترۆپکی چنارێکەوە
دادەکشێ
بە هێمنی
وەک دەسماڵێکی کەتانی
دامدەپۆشێ
لەو ساتەدا
بیرم بەلای بەختەوەریدا دەچێ.

## XIV

شەو لە ناکاو دادەچڵەکێ
تاریکی دەلەرێتەوە
لەبەر ساماڵدا قوڵنگێک
وەکو مرواری دەبریسکێتەوە.

## XV

شەو لە تەنیایی خۆی بێزار
شەکەتانە
بەسەر چۆڵییدا راکشاو.
شەو وەکو من خەمۆش،
تاساو.

## XVI

بە تاریکیدا دەڕوانم
چاوم لێیە لە دوورەوە
تارماییەک، باوەڕناکەم تۆ بێت
بەرەو ئێرە
بەڕێوەیە.

چاوەڕێتم
بەچۆڵاییدا دەڕوانم
مردن دێت و
من هەراسان
هەر دەڕوانم.

## XVII

بەدرێژایی ئەو کاتانە من لەوێ بووم

شەو هات، ڕۆژ چوو

ساڵ هات، ساڵ چوو

هێشتا لەوێم

لەبەر پەنجەرەی تەمگرتووی تەنیاییدا

چاوەڕێت بووم و

چاوەڕێم.

چاوەڕوانی جۆرێکی تری مردنە.

هەواڵنامەی کتێب

# XVIII

هەوانامەی کتێب

شەو بێدار و
منیش لەناو تاریکیدا
مات و دڵپەرت
وەک تەرمێکی تەقەتکراو چاوەڕێ
ڕۆحم وێنەی هەسارەیەک(*)
بە بێدەنگی
بەرەو لای تۆ دەخزێ.

هەواڵنامەی کتێب

## ساتێک و تەمەنێک

ساتێکە چڕ و پڕ ئەوەندەی عومرێکە.
لە بەردەم چۆڵایی زەماندا دەڕوانیت:
ڕابردوو وێنەی تەم بەرچاوتی گرتووە
داهاتوویش خۆتئاسا
ڕەنگپەڕیو چاوەڕێ.
دەشتێکی چۆڵەوار تا ڕۆخی ونبوون و ئەبەدیەت
فەزایەک چەماوە و تێکقوپاو
لە شینیی خۆی هەڵدێت.

هەواڵنامەی کتێب

لە کوێوە و بەرەو کوێ،
کام نیاز نیازتە؟

روخسارت خۆڵاوی و
چاوانت زستانی، دەڕوانیت
تەنیا خۆت دەبینیت
کە وێنەی نەناسێک لەوبەرتا وەستاوە
دەخوازیت بیدوێنیت،
نە پەیڤێک دێتە ژوان
نە نیگا و روخساری پرسیارپۆش دەتوانن
رازی دڵ بەیان کەن.
تەزوویەک سەرتاپات دەپێوێت
هەڵمێکی نماوی وەک شیفۆن
بەسەرتا هەڵدەکشێت.

هەواڵنامەی کتێب

وا ڕێکەوت شێتانە گەمەی خۆی بە ژیان،
بە جوانی دەکات و گەوجانە بازنەیەک
بە دەوری زەماندا دەکێشێت.
ساتێکی شینپۆشە ڕووناکی هەڵدەمژێت
شینئاسا شێوازێک بۆ دووری
ناوێک بۆ چۆڵایی و
پیرۆزی بۆ فەزا دادێنێت.

ساتێکە، ئەوەندەی عومرێکە و ڕەنگی خۆی
دەکاتە بەر ژیان
وەک تەمی گەڕیدە و شپرزە چۆڵایی دەپێوێت
خۆتئاسا بەدگومان بە خۆیدا
بە شوێنی زەماندا ڕۆدەچێت.
شێوەی خۆی لەسەر ڕووی زەردباوی سروشت و
بێدەنگی جێ دێڵێت.
ساتێکە ئاواڵە- داخراو
تۆ هێشتا دەڕوانیت:
هیچ شتێک نابینیت
هەر شتێک دەبینیت.

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

ساتێکە
وەک جوانی لە ناویا دیل کرابێت
وەک ژیان چاوەڕێی دەستێکی تەزیو بێت
بە ئاگای بهێنێت
چاوەڕێی کپبوون بێت
بیدوێنێت
یان زەمان وەستابێت.

## بەبەر باراندا

هەواڵنامەی کتێب

شەقامێکی جەنجاڵ و
پیاوێک بە بەر باراندا دەڕوات.
ئاپۆرەیەکی شاد و بە هەڵپە
چەند دەستگێڕێکی رووتەڵە
پیرەژنێکی سواڵکەر و
سەگێکی سەرمابردەڵە،
لەو بەریشەوە دوو یار-
دوو یاری ئاوێزان
خۆیان داوەتە بەر باران.

"جێگام هیچ جێ و
زەمانم ون". پیاوە دەڵێ.
پیاوێک شەڵاڵی باران و وەهم و بۆناوی ئێوارە
چاوی بڕیوەتە دووری،
دەڵێی چاوەڕێی کەسێکە
لەوێوە،
لە بنی قووڵاییەوە بێتەوە
یان پەشۆکاو
بۆ ناخی خۆی دەڕوانێت.

پیاوە بەدەم رامانەوە دەڵێ:
"زەمین چەند بچووکە بۆ – چوون
ژیان بۆ ژین
ئەڤین چەند بەرین
بۆ فڕین"!.

کتێبخانەی هەولێر

لە دەرەوە با هەڵدەکات
لەنێو دڵدا تەزووی حەسرەت.
بە دوو باسکی ئاواوەڵەوە
لەبەر باراندا راوەستاو
پێش بە وەهم و زەمان دەگرێت:
پیاوە بەدەم وڕێنەوە دەڵێ:
"نە ئێرە جێمە
نە ئەوێ."

رۆژگار دێت و شەوگار دەڕوات
هەمیشە پیاوێک لە شوێن و زەمان،
لە تەنیایی خۆی رادەکات.

کتێبی هەواڵنامە

هەواڵنامەی کتێب

## پیاوێکی تەنیا

پیاوێکی تەنیا
چاوەڕێی خوایە.
دەزانێ خوا نییە
خوا نایە.

پیاوێکی تەنیا
چاوەڕێی خوایە.

## ژوان

هەواڵنامەی کتێب

دەڵێن، هەموو شتێک وەک یارییە:
پەیڤین – نووسین
دۆزەخ – بەهەشت
دیلی – ئازادی
شەڕ – ئاشتی
هەر مردن تاکە ڕاستییە.

بەڵام کوا ئەمە یارییە!
دڵئاوا، لێرە راوەستاو
هەراسان و خەیاڵپەرتێن
هیواپۆش و دەم پڕ درووود
نیاز ژوانی جوانییە.

هەوارنامەی کتێب

رۆژ دەڕوات، شەو دێت
ساڵ دەڕوات، ساڵ دێت
دەڵێی زەمان لە تۆ دەچێت.

هەمیشە پیاوێک، پیاوێکی ونرێ
بۆ ژوانی جوانی
چاوەڕێ.

هەواڵنامەی کتێب

## بەرەو کوێ؟

زەمان خۆیئاسا بەڕێوە
ڕاستییش هەمیشە و لە هەرجێ
بێ یار و یاوەر
چاوەڕێ.

لە بێدەنگبوونەوە هەڵمی تاریکی
لە وتنەوە بۆنی ڕووناکی.

تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە؟
لەو دیو خۆتەوە: وێرانە
شوێن هیچ جێیەک و
زەمان ئەفسانە.

هۆ خاڵۆی ونری
بەرەو کوێ؟
خودا چۆرێک ڕووناکییە
لە نێو دڵدا
یان لە هیچ جێ.

هەواڵنامەی کتێب

# II

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بێ هیوا چۆن بژیم

هەوارنامەی کتێب

## I

بێ هیوا چۆن بژیم!
بێ ئاسمانی ئەشقت چۆن بفڕم!
تۆ نەبیت
فێرم کە چۆن دڵم هەڵبگرم!

## II

لە دوای تۆ
ئەم دڵە شکاوەم وەک چرای بەر زریان
دەخەمە سەر دەستم
لە یەکەم ڕێکەوتدا
هەر کەسێک بێتە ڕێم
پیر یان جوان
دڵمی پێ دەبەخشم،
گرنگ نییە هەر کەس بێت
گرنگ نییە،
تۆ نەبیت
من دڵم بۆ چییە؟

هەواڵنامەی کتێب

## III

هەواڵنامەی کتێب

تۆ نەبیت رۆح سارا
رۆح تەنیا
لە گەرمەی سوتانیا
دامرکاو
بەخۆیدا رۆدەچێت.
رۆح نەبێت
سەرداری رۆح نەبێت، کە خۆتی
من جەستەم بۆ چییە؟

## IV

هەواڵنامەی کتێب

لە دوای تۆ
گرنگ نییە گەر جەستەم باخێک بێت
ڕووناکی و گوڵ بگرێت،
یان جەستەم خاکێکی وێران بێت
تەرمێک بێت ئاو بیبات
سەگ بیخوات
گرنگ نییە
تۆ نەبێت
من جەستەم بۆ چییە؟
لەدوای تۆ
هیچ شتێک گرنگ نییە.

## V

هەواڵنامەی کتێب

تۆ نەبیت
چیمداوە لەم ناوە
دەڕۆم و
ئەم شارە جێ دێڵم
شار بێ تۆ چۆڵستان
شەوستان.
لە دوای تۆ
بە من چی خێڵخانەی ژنکوژان،
ئاوا بێت
یان وێران؟

# VI

هەواڵنامەی کتێب

پێموتی بێتۆیی مردنە
جێهێشتن توندترین شێوازی کوشتنە.
لەسەرخۆ گوڵە گیان، لەسەرخۆ!
کوشتنیش بەهانەی خۆی هەیە
کوشتنیش رێسای خۆی،
وادەی خۆی
ئێتیکی خۆی هەیە
وریابە گیانەکەم، وریابە!
ئەم گەمەی کوشتنە ژانی خۆی
کۆتایی خۆی هەیە.

# VII

هەواڵنامەی کتێب

لە دوای تۆ
ستایلی ژیانم دەگۆڕم
ناوی خۆم
ئاینم
زمانم دەگۆڕم.
چەند سەختە لە دوای تۆ
دەبێت خۆم بە دنیای بیتۆیی رابێنم
دەبێت خۆم، بەبێ تۆ
ژیانم رایی کەم
خۆم شوێن و
زەمانی مردنم دیاری کەم.

## VIII

له دوای تۆ
له جوانی دەڕەنجێم
له شیعر دەتۆرێم
شاعیرانه دەمرم
شاعیرانه دەژیم و
قەت شیعر نانووسم
تۆ نەبیت
رۆح وێران
دڵ وێڵ و سەرگەردان
جوانیی چی؟
شیعری چی؟
بۆ شیعر بنووسم گوڵه گیان؟

هەواڵنامەی کتێب

# IX

لە دوای تۆ
لە وڵات زیز دەبم
لە ژیان، لە خۆشم دەڕەنجێم
گرنگ نییە چۆن دەژیم
گرنگ نییە چۆن دەمرم
وەک پیاوێکی ونڕێ
بەرەو کام جێی دوور و لاچەپە
بێ ئامانج
سەری خۆم هەڵدەگرم
خۆم غەریبی شاران،
خۆم نامۆی زەمانە
تەنیایی دەبێتە وڵاتم
شێتبوونیش دوا پەنا، دوا لانە
وەک میری ئاشقانی دڵشکاو
دەبم بە دێوانە.

## X

هەواڵنامەی کتێب

لە دوای تۆ
چۆن نەمرم؟
فێرم کە تۆ نەبیت
چۆن بژیم؟
چۆن دڵم هەڵبگرم؟

تۆ نەبیت
هیچ شتێک گرنگ نییە
لە دوای تۆ
ژیانم بۆ چییە؟

# ئاوێزانبوون

هەواڵنامەی کتێب

تۆ دەزانیت ئێمە لە کوێین؟
چەند دوور چوین و
بەرەو کوێ باڵمان گرتووە؟
تۆ دەزانیت ئەشق تا کوێ
ئێمەی لەگەڵ خۆی بردووە؟
ئێمە رۆحمان بەیەکتری سپاردووە.

قەت ناپرسم لە کوێ بوویت و
بۆ کوێ دەچیت
لە هەرجێ بیت ئاساییە.
چەند لێم دوور بیت
هەر نزیکیت
دووری چییە؟
گەر بە جەستە لای من نەبیت
لای هەر کەس بیت
گرنگ نییە
هەر تۆ شاد بیت بەرگە دەگرم
جەستە چییە!
ئێمە رۆحمان تا هەتایە
ئاوێزانی یەکترییە.

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

## ئەو کاتانە

ئەو  کاتانەی لە باوەشمایت
وەک کتێبێکی کراوە
لەناو دەستمایت
یان لەژێر بارانەماچدا
بە رووتی راکشاویت
بیرت دەکەم.

ئەو کاتانە
نە تۆ خۆتیت
نە منیش خۆم؛

منی شپرزە و پەشۆکاو،
تینوو
وەکو نەمامی بەر هەتاو.
تۆش ئارام وێنەی رووناکی
کپ وەکو پەلکەزێڕینە و
روون وەک ئاو.

هەواڵنامەی کتێب

# باخی رووناکی

لەسەر چرپاکە بە رووتی راکشاویت
چاوخەواڵوو
روخسار ئارام
خۆرەتاوی بەیان بەدەم سەماوە
دایپۆشیویت
من دەتشێلم
ماچبارانت دەکەم و
وەک هەموو جارێ دەتشێلم.

هەواڵنامەی کتێب

تۆ راکشاو
منیش بەدەم شێلانەوە
لەناو بێدەنگیدا بە پەنجەم
جەستەت دەدوێنم.
جەستەت باخی رووناکییە و
لەناو دەستمدا
بەر دەگرێ
جوانی وەک خونچەی سەرسورماو
لەسەر جەستەت دەپشکوێت و
شێوە دەگرێ.

# شەوی یەڵدا

**شەوی یەڵدایە، یا دەیجوورە ئەمشەو**
**کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو**
**نالی**

هەواڵنامەی کتێب

شەوی یەڵدا شەوی ئەشق و چاوەڕوانی
شەوی شیعر
شەوی رامان
شەوی سەردارەکەی رۆح و
شەوی دەرکەوتنی جوانی.

❊ ❊ ❊

ئەگەر ئێستا لەم شەوەدا
گوڵەباخەکەی شار لێرە بووایە
من دەبوومەوە بە منداڵ
شەڕەئاو و چاوشارکێم لەگەڵ دەکرد
دەمەوئێواران لە پێچی کۆڵاندا
هەتا "ئاوی پێم دادەهات"(*) بۆی دەوەستام
بە نیازی ئێوارەباشێک
بە هیوای ماچێک دەوەستام و دەوەستام
بەدەم ترس و دڵەخورپێ و لەرزینەوە
لەبەردەمیدا لاڵ دەبووم
دەشڵەژام و
بێدەنگانە
دادەگیرسام.

*　　*　　*

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر ئێستا
چاوجوانی شار لێرە بووایە
من زۆربای کوردستانی بووم
ئاشقێکی هەمیشەیی و
ڕێبواری ڕێگای جوانی بووم.
من ئەمشەو خۆم بە میری ئاشقان دەزانی
ژیانی خۆم وەک چەپکەگوڵ
دەخستە ناو دەستەکانی
تا بەیانی ماچباران و
شیعربارانم دەکرد و
سەد جار دەبووم بە قوربانی.

❊ ❊ ❊

ئەگەر ئێستا
شاجوانەکەی شەوی یەڵدا لێرە بوایە
من دەمتوانی بەرگە بگرم؛
بەرگەی تەنیایی و نامۆبوون
تەنانەت بەرگەی مردنیش بگرم
هەتا ماوم
دڵ پڕهیوا گۆرانیی ئاشقانە بچڕم.
من دەمتوانی لە شەوێکدا
یان تەنانەت لە خەونێکدا
ژیان گوڵئاسا بچێنم
بێ باک، بێ خەم
دیدە پڕ نوور
لە تاریکیدا ببینم.

*　*　*

هەولێرنامەی کتێب

ئەگەر ئێستا
لە شەوی شیعر و رامان و جوانیدا
سەرداری رۆحە شەیداکەم لێرە بووایە
ترسی شێتبوون
ترسی ونبوون و
ئاوابوون
هەراسانیان نەدەکردم؛
ونبوون چییە!
سەرداری دڵە شەیداکەم ونبوون چییە!
من لەناو تۆدا ون دەبم
شێتبوون، یان ئاوابوون چییە!
من لە خۆشیی تۆ شێت دەبم
ئاوێتەی ئەشقی تۆ دەبم.

* * *

هەواڵنامەی کتێب

خۆزگە ئێستا
سەرداری دڵە شەیداکەم
سەرداری ڕۆحە تەنیاکەم لێرە بووایە
خۆزگە ئێستا لێرە بووایە..
خۆزگە ئێستا

هەواڵنامەی کتێب

# لە ژیان درێژتر

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# له ژیان درێژتر

من وەکو زایەڵە بەڕێوە بۆشایی دەپۆشم
بە خۆمدا، بە خەونی تاوێردا ڕۆدەچم.
دەخوازم وەک چۆرێک رووناکیی شڵەژاو
شێوازی خۆم بگرم.
روخسارم رەنگپەڕیو، دەبێتە ئاوێنەی تەمگرتووی
دووراییی
دڵیشم دەپێویت ڕێی ژیان، بە پێوان (*).

هەواڵنامەی کتێب

تۆ لە کوێیت تا دڵم هەڵبگریت!
نیگاری فەزاکەم بکێشیت
بە ریتمت کەوتنم رابگریت!

زەمانم وەک روبار بێ مەبەست رێ دەکات
لە بەردەم سارادا پەرت دەبێت,
دەگۆڕدرێت بە رەنگ و سێبەر و خەونەگوڵ,
دەبێتە دووڕیانی وتن و بێدەنگی.

هەواڵنامەی کتێب

شەوگاری پەیڤینە بێدەنگی دەدوێنم
کە ورشەی راستییە
بێدەنگی چرایە
بێدەنگی خۆی باخی مەجازو مانایە.

بەڕێوە...
زەمانم لەگەڵم رێ دەکات.
لە سیمای خوناودا وێنەی خۆم دەبینم؛
بەشێکم وەک باڵی وەریوی پەپوولە بۆ نیشان،
بۆ گەمەی رێکەوت جێماوە.
بەشەکەی دیکەشم بەنێو نادیاریدا
دوای مانا و چارەنووس کەوتووە

ڕێگایەک لە ژیان درێژتر
بەڕێوە
زەمانی پەرتێنم وەک دڵم هەڵدەگرم
دەمەوێت وەک تاڵێک ڕووناکیی شپرزە
دوا مەودای خۆم ببڕم.

هەواڵنامەی کتێب

# پەنجەرەیەک والا

پەنجەرەیەک بە رووی ساراو  شەودا والا
شوێن بە چرپە حیکایەتی پیربوونی خۆی دەگێڕێتەوە.
تۆیش لە چاوەڕوانیی هیچدا یاری بە تاریکی دەکەیت
وەک بتەوێت شەو و باڵندەکانی بشەڵەژێنیت
یان تاریکی بکەیتە داوێک داهاتووی پێ بگریت.

هەواڵنامەی کتێب

له تارکییەوە هەڵمێک هەڵدەستێت،
له داچۆڕانی رووناکییەوە بۆنگولاو
شـەویش بـە چرایـەکی شـینەوە ئێشـک لـە ژیـان دەگریت.
رەنگە رێگاکان بە هیچ جێیەک نەگەن
کەچی بەهانەی کۆچ هەر دەمێنێت؛
وەچەی تارمایی هەمیشە بەرێوەن.
باڵندەی کۆچەری رووناکی هەڵدەگرن
بە چڕین زەمانیان
بە فڕین فەزایان دادەهێنن.

پەنجەرەیەک بەسەر دووریدا واڵا
شوێن پاڵی بە ئەبەدییەتەوە داوە,
تۆیش هێشتا بێدەنگییت پۆشیوە،
دەتەوێت بە کپبوون
پەیڤین شکۆدار بکەیت.
دەست بەو گەڵایانەدا دێنیت
کە رەنگی ئۆکتۆبەریان گۆڕیوە.

چۆڵاییەک لەنێو بازنەی کاتدا
کە بۆ گەمژەیی رێکەوت جێماوە.
پەرێزێکی شین لە نێوانی شەو و رۆژدا
کە نە هۆگری دەبین, نە دەتوانین لێی راکەین.

هەواڵنامەی کتێب

زەمان هەستێکە لە خۆتدا
شوێن لە تۆوە تا ئەبەدییەت,
راستییش وەک تاڵێک رووناکی
لە نێو خۆتدا.

هەواڵنامەی کتێب

# ژوانگە

بە شێوازێکی دی و
ڕەنگێکی وەنەوشەویی کاڵترەوە دێت
وێنەی سێبەری نەناسێک بەسەرمدا دەنوشتێتەوە.
شوێن مێرگێکە لە ئاسۆوە تا قووڵایی کات
منیش نیوە لێڵ، نیوە ڕوون
بۆ خۆم دەگەڕێم
لە جیاوازیدا لێکچوون دەبینم.
دەست لە ژیان دەدەم و جوانی دەدوێنم
پەیڤەکان زایەڵەئاسا لە بۆشاییدا وێڵ دەبن.

هەواڵنامەی کتێب

پەرتێنبوونی زەمان جوانی لاڵ و
راستی بە خۆنامۆ دەکات.

غەریبێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان من بوو
وەکو سێبەری تەماوی دادەپۆشێت و
وون دەبێت.
غەریبێک وون دەبێت تا پێک بگەینەوە؛
ڕەنگە لە رووناکستانێکدا
کە جوانی ئامانجی وتن بێت
یان لە جێیەکی ئەو دیو کات و شوێن
کە شیاوی ژوانی منداڵی
یان ماڵی مەحاڵ بێت.

هەواڵنامەی کتێب

## لەگەڵ زەماندا

کەواڵنامەی کتێب

دەڵێی زەمان لە تەنیایی خۆی رادەکات
پەیڤین لە مانا
تۆ لە خۆت
ژیانیش لە چاوەڕوانیدا
رووتبوونی خۆی دەخوێنێتەوە.

ڕەنگەکان  لەبەر زەماندا وەکو سیمات کاڵ دەبنەوە
تۆ دەست لە ڕابردوو دەدەیت
کــە وێنــەی سڕەپشــکۆیەک لــە ژێــر خۆڵەمێشــدا
نووستووە
بە ئێستادا هەڵدەڕوانیت
کە چۆڵە وەک ڕێگای مەحاڵ؛
ساتەکان لە لێکچوونیاندا دەڵێی یەکساتن
شوێنیش فەزایەکی بەتاڵ.

نە لە مردنە ترسانت، نە لە ژیان
بەڵکو لە زەمان.

تەنیا ڕەنگێک
لە بێدەنگیدا چیرۆکی هەمووان دەگێڕێتەوە
تەنیا دەنگێک
لە تاریکیدا وەک چەقۆ دەبریسکێتەوە.

لەگەڵ ڕۆژگاردا هەر شتێک بیر دەچێتەوە
لەگەڵ ڕۆژگاردا هیچ شتێک بیر ناچێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# چوون

لەگەڵ خەمی خۆیاندا هەڵیان گرتوویت
ڕۆژەکان
ساتی زیوینی وەک شەونم
بە هەر کوێدا دەپرژێن و
وون دەبن
شوێنیش لە بێسنووریدا
تەنگ وەک زیندان.

ڕێگایەکی یەکسەرەیە؛
بازنەئاسا سەرەتا و کۆتایی
ئاوێزان
جوانی بێناز و
هەقیقەت لە کۆڵانێکی داخراودا
سەگەردان.

هەواڵنامەی کتێب

## گەڕان

بوومەلێڵە و
تەمێک بە ناو کۆڵاندا ڕەت دەبێت
بە ترۆپکی دارانەوە دەگیرسێتەوە.
تۆیش هەر خۆتی
وەک هەمیشە بەڕێوەیت؛
بە ناو شوێندا
کە بۆنی تابووتێکی نماویی گرتووە.
بەرەو خۆت بەڕێوەیت
کە دەڵێی لە شوێنێکی دوور ونت کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

به تۆ چی کە بەفری زستان
ژیانی سەرسپێتی خستبێت
کە ڕۆژان وەک مێرگی بینین واڵا
لە ناویا ڕەنگەکان ئارامو درەخشان.

– (تۆ نامۆیی هەڵدەکۆڵیت نەک خاک
بە هیچ و هیچ دەگەیت نەک ئاو).

لەبەر تینی زەماندا هەر شتێک کاڵ دەبێتەوە
مردن نەبێت؛
نە دەتەوێت بە مانەوەت بڕوا بێنیت
نە دەتوانیت بە هەمان ڕێدا بڕۆیتەوە.

## بۆ تەنیایی

دەڵێی ژوانێکە لەگەڵ ئازادی: ساتی تەنیایی
پردی نێوانی روونی و تاریکی
یان ورشەی کاتو شوێنە تەنیایی.

ریگاکان واڵا, شەو تریفەپۆش
منیش بەڕێوەم بە تەناییدا

دارستانێکی تاریک لە سەرڕێ
مانگ بۆم دەڕوانیو
ئاسۆ چاوەڕێ.

هەواڵنامەی کتێب

لە ناو ئاوێنەی روونی تەنیایی من خۆم دەبینم؛
هەقیقەتێکم ئاوێتەی گومان
جەستەم خاڵێکی شینی کوتراوە لە سەر تاریکی
گیانم دلۆپێک لە دەریای زەمان.

دەڵێی چارەنووس پێشم کەوتووە
بە تەنیاییدا بەرەو خۆم دەچم
شەو بۆم دەڕوانێت.
من نیم بە کپی لەگەڵ خۆی دەدوێت
من نیم گۆرانیی تەنیایی دەچڕێت
بەڵکە تەنیایی دەمخوێنێتەوە
من لە حزووردا چۆڕێک رووناکیم
شەویش بە ورشەم دەدرەوشێتەوە.

من دلۆپێکم لە دەریای زەمان
هەقیقەتێکم ئاوێتەی گومان.

هەواڵنامەی کتێب

# له ڕۆخی دارستانەکەدا

## I

هەواڵنامەی کتێب

له ڕۆخی دارستانەکەدا
بە ئاگا هاتمەوە؛
گۆرانییەکانم بە ناو غوباردا پەرتێن و
سێبەرەکەم وەکو بەرماڵ
لە سەر گولاوێکی نوستووە
بەجێ مابوو.

من لە بێدارییدا تەنیا بووم
وێنەی ئاگرێکی تاریک داگیرسابووم.

## II

شەو بیابانئاسا چۆڵەوارێکی نابۆوە
باران  جەستەی تاریکیی دەشوشتەوە
منیش تەنیا بەنێو شەودا
جەستەی خۆمم  هەڵگرتبوو
لە چاوەڕوانیی مەحاڵدا
خۆڵەمێشی خۆم بۆ باران ڕاگرتبوو.

شەو شێوەی تەنیاییو غوربەتی گرتبوو
لەو ساتەدا هەموو شتێک لە من دەچوو.

هەرزانامەی کتێب

## III

هەر دەبوو بەو دەمامکە خۆڵەمێشییەوە خۆم ببینم
کە وەک ئاگرێکی تاریک دەسووتام
هەست بەو بۆشاییە بازنەییە بکەم
کە لە بێئاگاییمدا گەمارۆی دابووم.
دەبوو بە سەرگەردانیی گیان و
کەنەفتەیی جەستە و
تەنیایی خۆم باوەڕ بێنم.

من بەندبووم لە نێو شوێنی زەماندا
ئازادبووم لە بۆشاییدا.

هەواڵنامەی پێنج

## IV

لە تەنیاییدا ئاژاوەیەکم لە نێو خۆمدا نابۆوە؛
بێزار لە بێزاری
بێزار لە خۆشباوەڕی
چاوم بۆ دەستی تەزیوم دەگێڕا
کە لە تاریکایی دارستانەکەدا ون بوو بوون
بەخۆمدا دەڕوانی
کە پەیکەرێک بووم لە واهیمە و کریستاڵ.

من هاودەمی بێداربوون بووم
نیشانەی سەرەتاو کۆتابوون بووم.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## V

لە رۆخی دارستانەکەدا بە ئاگا هاتمەوە؛
من خۆم بووم و خۆیشم نەبووم
هەر لەوێ
هەموو شتێکم بینی
کاتێک لە تاکبوونەوەمدا
خۆم ئاوێنەی خۆم بووم.

هەواڵنامەی کتێب

# ڕووت لە بەرامبەری خۆتدا

هەواڵنامەی کتێب

ڕووت لە بەرامبەری خۆتدا
ڕوخساری تریفەگرتووت ئاوێنەی تەنیایی
جەستەت کاتێک شەپۆلی زەمان هەڵدەبڕێت
ئەلبوومی ڕەنگە پایزییەکان
هەنگاوەکانت لە نێو وێرانەی شوێندا
ڕووەو دووریین
نیگای شپرزەت وێڵی قووڵایی.

ڕەگەکان لە تاریکیدا گەورە دەبن
تۆش لە تەنیاییدا.

ساتەکان بەلاتدا دەڕۆن و دەزانی
عومری تۆ کاتێکە لە وەهم, دەزانی
لە نەبوون دەڤەرێک بۆ خەون چێدەکەیت
لە پەیڤ زەمانێک بۆ جوانی.

ئاسمان بە قوولایی خۆیدا ڕۆدەچێت
تۆش لەبەر شەوقی زیوینی مانگەشەودا
بە ناخی خۆتدا.

تینوو وەکو لاسکەگیایەک
کە بە ڕووناکی خۆی دەشوا و تینووتر دەبێت,
خەوبینەر وێنەی گەلایەک
کە بێباک لە چارەنووسی خۆی
بەرەو ژوانی پایز دەچێت.

ڕووت لە بەردەم هەقیقەتدا
تەنیا و خەندان لە ژوانی ئەبەدییەتدا.

هەولێرنامەی کتێب

# تابلۆیەک

هەواڵنامەی کتێب

بەردەکان لەبەر باراندا نووستوون
شار لە نێو شووره بەرزەکانیدا.

من بە نێو ورشەیەکی فێنکدا
بەرەو ماڵ دەگەڕێمەوە
پێم بە تاریکیدا ڕۆدەچێت
بۆشایی بێدار دەکاتەوە
شوێنەوارێک لە سەر جادە خەڵوزییەکە جێدێڵێت
گەواهی ونبوونە.

شەو بە درەوشانەوە
نیگاری خۆی دەکێشێت
منیش بە زایەڵەی پەیڤ
تابلۆی بێدەنگی.

شار نوستوو لەبەر باراندا
ئارام لە نێو درەوشانەوەی شەودا
درەختێکی تەنیاش لە رۆخی جادەوە
بۆم دەڕوانێت
گوێم لێیە بە چرپە لەگەڵ خۆی دەدوێت
هەست دەکەم بیر لە تەنیایی
درێژترین شەو دەکاتەوە.

هەوالنامەی کتێب

# بێ گەڕانەوە، چوون

هەواڵنامەی کتێب

بە چوونی بێباکانەیان
چۆڵەوارێکی بێ سنوور دەنێنەوە شتەکان
دەڕۆن ئێمەش وێنەی لانەوازانی شەڕ
تەنیاو سەرگەردان
بەدیار وێرانەوە
بەدیار یادگار و نەهاتەوە
جێ دەمێنین.

بێ ماڵئاوایی
بێ گەڕانەوە دەڕۆن و بۆشاییەک
لە نێوانی ئێمە و بووندا دەخەنەوە؛
ڕۆژەکان: یادگارگەلێک کە بەندی زەمانمان دەکەن.
پاییز: گەڵای پواوی سەر ڕێگاوبان
ئەڤین: پەشیمانی و ژان
تەمەنیش: خۆڵەمێشی گوناهەکانو
تەڵخەسێبەرێ
کە غرووری لاوانە و جوانیی خۆی بیرچۆتەوە
خەوبینەرانە
بۆ سیمای ونبووی دەگەڕێ.

# ڕێنیشاندەر

هەواڵنامەی کتێب

ڕێکەوت یاری بە چارەنووس دەکات
منیش وەک دڵۆپە شەونمێک چاوەڕێ
لە ڕەنگە شڵەژاوەکان رادەمێنم و
بۆ ریشاڵەکانی سەرەتا چاو دەگێڕم, لە هەر کوێ
جێمان.
لە خۆم دەپرسم:
بە چ پێشبینییەکەوە دەچیتە ژوان ؟

هەواڵنامەی کتێب

له خۆم دەپرسم:
ئەو غوربەت و لاسارییه له کوێوه دێن
ئەودەمەی
داهاتوو له سەر رێی یەقین چاوەڕێ.
سیمای سەرابیی پەیڤ ئاوێنه بێ
رێکەوت: قەدەر
مردن ئاشناترین هاوەڵ بێ
ژیان: رێنیشاندەر ؟

## بەرەو دووریی

بە یەکەوە سەر هەڵگرتن،
لە ڕێکەوتدا
هاوچارەنووس و هاوئاسۆ
لە ئاوێنەدا پێک نامۆ.

بە تەنیاییدا ڕاکردن
وەک سوارێکی تریفەپۆش،
ژیانهەڵگر
تا ساتی بەخۆگەیشتن.

هەواڵنامەی کتێب

رووبارئاسا خوڕ و ڕەوان
بەرەو دووری .. بەرەو دووریی
ڕەگئاسا هێمن و تینوو
رووە و دۆزینی قووڵایی.

هەواڵنامەی کتێب

# سەفەر

## I

ئەوەندە دوور کەوتوویتەوە
هەرگیز ناگەیتەوە سەرەتا:
دەستەکانت لە نێو تەڵخەرووناکیدا دەلەرزن
تۆ هیچ ناڵێییت
پێدەچێت گوێت نابێت بە ترپەی دڵتەوە.

نامۆبوون گەمارۆی داویت
دەمامکەکان لە هەر لاوە
وەک ڕەشایی جادەکە دەدرەوشێنەوە
جوانییش بە دیار پیربوونەوە
داماوە.

هەواڵنامەی کتێب

## II

هەواڵنامەی کتێب

شەپۆلەکان شوێنجەستەت لە سەر کەنار
دەسڕنەوە
تۆیش لە ژێر گومەزی شینی ئاسماندا
ئاوێنەیەکی درزبردووت رووەو دووریی راگرتووە
کەچی تەنیا
زایەڵەی خۆت دەبیستییەوە.
دەڵێی شوێن سەرئاو کەوتووە
روخسارەکانیش سەرترس.

# III

هەواڵنامەی کتێب

رەنگەکان شتێک دەدوێنن
وەک بیانەوێت ئێوارە رابگرن
بەڵام کوا تۆ جارێکی دی
بەرگەی باوەڕهێنان دەگریت!
تۆ دەتەوێت
لە هەر شتێکدا شێوەی خۆت ببینیت؛
تۆ پێتوایە مێژوو مۆزەخانەی خورافاتە
زەمان خۆتو
ژیان خۆتیت
لە ئازادیدا وڕێنە
لە وڕێنەشدا ئازادی دەبینیت!

## IV

هەواڵنامەی کتێب

چاوەڕوانی ونبوونە, یان جۆرێکە لە کۆیلایەتی
کەچی نە سەرەتا دیارە نە کۆتایی
کەواتە ئاوێنەکان درزبردوو نین.

رووت لە سەر رێی بێ کۆتایی
رووبەڕووی خۆت راوەستاویت؛
سەفەرێک لە تەمەن درێژتر
بەڵام زەمان دەبینێت.

# بەرەو کوێمان دەبات زەمان ؟

کتێبخانەی هەواڵنامە

پەیڤەکان خۆیان دەنووسنەوە
ئێمەش خۆمان.

بەرەو کوێمان دەبات زەمان ؟
ئێمە دەتوانین بپرسین
کەچی هیچ ناڵێین
وەکو بێمانا بێت پەیڤین.

بەرێگاوە شوێن هەڵدەبڕین
تا راستی ببینین: چڕبوونەوەی بۆشایی
ئەبەدییەت ببینین کە وێنەیەکی خۆمانە.

بەرەو کوێمان دەبات زەمان ؟
نە بۆ مردن کاتمان هەیە
نە بۆ ژیان.

هەواڵنامەی کتێب

# هەڵبژاردن

هەواڵنامەی کتێب

بیرت نایە چۆن ڕێت کەوتە ئەم دەڤەرە
تەمی زەمان هەر شتێکی داپۆشیوە
تروسکەیەک هیوا نەبێت.
خەونی مەزن ژانی گەورەی بەدواوەیە
لەوانەیە
تا ڕۆخی شێتبوونت بەرێت.

تۆ بە خۆتدا
بە هەر چوارلادا دەڕوانی
ژیان بۆ داهاتوو والآ
دەورووبەرت بۆ تەنیاییو
رۆژانت بۆ چاوەڕوانی.

پێتوابوو جوانی لێرە بێت
پەیڤەکان زایەڵەی راستی و
راستی رێگای ئازادی بێت.

ئازادی: ویستی ئازادو هەڵبژاردنە؛
دەشێت تەنیایی دووڕیان بێت
بەرەو وێڵبوون یان خۆناسین
ژیانیش هەڵەمووتێک بێت
بۆ هەڵدێران، یان هەڵفڕین.

# روونبوونەوە

2001

هەواڵنامەی کتێب

# I

# سێرمۆنی

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ...

ئێوە ئەوانتان نەکوشت، بەڵکو خوا ئەوانی کوشت.

**قورئان**

**سورەی ئەنفال، ئایەی حەڤدەیەم**

***

بەڵام خوایەکان ناپەیڤن
ئەوان دەخولقێنن و لەناو دەبەن
کەچی مرۆڤ دەپەیڤێ
خوایەکان بەبێ ئاخاوتن
یاریی سامناکی خۆیان دەکەن.

**ئۆکتاڤیۆ پاز**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

هەوڵنامەی کتێب

## سێرمۆنی

لە خۆڵو بۆنی بخوور جەستەم دەتەکێنم و
بەبێ ماڵئاوایی ئێرە جێ دەهێڵم.
لە تینوویێتی رادەمێنم کەشکۆی داوە بە ئاو,
سێبەر بە رەنگ
بەردیش بە راچەنینێک
تاریکی لەبەرخۆی دادەماڵێت.

هیچ ستایشێک نەماوە نەبیسترا بێت
کەچی ناوت دەنێم جوانی
کاتێک بە خەون ئاشنام دەکەیت
کاتێک وەک بەهار باڵندە کۆچکەرییەکان دێنیتەوە
ناوت دەنێم توانا
کاتێک بە پێشبینی نیگاری ئایندەم دەکێشیت.

من شەوەکانم وەک تۆڕ بۆ هیوا ناونەوە
جەستەم لە رووی ئەو بایەدا راگرتووە
کە بەستەڵەک و
تاوێر و دەربەند بێدار دەکاتەوە
وەک مەلیکی بەهارنشین وەرزە تاقانەکەم
نیشتمانمە.
لە شێتبوون رادەمێنم کە بە درەوشانەوەی:
رووناکی،
بە بێباکی: سێبووری و توانام پێدەبەخشێت.

هیچ ستایشێک نەماوە نەوترابێت.
شەفەق زێڕئاسا بە تەواوی تواناوە دەدرەوشێتەوە
تیشک لەسەر جەستەی گەڵا
تا قووڵایی سەوزایی دەخلیسکێت
ڕێگا گوڵڕێژەکان بە تاسەوە چاوەڕێن
میراتگرانی ئەفسانەیش لەژێر کەوانە ئاگردا
یاری بە شێواز دەکەن
زەمان بە شمشێر دەپێون
سەروەری بە تەرم و
توانا بە ستایش.

هەواڵنامەی کتێب

هۆ کاژەڵاکە ڕەنگپەڕیو و راماوەکە
خەمی هیچت نەبێت
بڕوانە!
شەنگەرۆژەکان بەنێو رایەڵەگەردا بۆت دەڕوانن
جەستەی هەوەسبازی شۆڕەکەنیزەکانت هێشتا
بۆنی هەتاو و مێخەک و دەریایان بەرنەداوە.
مەگەر ئەمانە بەس نین؟

بڕوانە!
چ سێرمۆنییەکی پڕ شکۆیە
نەوەکانت, بەگزادەکانی پێشکاری بۆ ستایشت
بەرد دێننە پەیڤین
مەگەر ئەمانە بەس نین؟
ئەم پێشوازییە بێوێنەیە
هەیبەتی ئاپۆرەی ئەم خەڵکە هەدانەدەرە
کە وەک دەریا شەپۆل دەدات
بە تەکانێکی خۆڕسکی وێنەیەکی چوارگۆشەیی
بە شەقام و شێوازێکی قۆقزی بە دیمەنی شار
دەبەخشێت.

مەگەر ئەم سێرمۆنییە ئەفسانەییە بەس نییە!
کە هەموو توخمەکان, بەدەم ئاگربازی و
زەرگبازییەوە
یەکسانانە
بۆ ناو تەکیەی سەرەتا دەباتەوە.

بڕوانە!

بڕوانە!

هەر ڕوومەتێک کالانی زەرگێکە

هەر زارێک کولانەی زمانەگڕێک

شەوکوێرانی ناو کۆڵانی تەمگرتوو

بۆن بە مانگەوە دەکەن

کە وەک قەڵغانی سوارە ڕەشپۆشەکانە

لە ستایشی ڕێکەوتدا

چاوەڕێی لێکدابڕانێکی ترن

تا لە پێشوازیی شکۆداری بەربەریستاندا

لە بڵندترین منارەوە

سورەی ئەنفال

بخوێنن.

یان بەدڵێکی نیوە چاوەڕێ، نیوە پرسەدار

گوێ هەڵخەن بۆ پەیڤینی تینووەلمی بە هەتاوبرژاوی

بیابان، کە بۆنی جەستەی گرتووە.

بە جەستەی شەکەت و بخوورگرتوومەوە
پشت لەم سێرمۆنییە دەکەم
وەک باڵندەیەکی بەهارنشین وەرزە تاقانەکەم
نیشتمانمە
وەک جادوگەرێکی دنیادیدە لەسەر ئاو
ئاگرێک دەکەمەوە
تا لە چاوەڕوانیدا ون نەبم
تا قولینگەکان چڕینیان بیر نەچێتەوە.

کوا ستایشێک ماوە نەوترابێت؟
کوا ستایشێک ماوە نەبیسترابێت؟
بەڵام سڵاو لە فەرامۆشی و بەرگەگرتن
کاتێک هاودەمی کۆیلەکانە.
سڵاو لە رێککەوت
کە ئێوە لە تاوێر خەون دادەتاشن
لە هیچ توانا دادەهێنن
لە چاوەڕوانی: نیا ز و پێشبینی
لە خورافات: سەروەری
وەک هەمیشەش تینوێتیتان
بە تینووێتی دەشکێنن.

هەولێرنامەی کتێب

# بە زرێیەکەوە لە مەعدەنی مێژوو

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژێکی نوێ، واڵا بە ڕووی سەروەریو چڕیندا
درەخشان لە ناو گەمەی پێشوازیو
خورا فاتی شانازیدا
ئاپۆرەیەکی شڵەژاویش لەبەر دەروازەی بە گزنگ
شۆراوی شاردا
چاولەڕێ.

چ ساتێکی پڕ شکۆیە!
کەژاوەکەت پێشەنگی ڕۆژێکی نوێیە و
شار بەدوای خۆیدا کێش دەکات
درەوشانەوەت تارمایی دەهێنێتە دەنگ
به شەوقێکی فێنک ڕەنگەکان پێک ئاشنا
باخچە و هەوا و تاوێر شاگەشکە دەکات
سوارە زرێپۆشەکانیش لە پێشەوەی کەژاوە
غوبارگرەکەتدا
شەفەقیان هەڵگرتووە
بە تیرە گڕدارەکانیان, لە سۆراخی مەحاڵدا
دووریی دەپشکنن.

دەڵێی ڕێکەوت گەمەی قەدەر دووبارە دەکاتەوە؛
ئاپۆرەیەکی چاولەڕێ، پۆل پۆل لە سەرڕێی
پێشوازیت قەتاری بەستووە

وێنەی مێگەلێکی حۆل و حەپەساو
بۆن بە هەواوە دەکات
بۆن بە ڕووناکیی بەیانەوە دەکات
کە سێبەر و غوبار دەورووژێنێت
لەنێو گەردی کەژاوەکەتدا
بۆ داهاتووی خۆی دەگەڕێت.
وێنەکەت قیبلەنومایە و
درەوشانەوەت نووری ئەزەلی.

هەواڵنامەی کتێب

ئیدی ژیان هەرچۆنێک بەسەر چێت
شەو چەند درێژ، رۆژەکان هەر چەشنێک بنوێنن
یـــان وەرزەکـــان هـــەر پێشـــهات و رازێکـــی
سەرسورِهێنەر بێنن
تۆ لە ئەندێشەی کۆگەلدا هەر خۆتیت
شوێنیش بە تۆ ئاشنا و هۆگر
بە تۆ شاناز و درەخشان.
تۆ هەر خۆتیت
خۆراگر وێنەی تاوێرێک لە رووی تەوژمی زریان و
باران و زەماندا
هەیبەتی باوکانەت مانگە لە شەوی هەمووان‌دا.
دەڵێی رۆژانی دووردەستی بە خێرایی تیشک
تۆی بەناو زەماندا بردووە
دەڵێی ژیان شێوە و رەنگی تۆی گرتووە!

* * *

شوێن هەمان شوێن
کە سەرقاڵی پێشوازی و ئاگربازییە
تۆیش هەر خۆتیت
پێشەنگی ئاپۆرەیەکی راساو کە پەرستن
دەپەرستێت.
لە هەرای ئەم سێرمۆنییەدا (کە شانو بازووە
گرژەکان کەژاوەتن)
هەمووومان دەبینیت؛
وەک ئەو رۆژانەی وێنەکەت لە ئاسمانی شاردا
هەڵۆئاسا
لەنگەری گرتبوو
سێبەرەکەت
پەنای هیوا و پێشبینی و
روخساری برۆنزیت:
ئاسۆ بوو.

هەواڵنامەی کتێب

تۆ هەر خۆتیت لە ئەندیشەی مێگەلدا
رەند و مێرخاس بروسکە تاو دەدەی
سیمای مەند و روانینی بە پەرێزت نیگاری حیکمەتن.
خۆتئاسا شاناز دەڕوانی وەک ئەو ساتانەی بە هێما
گەواڵەهەورت رادەگرت
بە زمانی غەیب کە پەیڤەکانی وەک گزنگ و
گوڵەئەستێرە
درەوشاوە بوون
دار و شەماڵ و رووناکیت دەدواند
ئەو پۆلە باڵندانەت دەدواند
کە وێنەی هەورێکی پەمەیی سێبەریان
لەسەر هەڵدابوویت

ئەوسا خۆتئاسا بە گوڵاو و وەهم و بۆنی بخوور
موریدە حاڵ لێهاتووەکانت دەڕشاند
بە ئەزموونی پیرێکی کارامە و غەیبناس
روەو دەربەندی یەقین و کەلی قەدەر
مێگەلئاسا پێشخۆت دەدان.

تۆ هەر خۆتیت
لە خەیاڵی مێگەلدا ئەفسانەئاسا
بەرەو کۆتانەبوون پەل داوێیت
لەسەر زینکۆی ئەسپەکەت داهاتووت هەڵگرتووە
بە ماسکێکەوە لە شەفەق و تەم
لە کۆچێکەوە بۆ کۆچێک, شار و پۆلە باڵندە
دوای خۆت دەخەیت.
بە زرێیەکەوە لە مەعدەنی مێژوو
لە گەمەی قەدەرێکەوە بۆ گەمەی قەدەرێک
بەرەوپیری
ئەبەدییەت دەچیت.

* * *

لە پەراوێزی ئەم رۆژە شڵەژاوەدا کە بۆنی بخوور و
سەروەریی لێدێت
وەچەکانت، بەگژادەی پێشکاری بە هەتاو وێنەکەت
زێرکفت دەکەن.
لە سێرمۆنییەکی شایانەدا
وەفادار بە پەیامەکەت مێژوو ئەتک دەکەن و
هەیبەت بە خورافات دەدەن.
دەستەونەزەر لەبەر تەکیە و بارەگای باوکانەتدا
چاوەڕێی هێمایەکی تۆن تا رەشەبا و
غوبار بوروژێنن
بە خەنجەری باوکایەتییت پەردەی تۆڵە و
کۆنە قین و
یەقین هەڵدەنەوە.

تۆڵە کوێرە
خوێنیش بە خوێن تینوویێتیی خۆی دەشکێنێت
تۆڵە کوێرە و
تەنانەت گۆڕیش هەڵدەداتەوە.

تۆیش هەرخۆتیت، مەند و کەمدوو
بەسەر شانی ئاپۆرەیەکی حۆلەوە
کە هەیبەتی باوکانەت حەیرانی کردووە دەڕوانیت
بە تیلەی چاو رەنگ و شێوازی هەر شتێک دەپێویت
دڕدۆنگانە دەڕوانیت و لەسەر هەر سیمایەک
غایەلە و رازەکانی ناخ دەبینیت.
وەک پیرەشێرێکی ناو قەفەس مۆڕە لە ئازادیی
بەلەسەمان دەکەیت
مۆڕە لە نەوەیەک دەکەیت کە یاری بە یەقین و
تابوو دەکات.
خۆتئاسا لە ناو بازنەی وەهمدا
سەرقاڵی گەمەی جارانی؛
گەمەی هەڵکردن و داگرتنەوەی ئاڵا
لە شەو و رۆژێکدا.

سەرقاڵی ئەو شەڕانەی
کە خەیاڵی کێوییانەت دایان دێنێت
شەڕی پەپوولە و ڕەشەبا
شەڕی ساچمەزەن و ئاسمان
شەڕی خورافات و ڕاستی.
کەچی شەڕی شاردراوەی تۆ شەڕی جاوێدانیی باوکایەتییە
شەڕی پیرۆزی تۆڵەیە
کە خێڵێکی ڕاساو وەک مێگەل بە نێو غوبار و وێرانە و خوێندا تاو دەدات
تا لە پێشبڕکێی پێشکاریدا
بەدەم ڕمبازییەوە تەرم و کاژەڵاکی هەڤاڵان
بکەیتە دیاری و
درێژە بە گەمەی خۆت بدەیت؛
گەمەی (گرتنی پشیلە ڕەشە لە ژوورێکی تاریکدا)*
گەمەی هەڵکردن و
داگرتنەوەی ئاڵا
لە شەو و ڕۆژێکدا!

بەڵام ئێمە چۆن لەگەڵ ڕۆژەکان هەڵکەین
کاتێک ڕەنگی تەرم دەگرن؟
کاتێک تیرەگڕدارەکان لە نێو تاریکیدا
ڕێ ون دەکەن ؟

ئێمە لێرە چی بکەین
کاتێک دەروازەکان بە سەر دووریدا دەکرێنەوە
تیرە و خێڵ و نەتەوەکان بەناو سەروەریی وێرانە و عەدەمدا
سەرهەڵدەگرن ؟

* * *

ئێوارە بە خێرایی بەسەر شاردا دەکشێت.
شوێن هەمان شوێن
ئێمەیش تەنیا و حەپەساو
دەبێ ئێرە بۆ ئاپۆرەیەکی دەستبەتاڵ چۆڵ بکەین
کە مەستی تۆڵەیە
ئاپۆرەیەک
کە چەلەنگانە لە رووی ئاسماندا وەک داوەڵ
رات دەگرێت
دەخوازێت
لە زەمانێکەوە بە زەمانێکی دی
لە جێنزرگەیەکەوە بە جێنزرگەیەکی دیت بسپێرێت.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

هەر خۆت لەم رازە مەزنە سەردەردەکەیت
دەتوانیت بە چاوی دوورناسێک پێشبینیی
چارەنووس بکەیت
عاقیبەتی وەچەکانت ببینیت
کە هەوەسی تۆڵە و دەسەڵات
مەستی کردوون
کە لە گەمەکانتدا حیکمەت دەبینن
لە شەوقی خەنجەرەکەتدا داهاتوو
لە نێرایەتیتدا سەروەری و
لە تەرمەکەتدا ژیان.

هەر خۆت دەتوانیت مێژوویەک بۆ ئەم مێگەلە
تادارە دابێنیت
کە پاڵی داوە بە کەوتنەوە
کە بە ستاییش شەفەق دەتەنێت
بە وڕێنەکانت ئاسمان.
ناوێک لەو ئازادییە بنێیت کە بە ئەرک و بۆشایی
ژیانی کردووین بە زیندان.
خۆت دەتوانیت بە حیکمەتی دوورناسێک
ئەنجامی گەمەی قەدەر ببینیت
کاتێک تەرمێک بە زرێیەکەوە لە مەعدەنی مێژوو
دەکاتە سیمبولی ژیان.

## کۆچێکی دی

هەواڵنامەی کتێب

وەک کۆچێکی ناکاوی دی بەرێوە بێت
یان چارەنووس چاوەڕێ؛
شوپۆلەکان دورگەکە وەک کەشتی رادەژێنن
مانگ خەواڵوو بەنێو هەورەکاندا دەخشێت
دارەکان بێدار و
ڕەنگەکان لە تێکچڕژاندا لێکچوو
ڕێگا چۆڵەکانیش لە تەرم سامناکتر
لە پرسە خەمناکتر.

جەستەکان لە کۆتەرە دەچن
روخسارە بێ رواڵەتەکان لە بەرد
وەک هەمیشەیش دەسەڵات درەخشان
هەقیقەت خامۆش.

رەنگە ئەمە شێتییەتی بێت
یان پێویستی
کەچی کەس ناپرسێت بۆچی لەو دەریایە بدەین
کاتێک جەستەمان لە کەناردا جێ بمێنێت.
کەس ناپرسێت مەبەست لەو ئازادییە چییە!
بۆ تۆیش کە ناتەوێت دوو باڵ لە (ئافرۆدیتێ)*
بخوازیت
ئاسان نییە بڕوابێنیت:
شوێن وێران و
زەمان لە راکردنیدا کوێر.

هەواڵنامەی کتێب

# زێوان

دەڵێی فڕین لاسایی تیشک دەکاتەوە
رۆژ لە ستایشی پێشبینیدا لە یەقین دڵنیا
رووناکی لە رووی ئەبەدییەتدا حەیران.
گەواڵەکان وەک باڵندە یاری بە زەردەی هەتاو و
(با) دەکەن
هەیبەتێکی ئەفسانەیی دەدەن بە فڕین
رەنگ و بۆنی نوێ بەسروشت
تەڵخییش بەو سێبەرانەی کە بۆرمان دەکەن.
گەواڵەکان سیمای رۆژەکە بە رەنگی کبریت و
تینوویتی دەڕەنگێنن.
ئاسمان بە قووڵایی خۆیدا دەچێت
تینوێتیش بە تینوێتیدا
دەڵێی مردن لاسایی تیشک دەکاتەوە.

* * *

هەواڵنامەی کتێب

تا دێت هەوا ساردتر دەبێت
خۆر لەودیو دیواری خۆڵینی ئاسۆوە نوستووە
ئێمەیش لە سێرمۆنی تاکبوونەوەدا غەیب دەدوێنین
لە کۆمەرگی لە ناکاوی باڵندە تۆقیوەکان رادەمێنین
بەدەم شڵەژانەوە بێ هودە
بەگژ هیچدا دەچین
هەردوو چنگمان پڕدەکەین لەو لمە تینووەی
کە لە سەر بۆنی شێداری روبار بەگژماندا دێت.
بێئومێدانە چاو بۆ سیمای خوا دەگێڕین
کە مانگئاسا نیمچە کەوانەیی و
بێ ئادگارە.

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر شێوازێکی خێراتر بۆ مردن داهێندراوە
پێشانمان بدەن!
دەنا ئێمە چ کارێکمان بەم ئاگردانە تەزیوانەیە
که رەشەبایان بە گژدا کردووین!
بۆچی لەژێر ئەم کەوانە خۆڵەمێشییە زەردباوەدا
توانست و رووتبوون بڕازێنینەوە؟
یان لەپاڵ تارمایی لەرزۆکماندا
سەروەریی یەقین بنووسینەوە؟

هەڵەی تۆ بوو ئەی چاوەڕوانی!
کە سەرقاڵی گۆڕەبۆشەکان و
ژماردنی تەرمەکانت کردین
تۆیش ئەی ژیان! بێئاگا راتهێناین
بە شکۆی ئەفسانە
بە مێژوویەک
کە سەرەڕمی چەتەکان لەسەر لوتکەی چۆڵەوانی
زیکر و زەرگی دەروێشان لە سەر شوورەی بڵندی
شاران هەڵیان کۆڵی
راتهێناین بە سەروەری
کە ئاوێنەی درۆیەک بوو مردووەکان لە ئاهەنگی
مەینەتدا ئاشکرایان کرد.

ئێستا ئیتر مێژووی خۆڵ خۆی دەخوێنێتەوە
ساتە ئاسنینەکان مانایەک بۆ پێشبینی ناهێڵنەوە
شتەکانیش لە چاوەڕوانیی چارەنووسدا
بەخۆنامۆ و
بێ شێوازن:
زایەڵە و سەگوەڕ کە تەرمەکان دەترسێنن
منداڵانی ڕوخسار بەردین کە یاری بە
ئەبەدییەت دەکەن
بە ڕوانینی سڕیان، سیمای زەمان دەگۆڕن
کەفی زیوین و ڕەقهەڵاتووی ناودەمە داپچڕاوەکان
کە ژیان گەمارۆ دەدەن.

هەواڵنامەی کتێب

ئێمەیش لە شەونخونیدا وەک نەزیندوو بین
نە مردوو
بە جەستەمان بۆشاییە تەمگرتووەکان
پڕ دەکەینەوە
بێئاگایانە خۆ لە پێشبینی دەپارێزین
بە رووتبوون شاگەشکە دەبین کاتێک شێوەی خۆی
بە تینوویێتیی کێڵگە دەبەخشێت.
تاریکییش هەوەڵین شایەتی کوێربوونەوەی تەڕاییە
کاتێک مردن
لاسایی تیشک دەکاتەوە.

* * *

تا دەهات دنیا ساردتر دەبوو
دارەکان لەنێو زوقمی زیوینی شەودا هەڵدەلەرزین
ئاسمان سیما خۆڵەمێشی, ئەستێرەکان
شین دەچوونەوە
شەو تەنیا سێبەرێکی ئێمە بوو
شەو چاوەڕێ وەک ئێمە
کە بێئاگایانە خەونی خۆمان دەبزڕکاند.
شەو بۆنی ئیسپرتۆ و ترس و بارووتی لێ دەهات
سێبەری قورقوشمینی سوارەکانیش هەردوو زارکی
گەلییەکەیان دیوار بەند کردبوو.

(– ئەگەر نەگەین بەکوێ دەگەین؟)
(+ ئێستا کاتی پرسین نییە. بیستوحەوت)
{یەکێکمان بەدەم ژماردنی تەرمەکانەوە وەڵامی
دایەوە}.
ئێمەیش لە چاڵێکی شەوین و شێداردا
ڕەنگی خۆڵ و بۆرەهەورمان گرتبوو،

دەستمان بۆ رەگی تاوێرەکان دەگێڕا
کە لە تاریکی ئاڵابوون
بەچاوی نیوەکراوە دەمانڕوانییە تیرە گڕدارەکان
کە لە گەواڵە دەچەقین
دەمانڕوانییە تریفە
کە ماسکێکی برۆنزیی تۆخی بە روخسارە
دوکەڵاوییەکان دابوو
لەو کاتەیشدا
نمەبارانێکی لینج بەدەم سووتانەوە دەباری و
دەباری.

❊ ❊ ❊

هەولاتامەی کتێب

ئەوانەی ئەو شەوە بە رێکەوت لە رووباری گەلییەکە
پەڕینەوە، رەنگە ئێستا نەمناسنەوە
کەچی من ووردترین رووداوم لەبیرە؛
ژانی دەستە تەزیوەکانم
کە وەک کۆتەرە لەتاریکی چەقیون
تەڵخیی سەر روخسارە قۆقزییەکان
کە هێشتا شوێنەواریان بە رۆژەکانمەوە ماوە
دوا چریکەی مێرمنداڵێکی بریندار
کە وەک زایەڵە لە تەنگەی دەربەندەکەدا پەرتێن دەبوو:
"ئاشتیخوازین
بەڵام ئازادی بە هیچ شتێک ناگۆڕینەوە".

من تا ئێستا هەموو رووداوەکانم لە بیرن
هێشتا لەژێر کەوانێکی مێخەکیدا
کە گەرمایی خۆر هەڵدەمژێت
ئاورِ لە رابردوو دەدەمەوە
لە سێرمۆنی تاکبوونەوەدا
بە هێما غەیب دەدوێنم
دڵیشم لە پێشوازی یەقیندا
وەک شەوی بیابان چاوەڕێیە.

هێشتا زەوی بە بۆنی زەردەدوکەڵ و میوە و ئاسن هەڵامساوە
ونبووەکان لە ئەندێشەی شپرزەی ئێمەدا نایانەوێت
بەو لێکدابڕانە ئەبەدییە و
بە کۆتاییهاتنی جیهان بڕوا بێنن
لە قووڵایی بیاباندا
جەستەیان لە لم و تەزوو دەتەکێنن
لاسارانە بە دوای ڕێگای گەڕانەوەدا دەگەڕێن و
دەگەڕێن.

کتێبی ئەلکترۆنی

هەواڵنامەی کتێب

(گژو گیای ناو باخچە)کەش(*) وەک هەمیشە بێباکانە
پێشوازیی رۆژە لمڕەنگەکانیان دەکەن
دەڵێی چارەنووسی خۆیان لێ روونە
دەڵێی دەزانن کە مردن
زێوانی
رۆحە بێدارەکانە.

هەواڵنامەی کتێب

# پێشوازی

## I

هەموو شتێک ئەم شەو لە پێشوازیدایە؛
ڕووناکی لە ڕووی زەردەبادا
گەڵائاسا سەما دەکات
تریفە شمشێرەکان زیوکەفت دەکاتەوە
تیرەگڕدارەکان وەک تیشک جەستەی تاریکی و
ئاسۆ دەسمن
سیمایەکی نوورانی دەدەن بەشەو
مانایەکی ئەفسانەیی و ئەزەلی بە ئاسمان.

هەموو شتێک لە سێرمۆنی پێشوازیدا
بۆنی لم و مس و یەقینی گرتووە
هەموو شتێک لە چاوەڕوانیی ئێمەدا
وەک ئەبەدییەت درەخشان.

## II

لمستان گەرمایی درێژترین رۆژی
بە رووی زوقمی شەودا دەداتەوە
شەپۆلی لم خەونستان دەگۆڕێت بە سارا
رەنگی روخسارە شڵەژاوەکان بە رەنگی خۆڵستان.
رێیەکانی عەدەم بە ( سوورە) ی تاریکی
رووناک دەکرێنەوە
یەقین بە شەوقی شمشێر و
مەحاڵ بە فانتازیا.

لەبەر درەوشانەوەی تریفەدا
لم خۆی دەنووسێتەوە.

## III

هەواڵنامەی کتێب

لەم بۆشاییە شەوینەدا
سروشت ئاوێنەیەکە تەڵخەوێنەی خۆمان
پیشان دەداتەوە
ئاسمان دەلاقەیەکە هێندەی برین
خوداوەند پەناگەیەکە بە ئەندازەی بێئومێدی
مەودایەکە تا سنووری بینین.

هەموو شتێک بۆ پێشوازی راگیراوە
هەموو شتێک پێشوەخت بە ناوی ئێمەوە
بڕیار دراوە.

## IV

ڕێکەوت نییە
کە ڕووناکی لەگەڵ گەردەلوولی لمدا سەما دەکات
خاک ڕازی خۆی بۆ جەستە تینووەکان دەدرکێنێت
سام سەرداریی خۆی بە سەر توانست و
ئەندێشەدا دەسەپێنێت.
ڕێکەوت نییە
ئێمەیش ئەمشەو ڕەنگی بیابانمان گرتووە؛

ئێستا هەموومان وەک یەکین
هاوچارەنووس و هاوبەشین.

هەواڵنامەی کتێب

## V

دەبێت یەقین بە شەوقی شمشێر بدرەوشێتەوە
راستی بە وەهم
پەیامیش بە زایەڵەی (سووره) ی خوێن
دەبێت تیرە ئاگردارەکان رواڵەتی ئایندە
لەسەر عەدەم بنەخشێنن
شمشێریش رواڵەتی مێژوو لە سەر جەستە.

بە بەر چاوی هەمووانەوە
لم بە خوێن خۆی دەنووسێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## VI

هەواڵنامەی ئێستا

هەر خۆمانین,
لە دەوری ئاگردانێکی کوژاوەدا
سوورەتەکانی تاریکی ڕاڤەدەکەین
پیشوازکار و پێشوازیکراو هەرخۆمانین
چاوەڕوان و چاوەڕێکراو هەر خۆمانین.
لە تەنیایدا
ئێمە بەشێکین لە سێرمۆنیی لمستان
بەشێکین لە بوون, لە نەبوون
لە درەوشانەوەی ئەبەدییەت.
هەموو شتێک بەشێکە لە سەروەریی بیابان.

# شەوی کریستاڵ(*)

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

## I

لێکدابڕان وەکو ساتی گیاندان دژوار
وێنەی تەرمناشتن خەمگین؛
بۆم نەبوو ئاوێزانت بم
نەشم توانی شتێک بڵێم.
دەشێت روانین
مانادارتر بێت لە پەیڤین.

## II

وەک شەقام بە شەقام شەو
دوای شتێک کەوتبێت؛
دەنگی شەیپوور تێکەڵاوی
زایەڵەی زەنگی کڵێسا دەبێت
دەڵێی لەگەڵ ئێمەدا شار
بەرەو چارەنووسی خۆی بەڕێ دەکرێت.

## III

خۆر لەناو تاریکیی تاریکاییدا نوستووە.
پەیڤ و ئینسان و ئەستێرە پێکەوە
دەسووتێندرێن
هەقیقەتیش بێ خاوەن چاوەڕێ.

## IV

شەو لە گۆڕێگی بەرین و شێدار دەچێت
دەبێت ئێمەی لەرزلێهاتوو
لە ڕۆخیدا سەما بکەین.

## V

هەزار شێوەی هەبێت مردن
هەر مردنە
ئەی ئەم کەرنەڤاڵە بۆچی؟!

هەواڵنامەی کتێب

## VI

شەمەندەفەر وەک بروسکە
بەناو تاریکترین تاریکیدا تێدەپەڕێت
لە هەر وێستگایەک بە پەلە دەوەستێت؛
ژیان بەرەو (ئاوشویتز) هەڵدەگرێت.

## VII

هەواڵنامەی کتێب

دەڵێی ئەمشەو
ژیان گەشتێکە بە رێی نەبووندا
مردنیش زامێک
لە جەستەی بووندا

## VIII

هەرچی بڵێین پەیڤین لاڵە
دەڵێی هێشتا
زەمان (شەوی کریستاڵ)ە.

هەواڵنامەی کتێب

## دوا ژوان

### I

ڕەنگە ئەمە دوا ژوان بێت
ئێمەیش بەدەم پەرەوازەبوونەوە دەگەین
بە دەمامکی گڵینەوە
بە دواپەردەی نمایشنامەکە ڕادەگەین؛
شەو ڕەشماڵێکی دڕاوە
بریسکانەوەی قورقوشم قیبلەنومایە
چاڵە شەوینەکان پەناگەی ئەبەدی
جامانەکانیش بۆ پێشوازی بەربەریستان
بەخوێن سوور.

هەواڵنامەی کتێب

ئێستا شەو شکۆمەندانە
لە نێو زایەڵەی (سورە)ی تاریکیدا دەشەکێتەوە
هەموو شتێک
لەو سەرە رەش دەچێتەوە:
بنار, گڵ, سروودەکان, تاوێر, جەستە شپرزەکانی
بیابان, خێڵی عەدەم,
خوا, دارستان, باران کە تاریکیو سەگوەڕ
دەشواتەوە
زایەڵە کە مەوداکان بێدار دەکاتەوە.
هەموو شتێک لە ئاهەنگی رەشبووندا دەدرەوشێتەوە
تەنیا ئاسمان لە نێو چاوی مندا هەنگوینییە,
هەموو شتێک
لە نێو زایەڵەی سوورەی تاریکیدا دەشەکێتەوە.

..................................

..................................

## II

پێشبینی تا لێواری بیرچوونەوە بڕ دەکات
من فەرامۆشی هێناومی و
ونبوون ونی کردووم.
دەشێت ئەمە دوا ژوان – ماڵئاوایی بێت
دوا درووودی دارمان – هەڵزنین بێت
بەڵام من دەتوانم چ موعجیزەیەک پێشان بدەم
تا بارا ن و دەریا و (با)
گوێرایەڵم بن؟
دەتوانم چ بەو ئاسۆ درەوشاوە بڵێم کاتێک:
رووتبوونم ئاوێنەیە
پەیڤینیش بنبەستی مانا؟

هەواڵنامەی کتێب

# II

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## شەوانی ئاخاوتن

شەو خەواڵوو بەرەو کۆتایی خۆی دەچوو
ئێمەش هێشتا لە گەرمەی ئاخاوتندا بووین
سەرەتایەک بە سەرەتایەکی دی دەسپاردین
خەونێک بەخەونێکی دی.
شەوانە لە گەرمەی ئاخاوتندا خۆمان لە بیر دەکرد
بێ ئاگا لە سەفەری شەو, کە وەک کەشتی بە ناو
دەریای ئەندێشەدا هەڵی دەگرتین
بێ ئاگا لە شتە بێدار و خەوتووەکان دەدواین و
دەدواین
پێمان وابوو ژیان شێوەی بیر و پەیڤەکانمان دەگرێت
پێمان وابوو هەر بەو شەوە
لە فەزای پەیڤینەوە راستی
لە دەلاقەی شەویشەوە ئازادی وەک تریفە
رووت خۆ دەرخەن.

شەو درەنگانێک کە دەرگای چایخانە و مەیخانە و
بارەکان بە رووماندا دادەخران
ئێمە بەدەم پەیڤینەوە بەناو شەقامە چۆڵەکاندا
دەگەڕاین
پۆلیس و سەگی خەواڵووی سەر جادەکان بە
گومانەوە بۆیان دەڕوانین.
هەستمان دەکرد شەو و رووناکیی دارتێلەکان
تا رۆخی رووباری دیجلە لە تەکماندا رێ دەکەن.
ئیتر لەوێ سەر لەنوێ بە هەمان حەماسی
یەکەمین شەوەوە دەدواین.
ئاخاوتن هەم بە خۆئاشنا و
هەم بەخۆنامۆی دەکردین
باسەکان بەرەو کۆڵانی داخراوی مێتافیزیک و
کەناری تەمگرتوی هەقیقەت دەیان بردین.

ئێمە دەدواینو دەدواین
وەک بمانەوێت بە پەیڤین
زەمانی خۆمان دابێنین
یان بە سیحری پەیڤ و بیرە پێک ناکۆکەکان
خەون بگۆڕین بە راستی و
داهاتوو بێنینە ژووان.

هەواڵنامەی کتێب

ئاخاوتن هەیبەتێکی دیکەی دەدا بە شەو
کە خەوبینەرانە
گوێی بۆ پەیڤینمان گرتبوو؛
شەو پڕ دەبوو لە درەوشانەوە و شیعر و
دوکەڵەجگەرە
پڕ دەبوو لەو ئەندێشانەی
کە نیگاری جیهانیان لە بەرچاومان دەکێشایەوە
ئێمەیان لە نێوان گومان و باوەڕدا
دەهێنا و دەبرد.
ئێمە خۆمان بووین, خۆیشمان نەبووین
شەوانە بە بەرچاوی تریفە و شتەکانەوە
دەهاتینە گۆڕان.
بەڵام چۆن پەیڤین دەیتوانی شەو بگۆڕێت
بە ئەفراندن؟
چۆن بیرەکان دەیانتوانی هێندە هیوا بدەن بە ئێمە و
مانا بە ژیان ؟

* * *

شەوێکی مانگی ئۆکتۆبەر تۆ لە جاران هێمنتر و
کەمدوتر بوویت
هێندەی نەمامێکی تەنیا شوێنەواری پایز
بەرووتەوە دیار بوو
خۆتئاسا لەبەرخۆتەوە دەدوایت
بەدەم جگەرەکێشانەوە
چاوت لە رووبارەکە بڕی بوو
وەک رووی پەیڤینت لە ئاو بێت
یان چاوەڕێی کەسێک بیت کە لە قووڵاییەوە
بەرێی بن ئاودا بگەڕێتەوە.

لە پڕ پرسیت:
(ئاخۆ ئێمەین لە فەزای بیر و پەیڤدا
بە دوای جوانی و راستی و ئازادیدا دەگەڕێین
یان ئێمە تەنیا ئاوێنەیەکین؟)

هەواڵنامەی کتێب

ئەو شەوە تۆ بەو پرسیارە ڕەوتی باسەکان و
سیمای شەوەکەت گۆڕی
ئەو شەوە تۆ لە هەر کاتێکی دی
درەوشاوتر بوویت.
تۆ لەبەرخۆتەوە دەدوایت
بە چیلکەیەک بازنەت بە دەوری وێنەی ئەستێرەیەکدا
دەنەخشاند
کە لەتەنکایی ڕووبارەکەدا دەدرەوشایەوە
بازنەکە بەدەم گەورەبوونەوە دەکرایەوە و
بزر دەبوو.
ئیدی بێ مەبەست لم و تاریکی و بەردەکانت
تەڕ دەکرد
بە زمانێکی نامۆ لەبەرخۆتەوە دەدوایت وەک بوون
و ئەبەدییەت بدوێنیت.

هەواڵنامەی کتێب

لە ناکاو وەک وەڵامی کەسێک بدەیتەوە بە دەنگێکی
پڕ لە یەقین کە لە تۆ نەدەهات وتت:
(ئێمە نەبووین ژیانمان هەڵبژارد
ژیان خۆی ئێمەی هەڵبژارد).
تۆ هەر بە جەستەی لای ئێمە بوویت و
لەبەرخۆتەوە دەدوایت
شـەو وەک ئێمـە بـە پەرۆشـەوە گـوێی بـۆ پـەیڤینت
گرتبوو،
رستەکان شپرزە و
وشەکان لە نێوانی لێوانتەوە
دەبیندران.
نیگا بە پرسەکانیشت بێ ئارام دوورییان دەپشکنی
وەکو لە چاوی ژیاندا سیمای مردنت دیبێت
یان چاوەڕێ بیت بەو شەوە
ئەبەدییەت خۆی بێتە ژووان
تا بە چاوی خۆت هەموو شتێک ببینیت.

هەواڵنامەی کتێب

کەچی لە ناکاو روخسارت رەنگی گۆلاوێکی
سێبەرنشینی گرت
جەستەشت حاڵەتی نەمامی بەر باران.
تۆ چیت دی کاتێک لە رووی ئێمەو شەودا
دەنگت هەڵبڕی؟
(رەنگە ژیان هەرهێندی خاڵێکی کوتراوی
سەرجەستەی ئاو هەقیقەت بێت
ئێمەیش وەک ئەستێرەی ناو ئاو
تەنیا سێبەر و وێنە بین.)

پەیڤەکانت شەوەکەیان شڵەژاند و وەک زایەڵە
دوورییان بێدار کردەوە.
تۆ خۆتئاسا لەبەرخۆتەوە دەدوایت و
دەدوایت

دەستت لە شتەکان دەدا وەک بتەوێت لە بوون و
راستیی هەر شتێک دڵنیا بیت.
لە رووبارەکە رادەمایت,
نەء لە وێنەی ئەستێرە و سێبەری خۆت رادەمایت
کە لە ناو ئاوەکەدا تێکئاڵابوون
کەچی لە ناکاو دەستت بە رووبارەکەدا کرد,
وەک بتەوێت مەشخەڵێک بکوژێنیتەوە
یان بخوازیت
ئەستێرەکە بگریت کە وەک چۆڕێک رووناکیی ڕژاو
تێکەڵاوی رووبارەکە بوو.
تۆ سەیرێکی ئاسمانت کرد
ئەم جارەیان ئەستێرەکە لە سەرەوە بۆی دەڕوانیت.
چاوت بڕییە قووڵایی
کە وەک گۆمێکی شلوێ روون دەبۆوە
دەتوت لە روونبوونەی شەودا خۆت دەبینیت
هەقیقەت دەبینیت
یان چاوەڕێیت شەو نهێنییەکی سامناک بدرکێنێت

* * *

هەواڵنامەی کتێب

شەو وەک کەشتی بە نێو دەریای ئەندێشەدا
هەڵی دەگرتین
بەرەبەیان بێئاگا لە بوونی خۆمان و سەفەری شەو
بێباک لە چاوی گوماناوی پۆلیسەکان
کە شەکەتانە رێیان دەبڕی،
بەدەم پەیڤینەوە بەرەو ماڵ دەبووینەوە.
ئێمە لە ئاخاوتندا ئەفراندنمان دەبینی
کە لەگەڵ سپێدەی بەیاندا چاوەڕێی دەکردین
خۆمان دەبینی
کە وەک منداڵێکی حەپەساو بە دالانی گومان و
باوەڕدا دێین و دەچین.

ئەو بەرەبەیانە تۆ لە هەموومان ماتتر بوویت
بەدەم رێوە مندالانە
لە پاییز رامابوویت
کە رەنگی خۆی بەدارو بەیان و
تەنانەت بە رووانینەکانت دابوو
لەبەرخۆتەوە شتێکت وت
بە وردی بەلام خەمبارانە سەیرت کردین
وەک دواجار بێت بمان بینیتەوە
یان پێشبینی رووداوێکی چاوەڕوان نەکراوت کردبێت
روانینەکانت سام و خەمی دوامالئاوابوونیان
پێوە دیار بوو.
لە پڕ وتت:
(بەلام دەشێت ژیان خۆی کۆیلایەتی بێت
هەلەکەش هەلەی ئێمە بێت
نەک زەمان.)

تۆ لەبەرخۆتەوە دەدوایت
وەک بەیانو پاییز بەدەنگ بێنیت
نا, هاوڕێم تۆ وڕێنەت دەکرد
وەک بتەوێت لە ڕێگای وڕێنەوە
بە هەقیقەت بگەیت
یان بە وڕێنە زەمانی خۆت دابێنیت!

* * *

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام هاوڕێم
لەو ساتەدا ئەگەر نۆرە قسەی من بووایە
دەموت:
دەشێت زەمان تەنیا وێنەیەکی خۆمان بێت
یـان ئێمـە ئاوێنەیـەک بـین کـە شـێوە و ڕەنگـی شتەکانی گرتبێت
کەچی ئێمە ئەوەین کە هەین
ئەوەین کە دەیکەین و نایکەین.

دەموت:
ئێمە وێنە بین, یان جەوهەر
بوونمان ڕێکەوت بێت, یان قەدەر
ئەوەتا مەحکوومی ژیانین
مەحکوومی شوێن و زەمانین.

بەڵام چۆن لە داهاتوو دڵنیا بین
کاتێک بیرەتازەکان سامناک و
ئازادی وەهم بێت؟
کاتێک هەقیقەت گەمە بێت؟

کەواتە هاوڕێم بە یادی تۆوە دەڵێم:
چۆن بتوانین شوێنێک پەیداکەین
کەپابەندی زەمانو مردنمان نەکات ؟
لە کوێ کەسێک بدۆزینەوە
 کە قووڵایی پشکنیبێت
وەک (لازارۆس)* بە چاوی خۆی
هەموو شتێکی بینیبێت؟

هەواڵنامەی کتێب

## پۆرترێتی هونەرمەندێک

بۆ هونەرمەند ڕێبوار سەعید

کتوپڕ وەک سیحربازێک یاری بە شتەکان دەکەیت
یاری بەو ڕەنگانە دەکەیت کە بەهار و خەون و
پاییز دێنن
یاری بەو وەرزانە دەکەیت کە بێباکانە
لەسەر جەستە و ڕوخسار جێگۆڕکێ دەکەن.
لەنێو پەنجەکانتدا زەمان درەخشان
ژیان شاگەشکە
داهاتوو چاوەڕێ و
غەیب حەیران.

هەواڵنامەی کتێب

ئیتر سەردەم سەردەمی رامان و پێشبینییە
کاتێک رەنگەکان دێنیتە پەیڤین
سەردەم سەردەمی بێداربوونەوەی جوانییە؛
روانین مانایەکی تازە دەدات بە بینین
پەیڤین ریتمێکی نوێ بە تیپەکان
بۆنکردنیش خۆیئاسا بەپرس و پێشبین.

ئیدی کوا ئاوازێک، یان رەنگێک دەمێنێت
پەنجە نەیدوێنێت!
کوا رازێکی ناخ دەمێنێت
روخسار نەیدرکێنێت!

لە گەمەی رەنگ و پەیڤدا
زەمان بە رووتدا تا لێواری ئەبەدییەت والا
شوێن پەنایەکە شایستەی شەفەق
بۆشایی: مۆڵگەی سێبەرە شەکەتەکان
رێگاکانیش: تاڵەتیشکێک لە بۆلێڵدا
شەپۆلەرەنگێک کە تا ئەبەد دەکشێت
هەوەسێک لە بەستەڵانی جەستەدا.

پیشەی خۆتە پاراستنی جوانی تا ئەودیو سەردەمی گەوجێتی
گوێگرتن لە پەیڤینی رەنگ و
گۆڕینی روخسار بە رازستان.

پیشەی خۆتە یان چارەنووس: خەوبینین تا لێواری شێتبوون
یاریکردن بە مەحاڵ و
بێدارکردنەوەی تاوێرەکان.

هەواڵنامەی کتێب

به باڵات خۆی دەپێوێت رۆژ
به بێداریی خەوبینەرانەت شەو.

تەنیا غەیب کاتێک سپێدە بێدار دەکاتەوە؛
هەر هەقیقەت کە لە تاکبوونەوەی خۆی رادەمێنێت
لە تۆ دەچن
مەگەر ژیان بتوانێت لاساییت بکاتەوە.

# گوڵە بەرد

هەواڵنامەی کتێب

## I

داپۆشراو بە کپیی رەنگ, رۆچوو بە ئارامیدا
بێدار و درەوشاوەن بەردەکان
ماتبوونیان وەک شکۆی پەیڤینە
رامانیان خەوبینین.
بە خۆرەتاو گەورە دەبن
لە گوڵەتۆو, لە بۆنی دەریا و گڵ
رەنگەکان گوڵبژێر دەکەن،
لە هەور و مەحاڵ شێوازیان.

جەستەیان ڕەهایی ڕووتبوونە
پێناسی سەر لەنوێی شتەکان.
یاقووت و گەوهەر بن یان تاوێر و چەو,
ڕواڵەتی ڕەنگینیان ئاوێنەی ناخیانە
ڕەنگ وەکو ناسنامە و ڕوخسارە,
شێوازی لێک نەچوو: هەندەسەی مەحاڵ و
یەکبوونی دژەکان.

## II

بێئاگایانە, لە خۆمان هەڵدێین ڕووەو شەپۆلی ڕەنگەکان
کە ژوانگەی شوێن و زەمانن
لەوێ هێشووەتیشک بەلقی بەستەڵەکەوە گولووکئاسا دەکرێنەوە
پۆلەڕەنگ قووڵایی بە وێنەی ئاوێنە ڕادەگرن
بۆشایی دەگۆڕن بە مەودا
بە ژوانگەی سێبەرو ڕووناکی
بە ڕوخساری غەیب.

هەواڵنامەی کتێب

سێبەری رۆشنیان رەگەکان دەدوێنن
ئارامی دەبەخشن بە سەرما.
بێئاگا دەڕۆین تا بێینەوە.
ئێرەیە مەنزڵگای ئەبەدی کە روونی رێبەستە
جەستەی بە هەتاو شۆراوە رەنگە رازگرەکان دێنێتە
پەیڤین و رووناکی دەگۆڕێت بە کریستاڵ
تا دوندی شکۆیی ئارەزوو تاو دەدات.

## III

رۆچوو بە ئارامیدا دەڵێی بە رامان دەدوێن
یان فێری خەوبینینمان دەکەن بەردەکان.
شاناز وێنەی باخێک کە میوەکەی هێشووەرەنگ و
رووناکی بێت
سایەکەی: پەناگەی ئەبەدی
بۆنەکەی: سێبووری و دڵنەوایی.

داپۆشراو بەکپیی رەنگ, بەیان رەنگی جەستەیانی
گرتووە
دەڵێی لە ئارامبوونیاندا بۆ ناخی خۆیان دەڕوانن؛

یان پاڵیان داوە بە خەونەوە و
بۆ بێدەنگبوونی خۆیان گوێیان گرتووە.
سەروەری: پەیڤینی جەستەیە
ڕەهابوون: جیاوازیی شێواز و
شەپۆلی لێکنەچووی ڕەنگەکان.

ئاخۆ چ پێشبینییەکیان پێ بێت ئەم ڕەنگانە؟
چ حیکمەتێکمان فێربکەن بێدەنگبوونی ئەم بەردانە؟

هەواڵنامەی کتێب

# III

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# گۆرانییەک بۆ جوانی

## I

هەواڵنامەی کتێب

بە سەرسوڕمانێکی منداڵانەوە دەست لە بەیان دەدەم
بۆنی گزنگ و شینایی دەکەم
لە گەڵا و خونا و و روبار رادەمێنم ئەو کاتانەی
رووناکی هەڵدەمژن
بە هەڵپەوە رەنگی پرژاو دەچنمەوە
وەک منداڵێک هاوار دەکەم:
بدرەوشێوە ئەی جوانی !

بە هەمان سەرسوڕمانەوە زایەڵەی تۆ
لە نێو مۆسیقایەکی دووردا دەبیستمەوە.

## II

هەواڵنامەی کتێب

هێشتا چاوانی خەواڵووت شوێنەواری خەونێکیان
پێوە دیارە
پرچی شەوینت وەک قەرسیل
بۆنی گڵ و نم و هەتاو
بەنێو بەیاندا پەخش دەکات
پەنجە خەواڵووەکانیشت یاری بە ڕووناکی دەکەن
تاریکی لەبەر دڵم دادەماڵن و
ڕووت و سەرسام لە ڕووی خۆمدا
ڕامدەگرن!

# III

هەر بەو دەستانەی لە هەورم دەسو
بەرد و رەگەکانم بێدار دەکردنەوە.
هەر بەو دەستانەی پاشەڕۆژی خۆم
وەک گوڵ پێ بەخشیت
لە رووی هەر شتێک, لە رووی هەر کەسێک
بە غرووریکی منالانەوە پرۆتیستم دەنواند
بە رووی یەقیندا
دەرگام دادەخست
بە سەر پێشبینیو بە رووی گوماندا
پەنجەرەی دڵم دەخستە سەر پشت
هەر بەو دەستانە لە کەلەپچەدا کڵۆڵیم بینی
هاوڕێی دیلی بوو
لەسەر جەستەشت، هەر بەو دەستانە
بەختیاریم بینی
هاوڕێی جوانی بوو.

## IV

شەو لەسەر شەقامە باراناوییەکە راکشاوە
تریفە بۆشاییەکان بە سێبەر و درەوشانەوە
پڕ دەکاتەوە
منیش هێشتا رووت و سەرسام بۆنی گڵ و باران و
رەنگی ئێوارەم بەرنەداوە.
دەستەکانم بەر نهێنییەکی دی دەکەون
تەزوویەکی سارد بە جەستەمدا دێ و
لەبەر درەوشانەوەی شەودا هەڵدەلەرزم
بە ترسەوە بانگت دەکەم
تریفە و تاریکی وەک من دادەچڵەکێن
تەڕتر دەبم,
لەنێو زرینگانەوەی شەودا
زایەڵەی تۆ دەبیستمەوە.

کەواڵنامەی کتێب

# V

بـه هـەمان سـەرسـوڕمانی منداڵانـەوە لەگـەڵ باڵـداره
خەواڵووەکاندا بەپیر بەیانەوە دەچم
وەک پەپوولە پەلکەگوڵ و ئاونگ بۆن دەکەم
ئەو ساتەی ڕووناکی هەڵدەمژن.
بە هەمان لاساری و شەوقەوە ڕەنگ دەچنمەوە
شوێن بێداری دەکەوم تا بەرەو تۆم بێنێتەوە
لە کۆچێکی دیکەدا منداڵانە بە یەکەمین ڕێبوار دەڵێم:
بەیانیت باش هاوڕێ میهرەبانەکەم!
لە بەردەم هەر بەیان و خۆرئاوابوونێکدا
بە هەمان سەرسوڕمانەوە هاوار دەکەم:
تاکەی بە ئەفسوونت هەڵوەدا و
بە ڕازەکانت شەیدام دەکەیت
ئەی جوانی؟

هەواڵنامەی کتێب

# بەڵێنشکێنی

بەڵام گیانە
هەر شتێک سنووری هەیە
تەنانەت بەڵێنشکێنییش.

چۆن وا دەبێت؟
ئەم چوونەژووانە خێرایەی ئەبەدییەت
هەر لە گوڵ و پەپوولە دێت.

چۆن بەم کۆچە لە ناکاوەت بڕوا بکەم
کاتێک جوانی
هێشتا وێنەیەکی تۆیە؟

هەواڵنامەی کتێب

چۆن بتوانم لەگەڵ بێ تۆیی هەڵبکەم
کاتێک ژیان
لە پێشوازیتدا منئاسا چاوەڕێیە؟

هەواڵنامەی کتێب

بێ تۆ کات لە بازنەیەکی داخراو دەچێت
ئاسۆ: بۆشترین بۆشایی
شوێنیش مەگەر بۆ گۆڕ بشێت.

میهرەبانی کەی وا دەبێت!
لەگەڵ خۆتدا, تۆ هەموو شتێکت برد
من نەبێت.

# تا بتبینم

هەواڵنامەی کتێب

چاوکانم دەنووقێنم
تا ببینم؛

لەسەر ئاو نیگارت دەکێشم
هەموو شتێک شێوەت دەگرێت
بە زمانی تۆ
ڕووناکی لەگەڵم دەدوێت.

چاوەکانم دەنووقێنم
تا بتبینم.

## ئاشنابوون

هەواڵنامەی کتێب

تۆ بێدەنگییت هێنایە دەنگ
بە شەقامی ڕووناکیدا
دوای خۆت خستم
بێکۆتاییت لە کۆتابووندا نیشاندام
لە وشەدا بە ئەفراندن
لە زایەڵەی بێدەنگیدا بە خۆم
ئاشنات کردم.

# له هەرکوێ بێت

هەواڵنامەی کتێب

له هەرکوێ بیت خەونستانه
بەرەو هەرکوێ سەر هەڵبگریت
کەژاوەکەت رووناکییه
راستی: هاوەڵ
هەوارت شوێنی زەمانه.

# پێکەوە

تەنیا یەکتری شک دەبەین
پاڵمان داوە بەیەکەوە
جەستەمان بۆنی یەکتری
بۆنی باران و تریفەی گرتووە.

وەک دوو پشکۆ پاڵمان داوە بە سەرماوە
یاری بە ڕووناکی دەکەین
پاڵمان داوە بە خەون و تەنیاییەوە
یاری بە ژیان و مەحاڵ دەکەین.

هەر تەنیا یەکتری شک دەبەین
پێکەوە وڵاتێک لە خەون
ماڵێک لە ڕووناکی و
داهاتوو لە ئەڤین چێ دەکەین.

هەواڵەمەی کتێب

# لەگەڵ تۆدا

بە بۆنی گوڵئاسای جەستەت بێدار دەبمەوە
من هێشتا نازانم لەکوێم
پێڵووەکانم داخستوون و
دەڕوانم !
جەستەت: کتێبی رووناکی
شێوەی روونت: ئاوێنەی بێکۆتایی.

من نە بێدارم، نە رازاو
وەک هەمیشە لەگەڵ تۆدا
دەڵێی زەمان نە تێدەپەڕێت
نە وەستاو.

هەواڵنامەی کتێب

# پەنا

شەو هێشتا منئاسا بێدار
تۆیش وەک منداڵ لە ژوورەکەی دی رازاویت.
لە دەرەوە تەنیا دەنگی تاریکی دێت
لە دەرەوە هیچ دیار نییە
ترس نەبێت
لە ژوورەوەش من لە نێو زرینگانەوەی بێدەنگیدا
هەڵدەلەرزم
وێنەی چڵە مێلاقەیەک لە ژێر باراندا.

لە ئامێزی خەواڵووتدا
گەرمم کەوە
یان لە نێو دەستەکانتدا
جەستە و گیانم بشارەوە.

## بێدەنگبوونت

هەواڵنامەی کتێب

بێدەنگبوونت سەفەرێکی بەردەوامی
نێوان گومان و یەقینە
بێدەنگبوونت وەک بێدەنگبوونی رووناکی
شێوازێکی نوێی پەیڤینە.

تۆ لە لوتکەی بێدەنگبوونو رامانتدا
درەوشاوەیت وەک رۆژێکی بەهارانە
شاد و حەیرانیت وەک خونچە
لە بەیانی پشکوتندا.

ئەم شێوازەی خۆدەربڕین هەر لە خۆت دێت
هەر لە خۆت دێت ئاخاوتنی بێدەنگانە
لەمەشیاندا لەکەس ناچیت
لە خۆت نەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

من بێدەنگبوونتم خۆش دەوێت
لەکەس نەچوونتم خۆش دەوێت؛

رازەکانی تۆم خۆش دەوێن
کە لە فەزای شەوینی چاوەکانتدا
وەک پۆلێک گوڵەئەستێرە سەما دەکەن
چاوەکانی تۆم خۆش دەوێن
ئەو کاتانەی
قووڵایی تۆم پیشان دەدەن.

# تۆ هیوات پێدام

هەواڵنامەی کتێب

(تۆ هیوات پێدام
تا بژیم)
خەتای تۆ بوو
فێری خەوبینینت کردم
تا بفڕم.

ژیان وێنەیەکی تۆیە
پەیڤین: نیاز و بەهانە
هەر شتێک بەتۆوە شتە
ئەڤینو جوانی: نیشانە.

لە نێو تۆدا خەڵوەتنشین
راستی بە خۆم ئاشنا دەکات
لە فەزاتدا مەستی فڕین
جوانی دەمهێنێت و دەمبات.

دەڵێی داهاتوو دەمدوێنێت
لەگەڵ تۆدا
خۆشبین وەک گوڵەزستانە
کە دەخوازێت بەهار بێنێت.

خەتای منە یان خەتای تۆ
پەیڤ هێندە سنووردارە
دەسەڵاتی جوانی: پەرجۆ ؟

# خەون.. خەون

هەواڵنامەی کتێب

لە هەر جێیەک بین جوانی لەوێیە
بۆ هەر کوێ بچین خەون هاوڕێیە.
لەگەڵ خەوندا ڕێی مەحاڵ دەبڕین
لە خەونیشەوە فێر دەبین بفڕین.

چ پرسیارێکی تەمگرە واقیع!
چ وەڵامێکی ڕۆشنە خەون!
چەند گومڕاکارە تیشکی هۆشیاری و
چەند ڕێنیشاندەرە تروسکەی خەون.

کات رووبارئاسا بە پرتاو دەڕوات
جوانترین روخسار, بۆ ژوانی عەدەم گوڵبژێر دەکات
خەونیش مردنو کاتو شوێن دەبڕێت
بەرەو دیداری یارانمان دەبات.

ئەگەر لە نێوان من و خەوندا
مەودایەک هەبێت، رەنگە خەون بێت
ئەگەر لە نێوان من و خۆشمدا
هاورازێک هەبێت، دەبێت خەون بێت.

خەون رووناکی دێنێتە پەیڤین
کوا ئەوە منم خەون دەی دوێنێت ؟
خەون رەنگەکان وەک تۆ و دەڕێژێت
تۆ بڵێی من بم خەون بیچێنێت ؟

خەون شێوازە, منیش روخسارم
خەون هەڵفڕین, من جووتێ باڵم.
خەون جەوهەرە, من شێوە و وێنە
خەون رووناکیی نووری ئەزەلە, منیش ئاوێنە.

هەواڵنامەی کتێب

# ژوانی رووناکی

1997

هەواڵنامەی کتێب

# I

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## ئەگەر بتوانم

### I

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر بتوانم
بگەڕێمەوە بۆ سەرەتای سەرەتا
خۆم مەودای خۆم بخوڵقێنم
خۆم شێوەیەک دابێنم بۆ روانین
دەرفەتێک بۆ راهاتن بەشوێن و کات
یان جەستەم بهێنمە پەیڤین
تا رازەکانی خۆی،
رازە ئەزەلییەکانی رۆح
پەخش بکات.

## II

ئەگەر بتوانم !
لە زیندانی شوێن و زەمان ئازاد بم و
خۆڵەمێشی رۆژەکان پێ بکەم
سێبەرکەم وەک بەرماڵێک
بۆ شتەکان راخەم و
فۆرمێک بدەم بە رووناکی
دەرفەتێک بە دیالۆگی ناخ
یان وەرزێک دابێنم
بۆ مردنێکی دی
بۆ رامان و ئەڤین
بۆ رەهابوونی خەیاڵ و
لە دایکبوونێکی دی.

هەوڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## III

ئەگەر بتوانم
لە ڕووی خۆمدا بکریمەوە
بە زمانێکی دی خۆم بدوێنم.
لە پەیڤینی ڕازەکانی ناخ بگەم و
هەرشانەیەکی جەستەم
بە هارمۆنیای ڕۆح ڕابێنم

## IV

هەواڵنامەی کتێب

من ئێوە بووم, هەمووتان بووم و
خۆم نەبووم؛
خۆمی زارۆک, کە باوەشی دایکم ون کردووە
کە منداڵیم لە سەر رێگای
سەهۆڵینی شەو جێ ماوە
خۆمی هۆگری گومان, کە تەوێڵم رەنگی تاوێر
روخساری خەوبینەرانەم شێوەی ئێوارەی گرتووە.

من ئێوە بووم و خۆم نەبووم
گەر بتوانم خۆم بم !

## V

به لێوارەکانی خۆمدا هەڵدەزنێم
وەکو شەپۆل بە تاوێردا
یان وەک دەریا بە کەناردا.
ئەگەر بتوانم
ڕێگا ون نەکەم
تا بە ناخی خۆم دەگەم.

## VI

بەڵام ئێستا
ئاخۆ چیم بە بەرەوە مابێت؟
تا چەند جەستە و ڕۆح پێک ئاشنان؟
ئاخۆ چی جارانی خۆمم پێوە مابێت ؟

کتێبی هەمەڕەنگ

## VII

له حزووری رووناکیدا
وەک خونچەیەکی خەواڵوو دەکرێمەوە
جەستەم بە شەونمی رۆژەکان تەڕ دەکەم
رۆحیش بە گومان و هەتاو.
ئاخ ! گەر بتوانم
له خۆم بگەم و
لەگەڵ خۆم هەڵکەم
یان تا دەتوانم
لەبەر خۆم راکەم.

هەواڵنامەی کتێب

# مێدیتاسیۆن

هەواڵنامەی کتێب

هەمیشە حەزم دەکرد وەکو ئەوانی دی بم
بەڵام زەمان بە جوانیی خۆیەوە
لە سکاڵام بە هێزترە و
دەیەوێت وەك من بێت.

بۆریس پاستێرناك

هەواڵنامەی کتێب

## I

راکشاو لەناو سرەوتندا وەک سێبەر
بێدار وەک درەوشانەوەی ئاگر, دەڕوانم
یادەکان بروسکە ئاسا بە پرتاو رەت دەبن
دەروازەکانی روانین ئاواڵە بە رووی غەیبدا
بە رووی ئەبەدییەتدا
کە وەک بەیانلە تافی لاویدایە
شوێن هەموو جێیەک و هیچ شوێنێک
فەزا : سارا
کات هەموو ساتێک و هیچ کاتێک.
من لە خۆمدا بۆ سێبەری بوون دەڕوانم
ریشەی خۆڵەمێشیی رابردوو دەپشکنم و
گوێ لە پەیڤینی رازەکان رادەگرم.

لە خۆمدا بۆ سەرتاکانم دەگەڕێم
کە وەک زەمان بێ سەرەتا و
وەک خەون و زایەڵە بێ شوێنەوارن
لەودیو شتەکانەوە چاو بۆ ڕوونی دەگێڕم
هەردوودەستم لە سپێدە هەڵدەکێشم و
گزنگ بێداردەکەمەوە.
ئەی تاکبوونەوەی ڕۆح مەوداکەم چێ بکە
ڕووەو درەوشانەوەم بەرە!
من گەڕانم بۆ دۆزینەوەی ونبوونە
دیالۆگە لەگەڵ ڕووناکی
دابڕانم رامانە لە ڕاماندا
سەفەرێکی ئەبەدییە بە گوماندا.

هەولێرنامەی کتێب

لە تاکبوونەوەمدا رازەکان ئازادم دەکەن
پەیڤینم: هێمایە
تەنیاییم: سەربەستیی روانین و پرسین.
من دەتوانم تینوێتیم بە سەراب بسپێرم و
بە رووناکی بڵێم:
هەڵمبڕە بەرەو لێواری کۆتایی!
تا شتەکان هاندەم
شێوەی بێ شێوازی تۆ بگرن
تا لە ئاسۆدا خۆم ببینم!

هەواڵنامەی کتێب

ئەی خولیاکانی جەستە سەرووەریی خۆتان دەرخەن
بەهانەی مانەوە و
مانای چاوەڕوانی و سەفەرم بدرکێنن!
من شەکەتیی شەپۆلم پێیە
پەیڤەکان زیندانمن
شەفەق هاوڕاز.
بەڵام چۆن بە تەنیا تینوویێتیی گڵ بشکێنم؟
چۆن سەفەری بێ بڕانەوەی (با) بە نێو شەپۆلی
ڕۆشناییدا لێک بدەمەوە؟
چۆن پاکانە بکەم بۆ خولیای جەستەی
لە گڵ تینووتر؟
چۆن بەهانەی سەفەر و
مانای مانەوەم بسەلمێنم؟

هەواڵنامەی کتێب

وەک تاڵەتیشکێکی گومڕا لە سێبەری تەڵخی دارستان
و تاریکی ئاڵاوین
ونبوون ڕێنیشاندەرمانە و
خولیاکان وەک شەپۆل بەرەو غەیب هەڵیان گرتووین
ئەوە چارەنووسی جەستەیە کە لە داڵانی گوناه و
لەزەتدا مەودایەکان ون دەکات و
پشت دەکاتە سەرەتاو کۆتایی خۆی
دەوروبەریش وەک سەوزایی گەڵای تینوو
کاڵ دەبنەوە
چۆڵەوار و حەسرەت و بۆشایی دەنێنەوە.
چۆن ڕازەکان بدوێنین؟
کاتێک پەیڤەکان لە مانا تەنگترن
چۆن ئامادەبوون بۆ بەسەرچوون
فۆرم بۆ ڕوانین دابێنن؟
بڕوانە!
چ نەهاتێک ڕووی تێ کردووین!

شتەکان ئاوێنەی سەرەتاکانیان بوون
راستییش بە ئاوکردنی سەراب
من وەک چاوەکانت روونیی ئاو و شینیی سامالّم
پۆشی بوو
لە پالّ شەفەقدا مندالّئاسا چلّێک روناکیم
بۆ باران راگرتبوو
لەسەر رووی خەوالّووی ئێوارە
رەنگە پرژاوەکانم دەچنییەوە
لە لێواری ونبووندا
مات وەک پەلکەزێڕینە چاوەڕێ بووم
تۆ شێوەی شتەکان بوویت و
نوورت ئاسۆ و ئاوەدانی.
خۆت رووت کەوە!
با جیۆگرافیای رۆح ببینم
با لەسەر جەستەت شوێنەواری خۆم بخوێنمەوە.
خۆت رووت کەوە!
تا پێبگەم
تا رِوونی غەیب و کۆتایی ببینم.

من بە کەسم نەوت چاوەڕێم بکە
بەکەسیشم نەوت شوێنم بکەوە
لەجیاتی من رووناکی رازی دەدرکاند
ئێوارە بەدەم خەمەکانییەوە گۆرانیی دەچڕی
دەریایش کەنار و شەپۆلی خۆی دەدواند.

ئاسمان بۆ قووڵایی خۆی دەڕوانێت
منیش لە ئاوێنەی شەپۆلدا بۆ خۆم.
هەوا باراناوی
بەیان رەنگەکانی خۆی دەچنێتەوە
سارا ماوەی نێوان من و بوون پڕ دەکاتەوە.
چاوەکانم بۆ قووڵایی چاوەکانم دەڕوانن.

ئەی تاکبوونەوەی رۆح رێنیشاندەرم بە!
ئەوە درەوشانەوەی تۆیە دایگیرساندووم
یان پردەتیشکی نێوان من و ئاسۆ؟
بڕوانە چ شێتبوون و خەیاڵێک
سەریان تێ کردووم.

من سەفەرم لە وەستاندا
درەوشانەوەی هەقیقەتم لە گوماندا.
من پشتم کردۆتە سەردەمی لێکدابڕانی
جەستە و گیان
ڕێگای خۆم وەک خاچەکەم هەڵگرتووە
پشتم کردۆتە هەرێمێک کە بێباکانە
زەمانی خۆی دەدۆڕێنێت
دوانەهاتن نیازمە و
سێبەرەکەم بە سەر شتەکاندا ڕاخستووە.
من کوژانەوەم هەڵبوونە
زایەڵەیە بێدەنگیم
بوونم جەوهەری بوونە
من پارسەنگی شتەکانم بە هارمۆنیای ڕۆح
ڕاگرتووە.

هەواڵنامەی کتێب

# II

هەواڵنامەی کتێب

شەو وەک منداڵێک لە سەر باسکم پاڵکەوتووە
من شەونخونی شەو دەخوێنمەوە و
هەرەمەکی رەنگەکان تێکەڵاو دەکەم
دەمەوێت مەودایەک چێکەم بۆ سەفەر و
تەنیایی و چاوەڕوانی
دەمەوێت روو لە داهاتوو بکەم
کە غەیبی هەڵگرتوە.

دەشێت زەمانی من لەودیو زەمانەوە سەر هەڵبدات
مێژووی من لەودیو مێژووەوە دەست پێ بکات.
من لە ناخی خۆم رادەمێنم
تا رازەکانی جەستە بدرکێنم
رەوایی پرسیارە ئەزەلییەکانی رۆح بسەلمێنم
دەست بۆ رەگەکانی بەیان دەگێڕم و
حەرفەکان وەک مۆم
لەسەر پەنجەم دادەگیرسێن
خەونێک وەک دڵۆپێک رووناکی
لەسەر تەوێڵم دەدرەوشێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

بێهودە بوو کاتێک ئاسۆم دەخستە سەر ڕان و
جەستەم وەک مێرگێکی تینوو بۆ باران رادەخست
زەمانیش وەکو یادەکان بە پرتاو رەت دەبوو.
دالانی سەرابیی مەحاڵم دەپشکنی و
سروودی شەپۆلم دەنووسییەوە
بەنیازی خۆرووناک کردنەوە بە قووڵایی
تاریکیدا رۆ دەچووم
لە ناخی بەستەڵەکدا
خۆم گەرم دەکردەوە
یان سەرکزانە لەسەر شۆستەی تەماویی
سپییەتیی بەفرم دەچنییەوە.

هەولامەی کتێب

کوا ڕەوا بوو بە جەستەی مێرمنداڵانەم
پەناگەیەک
لە ونبوون و بۆشایی
ئارامگەیەک
لە ترس چیٚ بکەم!
بە پێیە ساوایەکانم
مێژوویەک لەسەر بەرد بنووسمەوە
یان بە تاقی تەنیا تەرمە شپرزەکان
ئارام بکەمەوە.
مردووشۆر و
گۆڕهەڵکەن و
زێوان هەر خۆم بم.

هەواڵنامەی کتێب

چ شەڕێکی نا بەرابەرو دۆڕاو بوو!
گەڵایەکم وەک شمشێر لە ڕووی ئاسماندا هەڵدەبڕی
و
هاوارم دەکرد:
کوا ڕەوای هەقە کە من نازانم بۆ لێرەم؟
کە ڕووناکی گومڕای کردووم
کە پەنا دەبەم بۆ مردن
داڵدەم نادات.
بڕوانە!
بازووەکانم چ شوێنەوارێکیان لەسەر تاوێر و
تاریکی و شۆستەکان بەجێ هێشتووە؟
بڕوانە!
ڕێکەوت چ ئاژاوەیەکی ناوەتەوە
زەرورەت چ بەڵایەک!

هەولێرنامەی کتێب

لە سێبەری گەڕۆکی درەختێکدا
پاڵم داوە بە تەنیاییەوە
گومانەکانم دەدوێنم
باسکم وەکو دوو لقەرووناکی
بەرەو رووت راگرتووە.
تۆ لەدایکبوونێکی دیکەی
شێوەی غەیبت گرتووە.

تۆ شتێکت لەگەڵ خۆت هێناوە نە لە بەیان دەچێت
نە لە شێوان،
نە لە بوون دەچێت
نە لە نەبوون.
زەریا کەناری خۆی دەخولقێنێت
تۆیش سەرەتای زەمانی من.
من خۆم داوەتە دەستە رازگرەکانت
هەر خۆت چارەنووسی منیت.

هەواڵنامەی کتێب

ڕێگایەکان بە داڵانی تاریکییدا شۆڕ دەبنەوە
هەق ڕەشماڵی سەرکەوتووانە
مێژوویش ئاوێنەی دەسەڵات.
بۆ هەر پەیامێک بە خەون دەست پێ دەکات
بە خوێنباران تەواو دەبێت؟
چەند پێک دەچن پەیامەکانی زەمین و ئاسمان!
بۆ تا ئێستا زەمین دیلی ئاسمانە؟
ڕاستی: سەراب
بۆ تا ئێستا زەمان تەختی بکوژانە؟

پێش هاتنی بە پرتاو بە سەرچوو زەمانی ئێمە
نە ئێوارەکان هی ئێمەن
نە ئایندە سیمای رازەکانە.
خۆت رووت کەوە!
با جەستە سەروەریی رۆح بسەلمێنێت

ئەمە نەفرەتی گومانە یان یەقین؟
کە وێنەی لێڵ و سەرەوخواری خۆم
روالەتی بوونمە
کە بیرچوونەوە رووناکترین هەقیقەتە
هۆشیارییش: ئەفسانە
کە مەرگ تاکە شایەتە و
ئێمەیش نازانین لە کوێین,
ئەمە ئەڤینە
یان ونبوون؟

هەواڵنامەی کتێب

ڕێگایەکان بە کۆڵانی ونبووندا شۆڕ دەبنەوە
وەکو جۆگەلەبارانە لە کەناری هیچدا
کوێر دەبنەوە.
ئەگەر ئێستا لەوێ مانگەشەوە یان ئەنگوستەچاو،
بەیانە یان شێوان
بەمن چی!
من بیری باوەشی دایکم دەکەم
بیری ئەو ڕۆژانە دەکەم
کە چنگم بۆ بەیان دەگرتەوە
بە دوای پەپوولە و زایەڵە دەکەوتم
خەوم لە چاوی شەو دەدزی و
لە تریفە خانوچکەم دروست دەکرد
لەنێو گیادا
ئەستێرە ڕژاوەکانم دەچنییەوە.

هەوڵنامەی کتێب

من چیم داوە لە ناو و شێوەی بتەکەم
چیم داوە لە ڕەنگی کفنەکەم
لە ناسنامەی بکوژەکەم
بە من چی دارەمردووەکەم لە چنار بێت
یان خۆڵەمێش
بە من چی شوێنی گۆڕەکەم
من بیری باوەشی دایکم دەکەم.

کوا ئەم کۆچە سەرەتابوو؟
کوا سەرهەڵگرتن بەدوای ئاگردا
بەدوای باوەڕ و ژیاندا
دەرکەوتنی وەرزی ڕووناکی و
داهێنانی مانابوو؟
کوا ئەم کۆچە سەرەتابوو؟

هەواڵنامەی کتێب

## III

ڕۆژەکان ڕەت دەبن و تەمێکی پەمەیی وەک سێبەر
دامدەپۆشێت
شەو بەسەر دەستمدا دەچەمێتەوە.
تاریکی سنووری خۆی دەبەزێنێت
ڕۆژەکان بۆشایی نێوان من و بوون پڕ دەکەنەوە
تاریکی ئایەتەکانی خۆی لەسەر جەستەم
دەنووسێتەوە
من لەودیو تاریکییەوە چاو دەگێڕم
شتە بیندراو و نەبیندراوەکان دەبینم
ئەو ڕازانە دەخوێنمەوە کە خۆڵ و ئاو و هەتاو
لەسەر هەڵچوونی درەخت،
تینوێتی
لەسەر گەڵا دەینووسنەوە.

لەودیو چاکە و گوناهەوە
خولیاکانی جەسەتە دەلاوێنمەوە
بە بۆشاییدا دەڕوانم
رِوونی دەخوێنمەوە
کە وەک ئاوێنەیەکی لیڵ وێنەی شێواوی خۆم
پیشان دەداتەوە.
پەنا دەبەم بۆ کیمیای شتەکان
کە بەخۆم نامۆ دەکەن.

من خۆمم و خۆیشم نیم
شتەکانیش تەنیا وێنەی کاڵ و بەخۆنەچووی خۆیانن.
من چرایەکی تاریک و پشکۆیەکی سەهۆڵینم.
تاوێرێکی نەرم و هەورێکی رەقهەڵاتوو.
پیرێکی نوورانیم
گوناه و تاریکی تێم ئاڵاون.
تەرمێکی‌مگەڕۆکم
تەنراوم بە نەفرەتی خواوەند و پەشیمانی,

هەوالنامەی کتێب

بە مەترسییەک
کە لە ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت.
ئەم دابڕانە بەرەو کوێم دەبات؟
لەودیو منەوە ساتەکان چۆن دەنوێنن؟
مەودایەکان بەکوێ دەگەن؟

پەردەی پەنجەرەکە لادە!
با ڕووناکی بێتە پەیڤین
با شەپۆلی ڕووناکی ڕامانژێنێت
دامانبڕێت لە شوێن و کات و
بێدارمان بکاتەوە،
با ڕووناکی خۆڵەمێشی ڕۆژەکانم هەڵکاتەوە.
پەردەی پەنجەرەکە لادە!

سـەر لـەنوێ دەگەڕێمـەوە بۆ پەنایـەکانی ڕۆح،
کە پڕن لە گومان و حەسرەت،
پڕن لە پڕی و چۆڵی.
مەودای نێوان خۆم و ئایندە بە پرسیار دەتەنم.
من کێم؟ لـەکوێڕا هـاتووم؟ کـە سـنوورەکانی نێـوان
بوون و نەبوونم داپۆشیوە.
مــن چــیم؟ کــە ئــەم بۆشــاییەم پڕکردۆتــەوە و
سێبەرەکەم ڕواڵەتی بوونمە!
چۆن ڕێم کەوتۆتە ناو ئەم قوڵاییە؟
هەڵەبوو یان سیستەمی تەبایی دژەکان،
ڕێکەوت بوو یان سزا: سزای خوێندنەوەی تـاریکی و
پڕکردنەوەی بۆشایی،
سزای نیشتەجێبوون لەنێو تیشکدا،
سزای گوناهی باوەشلێکدانی ئاسۆ و گزنگ،
قەرسیل و شەونم،
درەخت و باران و
من و خەون.
ئەمە ڕێکەوتە، یان زەرورەت ؟

مردن هات و تۆ نەهاتیت
من عەودالّی فڕینم، فەزام سەردابە و لە ڕۆخی
گۆلاودا چاوەڕێمە
وێڵی ڕووناکی و ڕەهابوونی ڕۆحم
ڕێگایەکەم بازنەییە و ڕووەو لێواری خۆمم دێنێتەوە.
مەگەر ڕێگایەکی دیکە نەبوو
بەرەو ونبوونێکی ترم بەرێت؟
ئاشنام کات بە مردنێکی دی؟
مردنێک کە ریتمی زەمان و
هارمۆنیای ژیان بێت،
یان بۆ هەرێمێکم ببات جگە لە ترس و تاریکی
شتێکی کەی تێدا بڕوێت؟
هەرێمێک لە گۆڕەکەم بەرینتربێت.
ئاخۆ فەزایەکی دیکە نەبوو بۆ فڕینم؟

تاریکستانێکی تر نەبوو بەسەر مەرگی خۆیدا بکشێت
تا ناوی لێ بنێم وڵات؟
شار بەشار، دورگە بەدورگە بیگێڕم
بەدیاریەوە شەونخونی بکێشم و
ئاشنای کەم بە دڵدارانێک
کە زەمان لە ئەڤین دەگرن.
ئاریلەیەکی دی نەبوو بەبێ مەرجی باوەڕهێنان
بەخۆم و خوام ئاشنا بکات؟
لە پەیڤێکدا
یان لە دڵۆپێک ڕووناکیدا
شێوەی ڕۆح و
هەقیقەتم پێشان بدات؟

هەولێرنامەی کتێب

مردن هات و تۆ نەهاتیت
دەشێت من لە ونبوون و چاوەڕوانیدا بەند بم
بەندی گومان
بەندی گوناه و پەشیمانی
بەندی هۆگربوونی جەستە و سات و شوێن
بەندی پەیڤی بێدەنگ و بێمانا
یان بەندی تەنیایی و خەیالاتی خۆم.
سیبیل(*) ئەمە پێشبینییە, یان ڕاستی؟
سەرەتایە یان کۆتایی؟ کە من نازانم لە کوێم
کە ئاسۆکەم دیوارە و منیش وەکو منداڵێکی گڕوگر
بە سەر دەیکوتم
دەزانم سەرشکاو منم, کەچی....
بۆشاییەک بەجێدێڵم قووڵاییەک لەسەر ڕێمە
قووڵاییەک دەکەمە شوێن بۆشاییەک چاوەڕێمە
کەچی......

لە ئێوارەوە با دوام کەوتووە
با یاری بە سێبەرە باراناوییەکەم دەکات
شەویش باڵای خۆی وەک ئاوێنەیەکی لێڵ لە رووەمدا
راگرتووە
سەرسام و چاوەڕێ بە خۆمدا دەڕوانم
کە شەلاڵی شەکەتی و ترس و بارانم.
یادەکان تێکەڵاوی یادەکان دەبن
زەمان تێکەڵاوی زەمان
دیمەنەکانیش بروسکەئاسا تێدەپەڕن:
چاڵێکی گەورە هێندەی شەو، بەرین وەک بیابان
لەتەمانگێکی خەواڵوو
گەلەسەگێک کە بە وەڕین شەو دەپشکنن
یاری بە شۆڕەلقی دارەکان و
بۆن بە تریفەوە دەکەن.
راسانێک شەو دەشڵەژێنێت
من بۆ لێرەم؟
بۆ (با) بەرۆکم بەرنادات؟
بەم بێوەختە تەرزە و رەهێڵە و تریشقە
لە کوێوە دێن؟

بەم سەرمایە بۆ کوێ دەچین؟
کۆردێلیا! ئەگەر ژەهراوت هێناوە بێنە بینۆشم*
ئەمە زیندەخەونە, یان راستی
کە من نازانم بۆ لێرەم
کە ئایندەم لە چاوەڕوانی و تەنیایی چێ دەکەم
جێگام لە پووش و بەستەڵەک
فەزام لە گریان
سێبووریم لە شێتبوون و
ئازادیم لە هیچ.
کوا ئەمە پیشەی منە؟
کوا ئەمە جێگەی منە؟

ئەم تاریکستانە خولیاکانی جەستە دەسڕێتەوە
وەک لێکدابڕان و زەبوونی, رەونەقی رۆح دەکوژێت
بە رەهێڵە و خۆڵەمێش و بۆنی مردن
گەمارۆی ژیان دەدات
پووچی و بێمانایی دەسەلمێنێت.

هەواڵنامەی کتێب

چـــۆن گـــۆلاوی تـــاریکی دەردەم و پەڵـــەی ســـەر
جەستەم بشۆمەوە؟
چۆن شێوەی رووناکی بگرمەوە؟
چۆن لە ونبووندا بۆ رێگا،
لە کۆتابووندا بۆ سەرەتا بگەڕێم؟
چۆن بەو دەستە شەکەتانەم، کە گومان دەکەم
هی من بن
خۆم بنێژم؟
کوا ئەمە شێوەی منە؟
کوا ئەمە رێگای منە؟
با رێگام بەرەو هەر گۆشەیەکی دنیا بێت
تەرمەکەم خۆڵەمێش و
گۆڕەکەم دەریا بێت.

# IV

بخوورەشەوێک، دارستانێک لە ئەستێرە
کە لە قووڵایی سامانڵدا وەک پاپۆڕ مەلە دەکات
تەختەخەوێک لە تریفە و زەردەگەڵا
کە بۆنی جەستەی گرتووە.
ڕاکشاوم لە ناو سرەوتندا
بێباک وەک تەرم
چاوەڕوان وەک دەنکە چەوێک کە شەپۆل
بەرەو کەناری ڕەتاندبێت.
گژەبا یاری بە ڕەنگەکان دەکات
گژەبا لەگەڵ خۆی گەڵای وەریو و
شەپۆلی تاریکی دەشڵەژێنێت
ڕازەکان و پاشماوەی یادەکان دەوروژێنێت.

شەوێکی ئاوێنەبەندە
شتەکان سەرمەستی درەوشانەوەن
شەو پاسارێکە پڕاوپڕی جەستە
پڕاوپڕی خەون و درەوشانەوە و روانین
شەو بەلەمێکی سرەوتگرتوویە و
منیش لە ناویدا وەک ماسیگرێکی ماندوو
لە سەرپشت راکشاوم.
خەونەکان دێن و بە خێرایی لە کۆڵانی بێداریدا
ون دەبن.

ئاخۆ زەمان خەونئاسا ئاواڵەیە
یان وێنەی بێداری تەنراو؟
سەفەرەکەم سەرەتایە
یان کۆتایی؟

گژەبا یاری بە رەنگەکان دەکات و
چەند گەڵایەک لە سەر جەستەم بەجێ دێڵێت
دیمەنەکان لە تافی درەوشانەوەیاندا
دەڵێی دەچنە ژوان بە پرتاو رەت دەبن:
منداڵییم، کە وەک نەناسیێک بۆم دەڕوانێت
مردن، کە بە نێوان شەپۆلەکاندا دێت
نیوەی شەوین
نیوەی وەک تریفە زیوین.
بۆنی خۆڵی بەر تازەباران
بۆنی شێداری دارستان، کە لەوێ
گەڵا بە نەغمەی بولبول و
چرپەی شەونم دەپشکوێ.
پۆلێک پەپوولە، کە لە دەشتی درەوشاوەی شەودا
یاری بە تریفە دەکەن

گەلەسەگێکی چاوەڕوان، کە لە تاریکیدا چاوانیان
وەک هێشووەئەستێرەی دوور دەنوێنن
ڕەوە سوارێک کە تەمیان کردۆتە دەمامک و
شمشێریان لە ڕووی درەوشانەوە و شەودا
هەڵبڕیوە
ئەستێرەیەکی خزیو کە لە ناوەڕاستی دەریادا
دەکوژێتەوە
ڕۆژە سیما پاییزییەکان، کە لە شەقامی نەهاتدا
بێ شوێنەوار ون دەبن
ڕوخساری دۆستێکی دێرین: ئەبەدییەت
کە لە فەزای ئەندێشەدا خەرمانەی داوە.

هەواڵنامەی کتێب

یادەکان وەک زەمان بە پرتاو ڕەت دەبن
دەروازەکانی ڕوانین ئاواڵەن بە ڕووی ڕێکەوتدا
بە ڕووی گومان و
درەوشانەوە و
ڕازە ئەزەلییەکاندا.
دەبوو من لە سەردەمێکی دی و لە جێیەکی دیکە
چاوەڕێت بم،
لە ڕێکەوتێکی دیکەدا درەوشانەوەت دابڕم بکات
لە شوێن و کات.

من چۆن بە سەر ئەم ڕێکەوتەدا کەوتم؟
لە کوێ ساتە کورتەکانی ئازادیم ون کردن؟
چۆن لە سۆراخی خەون و مەحاڵدا
بوومە سەرحەلقەی گوناهکاران*؟
چۆن هەقیقەتم گۆڕییەوە بە گومان؟

هەواڵنامەی کتێب

خۆت رووتکەوە!
تا لەبەر ئاوێنەی جەستەتدا
رۆح ببینم.
خۆت رووتکەوە!
من لە روونیدا پێدەگەم
لە روونیدا رادەبمەوە.

بێدار لە پانتایی سرەوتندا
وەک ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش بۆ ناخی خۆم دەڕوانم
گوێ بۆ پەیڤینی گومان هەڵدەخەم
دەست بۆ رەگی روونی دەگێڕم
رەنگی سەررووم پەرتێن دەبن
حەرفەکان لەسەر پەنجەم وەک مۆم دادەگیرسێن
هەڵدەلەرزم وەک منداڵێک لە تاریکیدا
سێبەری تەڕبووم وەک مینایەکی شکاو
بە سەر خۆیدا هاڕە دەکات
لە سۆراخی پارچەکانمدا بێئاگا
دەڕژێمە ناو تەوژمی رووناکییەوە.

هەواڵنامەی کتێب

تۆ وەرزێکت داهێنا بۆ پرسین و سەفەر
پەیڤینت پێشنیازی خەون و ئازادی بوو.
بدوێ! تا شتەکان درەوشانەوەی خۆیان دەربخەن
تا لەسەر لوتکەی بێکۆتایی بتبینین و
راستی وەک مەشخەڵ هەڵببڕین.
زەردەی سەرکەل چاوەڕێیە
دار, تینوویێتیی گڵ, قەرسیل, کێلەگۆڕ, مانا,
سەوزیی گەڵا, پرسین, بێدەنگبوون, کوێرەڕێی
نێو دارستان,
من و ماتبوونی بەردیش
بدوێ! با ژیان بێتە پەیڤین.

ئیدی لە کویێ بۆت بگەڕێم؟
خۆتیت جەوهەری شتەکان
خۆتیت سەرەتا و کۆتایی
ماناى بوون و مان و زەمان
چاوەڕوانی بە تۆوە سایە و هیوایە
ساراکانی گیان ئاوەدان.
خۆت زەرورەت، جەبری ڕێکەوت
بەتۆوە ژیانە، ژیان.

یادەکان وەک زەمان بە پرتاو رەت دەبن
لەپاڵ ئاسۆدا رازە ئەبەدییەکان دەدوێنم
جەستەم وەک چەپکە گوڵێکی باراناوی
لەبەر تاڤگەی زیوینی تریفەدا هەڵدەخەم
باسکم وێنەی دوو لقە رووناکی
بەرەو رووت هەڵدەبڕم.
تۆ سپێدەیت لە شێواندا
درەوشانەوەی هەقیقەتیت لە گوماندا
لە تۆدا ماناکان یەکتری تەواو دەکەن
وەکو شەپۆل یەکتری دەسڕنەوە
ئاینەکان بەیەک دەگەن
دژەکان تەبا دەبنەوە.

تۆ لەدایکبوونێکی دیکەیت شێوەی غەیبت گرتووە
منیش لە سەردەمێکی دیکەدا وەک زارۆکێک
بۆ باوەشت هاتوومەوە.
وەنەوشەیین پەڵە شەونماوییەکانی رووم
هەتاوگرن نسارەکانی دڵ.
هاتوومەوە, لە خەڵوەتدا سۆز دەکەم
لەبەر چۆڕاوگەی رووناکیتدا دادەگیرسێم و
ناسووتێم،
دەسووتێم و
وەکو قەقنەس جارێکی دی رادەبمەوە
بە دەم ژانی سووتان و شەکەتیی بەرزەفڕییەوە
لە فەزای تۆدا سۆزدەکەم
سۆزدەکەم و
جەستەی بڵێسەئاسام گۆرانیی گیان دەچڕێت
گیانیشم شێوەی تۆ دەگرێت.
تۆ وەک زەمان بێ سەرەتا و بێ کۆتاییت
وەک رووناکی بێ شێوازیت.

کتێبەوەنامەی

به من چی سەرەتا گڵ بووبێت یان هەوا
ئاگر بووبێت یان ئاو
سەرەتای من پزیسکێکی جەستە بوو
لەنێو رۆحدا توایەوە
چۆرە نوورێکی رۆح بوو
بە جەستەوە گیرسایەوە
سەرەتای من:
لەگەڵ تۆدا دەست پێ دەکات
سەرەتای من:
لەودیو تۆوە تەواو دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

# حەسرەتەکانی ئۆدێسا

بەیادی فرانس / دواى هەژدە ساڵ

هەواڵنامەی کتێب

لە کەناری دەریادا ئێوارە بۆ باڵندە ئاوییەکان
بە جێ دەهێڵم
تاریکی وەک کتێبێک دەپێچمەوە
دەمەوێت شەوەکی بگەمەوە لات
سەرکزانە گوناهەکانم وەک ئالآیەکی سپی
بەرامبەرت هەڵبرم
خەونەکانیشم وەک باوەشێک گەڵای پواو
لە بەر پێتدا هەڵرێژم.

* * *

ژنە ئازیزەکەم پێنیلۆپی[*]
لە مێژە شەڕەکە تەواو بووە، کەچی هێشتا
ئاشتی نەهاتووە
بیرم نایەت لە کەیەوە بەجێم هێشتوویت
من زەمان و ڕێگای گەڕانەوەم ون کردووە.
بە ئاسۆدا دەڕوانم و هیچم لە بیر نییە
نە دواژوان
نە ڕۆژانی سامناکی شەڕ
نە شەکەتی و ونبوونی ناو گەردەلوول و زریان.
ئێستا بێباکم لە سزا و نەفرەتی (پۆسێیدۆن)
کە دەریای بە گژدا کردم
ناوی هاوڕێ کوژراوەکانیشم لە بیرنین
کە نەیانزانی بۆ بە شەڕهاتن
نەیانزانی و نەشیان پرسی بۆ دەبوو بمرن
پرسینی چی؟
کاتێک چارەنووس تیرێک بێت لە کەوانی خوداوەنددا.

* * *

ژنە میهرەبانەکەم پێنێلۆپێ
من بێ مەبەست بە ئاسۆدا دەڕوانم و
هیچم لە بیرنییە
دوای تۆ چیم ماوە بە غەیبی بسپێرم؟
کوا رازێکم لایە بۆ رووناکیی بدرکێنم؟
من شوێنهەڵگری جوانی بووم
خەون بەرەو ئینسانی بردم
ئەڤین بەرەو تۆ
بێ تۆ نە ساتێک لە زەمان شک دەبەم
نە جێگایەک لە شوێن.
شتەکانیش بە دوای یەکدا پەرتێن دەبن و
درز دەخەنە بوون و ناخەوە.
نەمدەزانی ئەڤین هێندە پڕ فیتنە و ژانە و
دەشێت ئەم شەڕە بێکۆتایە بنێتەوە
نەمدەزانی لێکدابڕان ئەم برینە ئەبەدییە دەخاتە گیان.
گەر ببینیت چ خۆڵستانێکە جەستەم!
گەر بزانیت چ سارایەکە رۆح!

* * *

هەواڵنامەی کتێب

پێش سپێدە دەخوازم بگەمەوە لات
خەونەکانم وەکو چەپکە گوڵی ژاکاو
لەبەر پێیە جوانەکانتدا هەڵڕێژم
بەڵام ئاخ ژنە هێژاکەم! ڕێگای گەڕانەوە
لە ژیان درێژترە
من لە سەفەری بێکۆتاییمدا زەمانم ونکردووە
لە دورگەیەکی سارادا بە بۆشاییدا دەڕوانم
من جیهانم بردۆتەوە, کەچی خۆمم دۆڕاندووە.

هەواڵنامەی کتێب

## شەوڕەو

هەواڵنامەی کتێب

رازی ئێوارەی لەگەڵ خۆی برد و نەگەڕایەوە.
ئێستا لەنێو زەمانێکی خۆڵەمێشیدا راکشاوە
نیگای رەنگی پایزیان گرتووە.
تەم بەسەر جەستەیدا
بە سەر شەپۆلەکاندا دەکشێت
تاریکی کێڵگەی ئەستێرە دەتەنێت
تاریکی، گەردوون وەک چاڵێکی قووڵ
پڕ دەکاتەوە.

لە ئاوێنەی شەپۆلەکانەوە خۆی دەبینێت
کە وەک تارمایی لەنێو ئاودا دێت و دەچێت
شەوبا ئارەقەی سەر ڕوخساری دەسڕێت و
گەڵابارانی دەکات.
شەوبا دوا چرکەی پاییز لەگەڵ خۆی دەبات.

ئێستا تەنیا و سەرگەردانە
وەک پەڕەسێلکەیەکی سەرمابردوو
کە لە وڵاتێکی دووردا هاوینی ون کردبێت.
شەپۆلی شەو جەستەی دەشۆنەوە
ڕوخساری گەنمڕەنگی، ڕەنگی تاوێری گرتووە.
وەک خەوبینەرێکی بێداربێ مەبەست دەڕوانێت:
بۆ ئەو باڵندە ئاوییانەی لە کەناری خەوندا
ڕووناکی دەخۆنەوە
بۆ ئەو شەپۆلانەی بەرەو شوێنێکی نادیار
دەریایان پێش خۆیان داوە
بۆ فەزا کە لە ڕەشماڵێکی باراناوی
یان لە بیابانێکی شەوین دەچێت
بۆ تەنیایی
بۆ ئەو تاوێرانەی لەنێو دڵیاندا
ڕووناکیی هەموو سەردەمەکانیان حەشار داوە

هەواڵنامەی کتێب

بۆ ئەو درەختە تەنیایەی لقەکانی
بەنێو هەوردا چوون
بۆ ئەو ساتانەی وەک دڵۆپە باران
بە تینوێتیدا شۆڕ دەبنەوە
بۆ تەمەن کە بە وێرانەی زەماندا دەکشێت و
بۆشایی درەوشاوە دادەپۆشێت
بۆ خودی خۆی دەڕوانێت
کە ڕەنگی تەڵخەهەوری گرتووە.

من لە سەرەتادا هەموو شتێکم بینی:
کاتێک لە سووتاندا باڵام دەکرد و
لە مردندا لە دایک دەبوومەوە.
کاتێک منداڵییم لە نیوەی ڕێ گڕوی گرت
لە داڵانی تاریکی و ترس و نەهاتدا سەرگەردان بوو
منداڵییم لە گۆشەیەکی زەماندا جێما
لاویەتییشم بە دوای ئەو پاسارییەنە کەوت
کە شەر بەیان و دارەکانی
لێ زەوت کردن.
من وەک سەگێکی بەر چۆڕاوگەی کۆڵانان مانای
ستەم و برسییەتیم زانی.

ڕۆژ و ئێوارە و وەرزەکانیشم بەنۆرە تاقی کردنەوە
کە بێباکانە گوڵی تەمەنیان دەچنییەوە و
وەک یارێکی بێ وەفا بەجێیان دەهێشتم.
تەنانەت ئەڤینو باوەڕ
کە وەک نەناسێک پشتیان تێکردم.
تەنیاییم ناسی ئەو ساتانەی وەک گەڵایەکی وەریو و
تەزیو
لە بەستەڵەکدا هەڵدەلەرزیم و بە پەرۆشەوە
چاوەڕێی هیچ بووم.
لە تەنیاییمدا هاوارم بۆ دوائەستێرەی شەو دەکرد:
مەڕۆ!
ئەوە ئامێزم کە وەک فەزا ئاواڵەیە
ئەوە دەستم کە شەویان هەڵگرتووە
ئەوە جەستەم کە وەک ئێوارەزستانە
شەلاڵی بولێڵە.

ئێستا تەنیایە خۆی بە ڕێکەوت دەسپێرێت
وەک ئەستێرەیەک کە لە قووڵایی شەودا
ڕێگای ون کردبێت,
بەدوای سپێدەدا دڵی شەو دەپشکنێت.

هەواڵنامەی کتێب

لەسەر رووپەڕی بیر یادێک دەنووسێتەوە
لە پڕ یادێکی بە گوڕ تر دەیسڕێتەوە
وەک چۆن شەپۆلێک شەپۆلێکی دی دەسڕێتەوە.
دوا وتەی بۆ بۆشایی دەدرکێنێت و
بۆ ناخی خۆی دەڕوانێت
لە خۆی دەپرسێت:
چۆن بە شتەکان متمانە دەکەیت؟
چۆن بە رووناکی گیان دەشۆیتەوە؟
لە خۆی دەپرسێت:
چۆن لەگەڵ شوێنو زەمان هەڵدەکەیت؟

ئێستا شەکەتو تەنیایە
وەک رووبارێک کە هەر دەڕوات و دەڕوات
کەچی قەت ناگات
تینوویە وەک خاکێکی دێمەکار
بۆ ئەو هەورانە دەڕوانێت کە: شیتاڵ
شیتاڵ
لەنێو دڵی شەودا دەتوێنەوە.

بروسکەیەک تاریکایی لەت دەکات
ئەو چنگی پڕ دەکات لە ڕووناکی و
روخساری لە بەر دڵۆپی تەڕی ڕووناکیدا ڕادەگرێت
شەو کتوپڕ گەمارۆی دەداتەوە و
سەرتاپای شەڵاڵی تاریکی دەبێتەوە.
وەک دارێک
کە لقەکانی لە ژێر بەفردا نووستبن
وەک ئاگرێکی خومارین, بۆ قووڵایی شەو دەڕوانێت
بێباکانە دەڕوانێت و
باوەش بۆ چارەنووس دەگرێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# II

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## پەنجەرەیەک دەکەمەوە

هەواڵنامەی کتێب

پەنجەرەیەک بە سەر پەیڤەکاندا دەکەمەوە:
روخسارم نوقمی تریفەیە
ئەڤین: خەڵوەتگا
قەرسیل: تەختی خەو
شەویش لە نێو دەستمدا: سپێدەیە
شەو شەپۆلێکە رووناکی هەڵگرتووە
یان هەرێمی زایەڵەیە.

پەنجەرەیەک بە سەر رووناکیدا دەکەمەوە.

# ئازادی

بۆ ئازادیم دەگەڕێم و
دەستەکانم بە جەستەت بێدار دەبنەوە

تۆ جەوهەری شتەکانیت
فەزای خەون و خەڵوەتی گیان.
جەستەت گوڵووکی رووناکی گرتووە
دەستەکانت داهاتوویان وەک ئاوێنە
بەرامبەرم راگرتووە.

رووناکیت قیبلەی ئەبەدیمە
"بەندبوونم لە تۆدا ئازادیمە" *

هەواڵنامەی کتێب

# گەدا

هەواڵنامەی کتێب

ئێستا: سپێدەی بەیانە,
یان درەوشانەوەی تاریکی
شوێنیش: بەردەرگا ئاستەنگەکەت.
دەزانم لەودیو ئێستاوە
زەمانێکی دی نییە
لەودیو ئێرەوە
بۆ من هیچ شوێنێکی دی نییە
منی گومڕا
کە مەرگی خۆم ڕێنیشاندەرم بوو،

منی گەدا
کە بەرماڵەکەم لە بەر دەرگاکەت راخستووە و
لە دەستەکانت سواڵدەکەم
سواڵی شتە لەدەستچووەکان و
ساتە لەناکاو ونبووەکان
سواڵی رووناکی
سواڵی ئازادی
سواڵی ئەو پەیڤە بێ وەفایانەی
قەت نەهاتنە ژوان.

هەواڵنامەی کتێب

## بینین

رووناکی لەسەر پێڵوەکانت
داهاتوو لەسەر دەستەکانت
شەویش ڕەشماڵێکی چۆڵکراوە
ئەڤینی تۆ ئاوەدانی کردۆتەوە.

هەردوو باسکم بۆ تریفە ڕاخستوون
شەو بۆن دەکەم
پەلکە گوڵێکی وەریو بۆن دەکەم
کە دەڵێی چاوەڕێی شتێکە
هەڵمی دارستان و
ئەو شەپۆلانە بۆن دەکەم کە شەوبا
ڕووتیان دەکاتەوە.

لە چاوەکانتدا فەزا ئاوێنەیە
پرسیارەکان بێکۆتایی
زەمانیش زایەڵە.

من داهاتوو دەبینم
ژیانو مردن دەبینم

ڕووناکی لەسەر پێڵووەکانت
ژیان لەسەر دەستەکانت.

هەوالنامەی کتێب

## وەرزێکی نوێ

هەواڵنامەی کتێب

بەژن زراف وەک تەنیایی
نوێ وەک بەیان
مەحاڵ وەک ئەفسانە و راستی.

دەستەکانت شێوازێک دەدەن بە زەمان
نیگات مانایەکی تر بە پەیڤین
پەیڤینی رووناکی، کە وەرزێکی نوێیە
بۆ خەون و ئەڤین.

## زەمانی ئەڤین

کتێبخانەی گۆڵاو

ئێستا هەر ئێمە لێرە ماوین
هەر ئێمەین گۆشەگیر، ژیان لە رامان دەگرین
سایەمان: چڵێک هەتاوە
قیبلەمان: شەپۆل
جەستەمان: کتێبی ئێوارە.

هەر شتێک زەمانی خۆی هەیە
ئێوارەیش: زەمانی ئەڤینی ئێمەیە.

## بەیانی بوو وەک ئێستا

بەیانی بوو وەک ئێستا
جوانترین سات بۆ ونبوون:
تۆ لە چاوەڕوانیی مندا
منیش لە سۆراخی هیچدا.

بەیانی بوو وەک ئێستا
نە هەتاو بوو، نە سێبەر
نە بێدەنگی، نە پەیڤین
نە کۆتایی دیار بوو، نە سەرەتا
بە تەنیا رێیەکی والا و
دوو جەستەی شەکەت
دوو تارمایی درەوشاوەی
ساتێکی ئەودیو زەمان.

هەواڵنامەی کتێب

لەودیو ساتەکانەوە
بولێڵ و چاوەڕوانی بوو
وەک کوێر دەستم دەگێڕا
چنگم پڕی بۆشایی بوو
پڕی گومان و ترس
پڕی بێکۆتایی بوو
لەوسەری مەودایەکانیش
تۆ دیار نەمایت
زەمان وەستا
بەیانی بوو وەک ئێستا.

# تابلۆ

لەسەر روخساری تاریکی شێوەت دەبینم:
پڕبوونەوەی بۆشایی
بریسکانەوەی دڵۆپێک رووناکی
گوڵەگەنمێک کەرەنگی تریفەی گرتووە
ژیلەمۆیەکی خەواڵوو
ئەستێرەیەک کە دەبیندرێت و نابیندرێت
هەنگاوی زەمان و
لێواری ناکۆتایی.

لەسەر تاریکی شێوەت نەخش دەکەم.

هەواڵنامەی کتێب

## داهێنان

هەواڵنامەی کتێب

لەکوێوە ئەو هەموو ڕووناکییەت هێناوە؟
کوا شەوەکانم ئەوەندە درەوشاوە بوون؟
کوا ئاسمانم ساماڵ
ڕۆژم هێندە ڕووناک و
سووتانم بڵێسەدار بوو؟
کوا تەمەن شوێنەوارێکی لەدوا جێماوە؟

ئەم هەموو ڕووناکییەت چۆن داهێناوە؟

# ژوان

شەپۆلەکان  کۆ بکەوە!
کوا لێرە دەرفەتی ڕامان و پەیڤین
مەودای ڕوانین
یان پەنایەک بۆ ڕۆح ماوە؟

کوا ئێرە تۆ دالّدە دەدات
چاوەڕێی چی؟
کەی دارستان لە خەمی خۆکوشتنی
باڵندەدایە؟
کوا دەریا تەرمی خنکاو دەداتەوە؟
کەی کەنار گوێ بۆ هاواری
شەپۆل هەڵدەخات؟

هەواڵنامەی کتێب

چاوەڕێی چیت؟
شەپۆلەکان کۆ بکەوە!
لەوێ هەموویان چاوەڕێتن:
ئەو باڵندانەی مەستی سەفەرن و
بە باڵ رووناکی دەگوازنەوە
ئەو کانییانەی دڵی تاوێریان لەت کردووە
شەفەق و هەور کە بە خۆت دەچن
رازی سپێدە و شێوان
دەریا کە لە بەرپێی ئاسۆدا راکشاوە
شینیی ئاسمان
سەوزایی دارستان کە وەک ئاسۆ و ئاوێنەیە
خۆکوشتن و
گەڵای وەریوی سەر شەقام
شەویش لە ئامێزتدا
جەستەیەکی وروژاوە.

شەپۆلەکان کۆ بکەوە!
نۆرەی کۆچێکی دیکەیە
ئێستا خەون ڕێنیشاندەرە
جوانی بەهانەی سەفەرە
وادەی ژوانێکی دیکەیە.

چاوەڕێی چیت ؟
لەوێ ڕووناکی شەونشینمانە
ڕووناکی ئاوێنەی ئەڤینمانە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## شەوچرا

سەرەوژوور بەرێگای تەمەندا
سەرەوژێر بە نێوان شەپۆلی زەماندا

شەوانە
لە پەنای ئاسۆڕا خەونەکان وەک خوناو
دەروبەر تەڕ دەکەن
وەک پۆلێک باڵندەی دنیا گەڕ بە باڵیان
وەرزەکان هەڵدەگرن
خەونەکان وەک نەمامی هەتاو
گوڵووکی رووناکی دەر دەکەن.

هەواڵنامەی کتێب

شەوانە
بە باڵی خەونەکان زەمەنەبەردینە و خۆڵستان جێ دێڵین. ڕێ دەکەین بە پەنای ئاسۆدا, بە نێوان هەورێکی زیویندا کە باڵای شەپۆل و ترۆپکی درەختی تەنیوە.
لە باخچەی وەنەوشە و خوناودا لەگەڵ مانگ چاوشارکێ دەکەین و جۆلانە هەڵدەخەین, دەیکەینە هێلانەی بولبوول و ڕوونـاکی. بۆ ژوانی منداڵی, کازیوە لە دڵدا هەڵدەگرین, چەپکێک گوڵ دەچنین و شەپۆلێک دەکەینە ئاوێنە. بۆ ڕۆخی ڕووبارێک مل دەنێین تریفە و ئەستێرە لە نێویا خۆ دەشۆن.
لە پەنای هەوردا خۆ دەگرین, هەورەکە دەبارێت بە بۆنیباران‌و درەخت مەست دەبین. جەستەمان گوڵ دەگرێت، جەستەمان وەک گەڵا سەوز دەبێت.
بەرەو ڕووی ئەشکەوتێک مل دەنێین تاریکی زارکەکەی تەنیوە. دەترسێین رادەکەین. شەپۆلێک وەک ئەسپ تاو دەدەین، تاریکی سەر ڕێمان پێ دەگرێت. غار دەدەین.. دەگەینە بەر تاقگەی خۆرەتاو.

لە ناکاو وەکو دوو چۆلەکەی باڵزێرین پێکەوە گڕ دەگرین، لە گەرمەیسەمای بەر هەتاو و باراندا گڕ دەگرین ناسووتێین دەبینە دوو ئاسک, دوو سێبەر بە پرتاو بە فەزای مەحاڵ و شەقامی پایزدا ڕەت دەبین. لەدەشتی زێڕینی بەیاندا ون دەبین.

ژوانگەیەک لە ڕووناکی
باخچەیەک لە ڕووناکی
تافگەیەک لە ڕووناکی

هەواڵنامەی کتێب

شەوانە
لە ڕێگای مەحاڵدا
دوو گومڕا بە ڕێکەوت پێک دەگەن
لە پەیڤ و ئەڤین و زایەڵە
زەمانێک چێ دەکەن
پێکەوە تا ئەبەد ڕێ دەکەن
ڕێ دەکەن.

سەرەوژوور بە ڕێگای تەمەندا
سەرەوژێر بە نێوان شەپۆلی زەماندا

دوو شەیدای شەونشین, دوو گومڕا
گیانیان وەک زایەڵەی شەوانە
جەستەیان: شەوچرا.

هەواڵنامەی کتێب

## پەرەلێل

هەواڵنامەی کتێب

I

لە پەنامدا راکشاویت
جەستەت: بلوری تەمگرتوو
روخسارت: خەونستان
وەک دوو کەناری بەرامبەر یەکین
شەو رووباری نێوانمانە
دەڵێی دوو هێڵی پەرەلێلین و
بۆشایی نێوانمان
بەهانەی بوونمانە.

## II

لە پەنامدا راکشاویت
رازێک لە چاوەکاندا
دەدرەوشێتەوە
من لێرە نیم, دوور دەڕوانم:
بۆ ناخی بۆشایی
بۆ رابردوو, کە ئاوێنەی ئێستایە
بۆ مەودای نێوانمان
دەڕوانم و تاریکی دەخوێنمەوە
بە بێدەنگی لەگەڵ جەستەت
لەگەڵ خۆم دەدوێم.
وەکو شەپۆلێکی ئاقرێم
شەکەتانە بەرەو کەناری تۆ دێم.

## III

لەودیو جەستەتەوە: بۆشایی
کاڵبوونەوەی سنووری نێوان
بوون و نەبوون
لەودیو نیگاتەوە: گومڕایی و
گومڕایی.

## IV

تۆ وەک ڕووناکییت:
ناتوانم بتگرم
یان وەک تاریکییت
ناتوانم لێت دەربازبم.

هەواڵنامەی کتێب

## V

له پەناتدا وەکو تەرمێک راکشاوم
دنیا ئارامە و
نامۆبوون: تامان
دەڵێی شەو تاتەشۆرێکە
بێدەنگبوون: زێوان.

## VI

هەواڵنامەی کتێب

لە پەنامدا راکشاویت
تەوێڵت لە سرەوتندا
گوڵووکە خەونی گرتووە
مەمکەکانت لەنێو تاریکیدا
وەک دوو ئەستێرەی بە جریوەن
هەناسەت شەو گەرم دادێنێت
نیگاکانت هەندێک جار پەرتم دەکەن
هەندێک جاریش ئاوەدانم دەکەنەوەو
رووناکی دەدەن بە زەمان.

هەواڵنامەی کتێب

## VII

چۆن بتوانم لێت ئازاد بم؟
کە وەکو پەرەلێلێکین
بۆشایی نێوانمان نیشانەی بوونمانە
چۆن بتوانم بتگرم ؟
کە دوو کەناری بەرامبەر یەکین
رووناکی روباری نێوانمانە.

# III

# شەوانە

هەولێرەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# دەستەکانت ناگەنە شەو

دەستەکانت ناگەنە شەو
گەڵا دەکەیتە بەرماڵ و
تریفە بە ئاوێنە!

دەستەکانت ناگەنە شەو
هەورێکت پۆشیوە
سرووودەکانت بۆنی خۆکوشتنیان لێدێت
درووودەکانیشت دیالۆگی بێزارین.

ئەمە چ سەرەتایەکە
کە ناگاتە بەر دەروازەی گومان؟
ناگاتە ئەو شەپۆلانەی بەخۆت دەچن؟
ئەمە چ سەرەتایەکە
کە نەتباتە خەڵوەتی پەیڤەکان؟

دەستەکانت ناگەنە شەو!
تەمەنیش بەردەبازێکە
لە ناو گۆلاوی زەماندا
بە سەر گۆڕەکەتدا بڕۆ!
کە مانت تەنیا ڕێکەوتە
لە پەراوێزی ڕێکەوتدا.

کەوانامەی کتێب

## گەڕانەوە

ئەو بۆ پرسین گەڕایەوە
لە کەناری خۆکوشتنڕا گەڕایەوە
پرسی: بە بیرت دێت ژیانمان لە ئامێز دەگرت؟
لە کۆڵانە باریکەکانی تەمەندا
چاوشارکێمان لەگەڵ ئایندەدا دەکرد؟

بە بیرت دێت شەپۆلەکان سەرینمان بوون؟
هەقیقەت: ماڵێک بوو بۆ هیوا
ئاسۆیەک بۆ ڕامان؟
شەفەقیش: مەملەکەتی گیان؟

بە بیرت دێت پاسارییەکان بە جریوەی پڕ خرۆشیان
بەیانیان دێنایە نێو ژوورەکەمان؟
لە سروشتدا بۆ سیمای منداڵیی دەگەڕاین؟
ڕازەکانی بوون و
داهاتوومان دەخوێندنەوە؟

به بیرت دێت لەنێو دڵماندا
ئێوارەکانمان پەنا دەدا؟
هۆگری ئەو تاوێرانە بووین
کە بەرەنگاری شەپۆل و
تینی سوتێنەری هەتاو و
زەمان دەبوونەوە.

لە لێواری خۆکوشتنرا گەڕایەوە
پرسی: بۆ "کەسێک لەو قولاییەوە نەهاتووە"؟
پرسی: بۆ تەمەن ئەوەندە کورت و
ڕۆژەکان هێندە درێژن؟
بۆچی زەمان تونێلێکی داخراوە؟
ڕۆح ئاوێنەی شتەکانەو
جەستە ژێردەستی و کەلاوە؟

ئەو بۆ پرسین گەڕایەوە
ئامێزی بۆ ڕووناکی گرتەوە
بەدەم بزە و ڕامانەوە
باسکەکانی بە سەر شەفەق و غەیبدا شۆڕ کردەوە.

## شەونشین

شەوم خستۆتە سەر ڕانم
دەڵێی ئاگردانێکم
بۆ ژیلەمۆم دەڕوانم.

تاریکی سنووری بینین دەتەنێت
باران دارە خەوتووەکان بێدار دەکاتەوە
سەرما تاوێرەکان.
منیش گوێ بۆ ڕەنگەکان هەڵدەخەم و
بۆ ناخی خۆم دەڕوانم.

دەشتێت ئەم خۆڵبارانە ناو بنێین: بەهار
دەشێت تەم بکەین: بە دەمامک
شەو بکەین: بە ماڵ
یان بە فەزای گیان.

بەڵام کوا ئاژاوە بە لۆجیک لێک دەدرێتەوە؟
چۆن ئەم بۆشاییە بێ کۆتاییە
بەجەستە پڕ دەبێتەوە؟
کوا مردن پەراوێزێک بۆ ئازادی دێڵێتەوە؟

ئێستا تەنیایی وەک ئاڵا هەڵدەبڕم
شەو بەتریفە دادەپۆشم، جەستەم بە بولێڵ.
نە چڵێک هەتاو جوانی دەبەخشێت بە خۆڵباران
نە سروود شانازی بە نیشتمان
دارستانیش دڵی پڕ ڕازی خۆی ناکاتەوە
بۆ هەورە گەڕۆکەکان.
ئیتر بۆ باڵندەی سەرهەڵگرتوو
لە بیری گەڕانەوەدا بن؟
بۆ باوەڕبێنین بە بەیان
کاتێک گزنگی خۆی پەڕەوازە دەکات؟
ئێمە بۆ بمرین
کاتێک مردن مانایەک نەدات بە ژیان؟

شەوم خستۆتە سەر ڕانم
دەڵێی ئاگردانێکم
بۆ سەمای خۆڵەمێش دەڕوانم!

# شەوەکانم

شەوەکانم وەک کتێبی غەیب دەگرمەوە:

شەوەکانم گوڵووکن لە باخچەی زەماندا
زایەڵەن لە دارستانی بێدەنگیڕا هەڵدەکەن
گەڕانن بەدوای خۆمدا
بەدوای ونبوون و
ڕەگی ڕووناکیدا.

شەوەکانم ئاوێنەی گیانن
هەر ئەوانن
گوناهەکانم دەنێژن
هەر ئەوانن
لە دڵیاندا رازەکانم دەپارێزن.

شەوەکانم دیالۆگی نێوان رۆح و جەستەن
لە رووی خۆمدا
لە رووی بووندا پرسیارن
شەوەکانم.

* * *

شەوەکانم سەفەرن بەرەو ناخی خۆم
بەرەو سەرچاوەی شەپۆل و
هەورازی گومان
بەرەو هەرێمێکی نادیار
کە لەوێ، خۆمان سەرداری تەمەنین
خومان خودانی زەمانین
لەوێ شەو فەزای ئازادییە
ژوانێکە لەگەڵ ئەبەدییەتدا
شەو ئارامترین پەناگەیە
یان جوانترین ساتە بۆ خۆکوشتن.

هەواڵنامەی کتێب

# گومانبار

## I

هەواڵنامەی کتێب

چنگت پڕی خۆڵەمێش و خەونە
نیگات پڕی پرسین
تریفەیش لە سەر تەوێڵت.
تەنیایت وەک ئەستێرەی شەو
دەتەوێت بە دەم تەنیایی و رامانەوە
پەیڤینی رووناکی و
رازی دەروون راڤە بکەیت.
لەبەر رووناکیی سەوزی گەڵادا
دەتەوێت بە گوناه
جەستە سەروەر بکەیت.

## II

شەو بەلەمی تەنیاییە
تاڵێک رووناکی رێچکەیە
تۆیش جێگایەک بەخۆت ناگرێت
دڵت پڕی پەشیمانی و خەمە

تۆ دەتەویست بەزمانێکی دی بدوێیت
دەتەویست رازێک بۆ سەردەم بدرکێنیت
یان پرسیار بکەیت:
لە مانا و بێمانایی راستی
لە لۆجیکی سروشت
لە بوون و ئەبەدییەت
دەتەویست لە نێو دڵی رووناکیدا
شەتڵێک تاریکی بڕوێنیت.

❊ ❊ ❊

هەواڵنامەی کتێب

وەک کۆلانێک کە هەتاوی  نیوەڕۆ لەتی کردبێت
نیوەت سێبەر / نیوەت هەتاو
دڵیشت پڕی چاوەڕوانی و خەمە
دەتەوێت بۆ خۆت, بۆ هەر کەسێک
شتێک بدرکێنیت
دەتەوێت لە وێرانەی جەستەدا
دیالۆگی رۆح دابێنیت.

## لەبەر باراندا

سێبەرەکەت لەبەر باراندا راخستووە
پەیڤەکانی بروسکە دەخوێنیتەوە
باران جەستەی تاریکی دەشواتەوە
شەو ئاوێنەیە و
سیمات ترسێک تەڕی کردووە
رازێک رووناکی کردۆتەوە
لەنێو دەستەکانیشتدا
ئەستێرەیەک نوستووە.

هەواڵنامەی کتێب

# ئاوێنە و سێبەر

1996

هەواڵنامەی کتێب

# پرسیارە بێ وەڵامەکان

بۆ باوکم

هەوارگەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

کلوەبەفرەکان بەسەر ئێوارەردا دەبارێن
کلوەبەفرەکان بەسەر جەستە رووتەکەتدا دەبارێن و
دوا ساتی تەمەنت دادەپۆشن.
من بە پەنجەی منداڵانەم تابلۆی جەستەت
لەسەر بەفر دەکێشم
ئەو جەستەیەی
درزێکی خستۆتە ئێوارە
ئەو جەستەیەی وەک خەتێکی زیوین
بە بۆلێڵەوە دیارە.

هەوالنامەی کتێب

کلوەبەفرەکان بە پرتاو دەبارێن: بەسەر تەنیاییتدا
بەسەر فرمێسکەکانی دایکمدا
بەسەر منداڵیمدا
بەسەر ئەو خەڵکە تۆقیوەدا کە لە حەوشەکەمان
ئاپۆڕەیان داوە
بە سەر خەمناکترین ئێوارەردا دەبارێن و
دەبارێن.

هەواڵنامەی کتێب

نە ئێوارە لە پەیڤینم دەگات
نە ئەو درەختە تەنیایەی ژوور سەرت
کە بەفرە گەڵای گرتووە.
من لە کۆڵانی بەیاندا رامدەکرد
لە ناکاو بەسەر تەرمەکەتدا کەوتم
بەسەر چارەنووسدا کەوتم.
ئێستا لەژێر ئەم فەزا لێڵەدا
من رەنگی تەرمم لێ نیشتووە
گومڕایەکم
داهاتووی خۆم ون کردووە.
لەژێر ئەم فەزا لێڵەدا
دەڵێی دوو دیلین..
دوو کۆیلەین
رێکەوت پێکمان نامۆ دەکات
چارەنووسیش لە دووڕیانێکی ئەبەدییدا
بەرەو دوو ونبوونمان دەبات.

هەواڵنامەی کتێب

کلوەبەفرەکان بەپرتاو دەبارێن
تۆیش لەبەر سەرمای ئێوارەدا وەک خاچێکیکەوتوو
یان وەک ساوایەکی ڕووت بێباکانە
ڕاکشاویت
بێ باک لە چارەنووس
بێ باک لە زەمان
بێ باک لە داهاتووی من
بێ باک لە دزەنیگای دۆست و دوژمن.
ئێستا ڕووتیت و
کلوەبە فرەکان جەستەت وەک کێڵگەی
پەمۆ سپی دەکەن
وەک کفنێکی دڕاو داتدەپۆشن.

کتێبخانەی هەوالنامە

تۆ زوو هاتیت
بەسەر جیهانێکدا کەوتیت کە لە نێوان راستی و ئەفسانەدا بوو.
رێگایەکان بە شەویکیان دەسپاردیت کە مانگ و ئەستێرەکانی خۆی دەڕەتاند.

منداڵێک بوویت لە منداڵیت بێزار. لە کۆڕەو و شەوە قەترانییەکاندا منداڵیت دەگۆڕییەوە بە جامێک شیر و لەتێک نان.
لاوییەتیشت لە بازاڕی بێکاریدا, لە مەیدانی شەڕ و سەنگەری هەرەسدا بەجێ دەهێشت.
گەشتێکی چەند بێمانا بوو
بەنێو تاریکی و تەپوتۆزی رۆژگاردا راتدەکرد و سەگە برسی و لەڕەکان هاوەڵت بوون.
سەگەکان دوای تۆ دەکەوتن, تۆیش خۆت بە غەیب و تەنیایی دەسپارد.
ڕاتدەکرد و ڕێیەکان هەڵیان دەگرتیت,
مێژوویەک بەرۆکی دەگرتیت لە خۆڵەمێش تەڵختر بوو.

هەوالنامەی کتێب

زوو هاتیت و تەمەنت دیرۆکێک بوو: خەون و
حەسرەت و ئەڤین دەیاننووسییەوە
تابلۆیەک بوو: جەنگ و ستەم دەیانسڕییەوە.

گەشتێکی چەند ناوەخت بوو ..
کاتێک هاتیت بەسەر تێنوێتیدا کەوتیت.
بەسەر وڵاتێکدا کەوتیت کە بە زەبری نزا و ستەم و
دەروێشی ڕاگیرابوو. وڵاتێک لە سێبەری
منارەدا سەربڕا بوو.
ڕۆژەکانت چاوەڕوانی و ڕێکەوت زەوتیان دەکرد،
شەوەکانیشت ترس و بێداری.
کاتێک هاتیت: تینوویتی وەرزی پێنجەم بوو
تینوویتی فەزای سەردەم بوو.
تۆ لە شەوی زوقماویدا بە گوناه خۆت گەرم
دەکردەوە. لە خۆڵبارانداا
بە ئەڤین تینوویتیی خۆت دەشکاند، وڵاتیش بە خوێن
و ئەفیونی ئایین و
ئایدۆلۆجیا.

هەواڵنامەی کتێب

گەشتێکی چەند خورافی بوو
تینوویێتی نسێی تەمەن بوو
تینوویێتی سیمای زەمەن بوو.

زوو هاتیت و
ژیان رۆتینێکی ڕووت بوو. ژیان گەشتێک بوو بەنێو ڕێکەوتدا، سەفەرێک بوو بەرەو مەحاڵ.
تەنیابوویت و
لە شەوە قەترانییەکاندا تەنیایی خۆت دەدواند.
تەنیایی فەزای ئازادی بوو.
تەنیایی چرای شەوانە و هاوڕێی سەفەرە دوورەکانت بوو.
تەنیا بوویت و
بەرەو مەحاڵ راتدەکرد. ڕێیەکان دەلیلێکی ناپاک بوون, بێباکانە لە هەرێمی سەرابدا ونیان دەکردیت..
تەنیا بوویت و رۆژە شەکەتەکانت لە کۆڵانی غوربەت و تەنیاییدا دەناشتن و
تەنیاییت بەسەر هەر شتێکدا دەبەشییەوە..
لەسەر جەستەی منداڵانەت داهاتووت دەنووسیەوە.

هەواڵنامەی کتێب

ئاشقێکە وێڵ بە زەمان نامۆ
حیکایەتێکە پڕ خەم و نسکۆ
مەودا دوورەکان بە رۆح هەڵدەگرێت
خۆی دەداتە دەست رازی رێکەوت و
خەونی سەرەڕۆ

ئاشقێکە وێڵ بە مێگەل نامۆ
داهاتووی فەزای غەیب و غوربەتە
رابردووی گڵکۆ
لە تەنیاییدا
شەونم و گزنگ بۆ بەیان دێنێت
چاوی دەبڕێتە ئێوارە و ئاسۆ.

❊ ❊ ❊

هەواڵنامەی کتێب

کلوەبەفرەکان بە پرتاو بەسەر جەستەتدا دەبارێن
تۆیش لەژێر گومەزی ئێوارەدا راکشاویت
تەنیا و بێ باک,
رووت و خەمناک راکشاویت
زوقمی ئێوارە تەزووڕێژت دەکات
کلوەبەفرەکانیش وەک کفنێکی دڕاو
جەستەت دادەپۆشن.

ئێستا رووتیت لە بەرامبەر چارەنووسدا
رووتیت وەک ئەو ساتە پڕ (وەجد)انەی لە چرکەیێکی
لەزەتدا زەمانت چڕ دەکردەوە
لە تاریکیی شەوە زوقماوییەکاندا
داهاتووی خۆت بە ئەڤین و بیرچوونەوە دەسپارد
لە نێو گوناهەکانتدا دادەگیرسایت.

کڵپەی نێو سۆپایەکە دامرکایەوە و ژوورەکە بۆوە بەستەڵەک.
خوایە ئەم شەوە چۆن بە سەر دەچێت؟
مەگەر دیالۆگی جەستە زوقمی ئەم شەوە بڕەتێنێت؟
بەبێ گوناهی لەزەت چۆن تەمەن تێدە پەڕێت؟
چۆن ئەم رۆحە ورووژاوە
ئارام دەبێتەوە؟

کڵپەی نێو سۆپایەکە دامرکایەوە و
شەوەکە بۆوە بەستەڵەک
تۆ لە گەرمەی دیالۆگی جەستەدا
لە ساتێکی ورووژانی گیاندا
زللەیەکت دا لە زەمان و

شوێنەوارێکت جێهێشت لەنێو قووڵایی و نێو زەماندا
لەسەر جەستەی شەوە قەترانییەکە.
ئەمە رێکەوتە, یان چارەنووس؟
ئێستا من بە ئاگری گوناهێک دەسووتێم
گوناهی من نییە

هەواڵنامەی کتێب

باجی هەژانێک دەدەم
کە تۆ ساردترین شەوانی زستان و
هەرێمەکانی رۆحت پێ گەرم دەکردەوە.

ئەمە رێکەوتە, یان چارەنووس؟
ئێستا من ئەستێرەیەکم
مەداری خۆم ونکردووە
برینێکم
تاریکی سارێژم دەکات
خەتاکارێکم
رەنگی گوناە و شەوم گرتووە

* * *

هەواڵنامەی کتێب

کلوەبەفرەکان بە پرتاو دەبارێن:
بەسەر جەستە سڕەکەتدا
کە بستێک لە تاتەشۆرەکە درێژترە
بەسەر پرسیاری منداڵانەمدا
بەسەر ئەو ئاوە شلەتێنەدا کە مردووشۆرەکە
دەبەنگانە لە سەر جەستەت رۆی دەکات
بەسەر درێژترین ئێوارەدا دەبارێن و
دەبارێن.
تۆ چۆن بەرگەی ئەم بەستەڵەک و تەنیاییە دەگریت؟
چۆن لەگەڵ ئەم تاریکییە ئەبەدییەدا هەڵدەکەیت؟

ئێستا تەمەن پردی نێوان دوو بۆشاییە
تەمەن وڵاتی حەسرەت و
گومەزی تەنیاییە.
من لە ئێوارە رادەمێنم
دەڕوانم و نابینم
نابینم و دەڕوانم
کوان ئەو رۆژانەی لەبەر باراندا دادەگیرسایت و
بەرامبەری خۆرئاوابوون لەدایک دەبوویتەوە؟

کوا ئەو ئامێزەی شەوانە دەیکردیتەوە بە منداڵ
لە نێو جۆلانەی تریفەدا ڕای دەژاندیت؟
ئەو ئەڤینە چی بە سەرهات کە خەونە مەحاڵەکانی
وەک مەلۆتکە دەخستە سەرڕانت؟
لە کوێن ساتی داگیرسانی جەستە و
وروژانی گیان؟
لەکوێن لەزەتە نەمرەکان کە درێژترین شەویان
لە چرکەیێکدا چڕ دەکردەوە؟
لە کوێن ڕەوە گوناە و
تەزووە ئەبەدییەکان؟
لە کوێن؟
لە کوێن؟
بۆ هیچیان ترسی سەر روخسارت ناسڕنەوە؟
بۆ هیچیان "سکاڵایەک لەگەڵ رۆحی کڵۆڵت ناکەن"(*)
و جەستەی تەزیوت
گەرم ناکەنەوە؟

کلوەبەفرەکان بێباکانە دەبارێن
من خەونەکانی منداڵیم لە نێو بەفردا کۆ دەکەمەوە
دەمەوێت تابلۆی روخساری نوورانیت
لەسەر بولیڵ بکێشم
دەمەوێت بە پرسیار جەستەت گەرم بکەمەوە
دەمەوێت بە گومان رۆحە شپرزەکەت بشۆم و
لە باڵای ئێوارەی بگرم.

هەواڵنامەی کتێب

چ ژیرییەک بوو هێندە زوو هاتین؟ رێگایەکان دەلیلێکی گەمژە بوون و ونیان کردین.
منداڵیمان لە ناوەختدا بەجێی هێشتین.
منداڵیمان لەنێو شەپووری شەڕ و لە هەورازی حەسرەتدا پەرەوازە بوو.
لاویەتیشمان بەر نەفرەتی ئایین و ئایدیۆلۆجیا کەوت
ئێمە بە نامۆیی لە دایک بووین:
نامۆبووین بە خۆمان.. بە سەردەمی میگەل.. بە مێژوو.. بە هەقیقەتە دوڕووەکان. ئێمە نامۆیانە گەورە بووین!

تەمەنێکی چەند دۆڕاو بوو!
ئازادیمان گومڕای کردین، ئازادیمان بەرەو دیلێتیی
دەبردین.
ئێمە بۆ ئەزموونگە کیمیاییەکان دادەبەستراین.
یەکەمین کوژراوی هەر شەڕێک ئێمە بووین.
دەکوژراین و سەرلەنوێ بۆ شەڕ و بەزین و
جوانەمەرگبوون لەدایک دەبووینەوە.

گەشتێکی چەند بێ مانا بوو
تەمەنمان: شەوێک بوو مانگەکەی خۆی تۆراند بوو..
یان مانگێک بوو تریفەی خۆی ناشت بوو.

هەولاتی کتێب

زوو هاتین و بە سەر چارەنووسدا کەوتین.
وڵات خـورافیترین هەقیقـەت بـوو, وڵات نـەمامێکی شـکاوەی تینـوو بـوو لـە رووی گـەردەلولی بیابانـدا، مۆمێکی کوژاوە بوو لە تاریکستانی ئایندا.
هاتین و بە سەر وێرانەدا کەوتین:
وێرانەی زەمان.. وێرانـەی مێژوو.. وێرانـەی تەمـەن.. وێرانەی جەستە و رۆح.. وێرانەی ڕەوشت.. وێرانـەی ئەڤین و وێرانەی وێرانە..

پرسیمان ئەی ئێمە لەگەڵ کێ زەماوەند بکەین؟
پرسـیمان چـۆن لـە نێو ئـەم وێرانسـتانەدا منداڵییمان بدۆزینەوە؟
پرسیمان چۆن بتوانین ئەم ئاسۆ خۆڵاوییە رابگرین؟
پرسیمان ئەمە چ خوێنێکی بەلەسەیە,
کە تەنیا بە خوێن تینوێتیی دەشکێت؟

پرسـیمان ئەگـەر مـردن تاکـە یـەقین بێـت, ئەگـەر خۆکوشتن دواپەردەی ئەم کۆمیدیایە بێت، ئـەی ئێمـە لەپاڵ کام کەلاوەدا بمرین؟!

پرسیمان و پرسیمان...

گەشتێکی چەند بێ مانابوو!

پرسیمان و تەنیاتر بووین..

پرسیمان و نامۆتر بووین.

بابە گیان!

ئەوە ئاسۆ بوو پێکەوە چاومان تێی دەبڕی

یان تاتەشۆر؟

ئەوە وڵات بوو پێت بەخشیم،

یان گۆڕ؟

هەواڵنامەی کتێب

کاتێک هاتین بەسەر ئاژەوەدا کەوتین.. بەسەر ونبووندا کەوتین. ژیان گەشتێک بوو بە نێو ستەم و حەسرەت و ڕێکەوتدا, ئەڤینیش تاوان و مەحاڵ.
تەنیا بووین و ڕاستی و ئەڤین ئامانجمان بوون.
تەنیایی فەزای ئازادیمان بوو. ئەمە ڕێکەوتە, یان چارەنووس ئێستایش تەنیاین..

ئێمە دوو دیل, یان دوو کۆیلەی تەنیاین و ناڕەوایانە حوکمدراوین:
تۆ حوکمدراویت بە مردن, منیش بە ژیان.
ئێمە دوو تەنیای حوکمدراوینو دووڕیانێکی بەفراوی کۆمان دەکاتەوە
زەمان وەک دڕکەتەلی سنوور لێکمان دادەبڕێت
زەمان سنوورێکی ئەبەدی بە نێوانی جەستە و گیاندا دەکێشێت.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کێر

هەردووکمان تەنیاین بە زەمان نامۆ
دوو حیکایەتین پڕخەون و نسکۆ
داهاتوو فەزای غەیب و غوربەتە
رابردوو گڵکۆ.
لە تەنیاییدا
مەودا دوورەکان بە رۆح دەپێوین
چاومان دەبڕینە ئێوارە و ئاسۆ.
دوو بەرزەفڕین بە خۆیشمان نامۆ.

❊ ❊ ❊

کلوەبەفرەکان شەکەتانە دەبارێن:
بەسەر درێژترین شەودا
بەسەر فرمێسکەکانی دایکمدا
بەسەر منداڵیمدا
بەسەر پرسیارە بێ وەڵامەکانمدا دەبارێن و
دەبارێن

لەنێوان کلوەبەفرەکانەوە
ئاسۆ شێوەی تاتەشۆر دەگرێت.
تەمەنیش گومڕایانە
بۆ داهاتووی خۆی دەگەڕێت.
ئەوە بۆ ئامێز لەم کێڵە شکاوە دەدەیت؟
بۆ سەر بەم گۆڕە تەپیوە دەکەیت؟
ئەمە گۆڕە، یان شوێنەواری نەوەیەکی ونبوو؟
ئەمە تاتەشۆرە، یان سیمای عومرێکی بابردوو؟

کلوەبەفرەکان شەکەتانە دەبارێن
من منداڵیم بە بەفر دەسپێرم
تابلۆی جەستەیەک دەکێشم
تاریکایی دەشڵەقێنێت
جەستەیەک درزێکی خستۆتە ئاسۆ.
دەخوازم ژیان بکەمە تۆپەڵەبەفرێکو فڕێی بدەمە
نێو بۆشاییەوە
دەخوازم جەستەت بکەمە پرسیارێکی ئەبەدی و
ڕۆحت لە گومان هەڵکێشم
دەخوازم بە جەستەی منداڵانەم
پێش بە زەمان بگرم
دەخوازم بە کوڵ بگریم
بگریم..
بگریم..

کەوانامێ کێبر

تۆیش بێ باکانە
لەژێر کلوە بەفرەکاندا ڕاکشاویت
دەڵێی مەلۆتکەیەکی نوستوویت و
شەو رایدەژێنێت
ڕاکشاویت بێ باک لە خودا
بێ باک لە زەمان
بێ باک لە خەمە رەشپۆشەکانی دایکم و
لە داهاتووی من.

کلوە بەفرەکان بێ باکانە دەبارێن و دەبارێن
منیش گومڕایەکم
داهاتووی خۆم ون کردووە

چڵە گیایەکم
لەسەر تاوێرێکی نوستوو ڕوواوم
خەتاکارێکم
ڕەنگی گوناە و شەوم گرتووە.
نە شەو لە پەیڤینم دەگات
نە ئەو درەختە تەنیایەی ژوورسەرت
کە بەفرەگەڵای گرتووە
نە جەستەت مانایەک دەدات بە بوون
نە پرسیارە بێ وەڵامەکانی من.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# مەودای نێوانمان: وڵاتمە

کەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# I

ئێمە لە پەتاو ئاژاوەڕا هاتینەوە
خەونەکانمان بە دەریا سپارد و بەلەمەکەمان
بە کەنار
ئایندەمان کوێرێک بوو لەنێو زەمانداا پەلی دەکوتا
مێژووشمان گۆڕێکی بێ شوێنەوار.
لە هەر جەنگێکی دۆڕاودا
خۆمان بە ڕێکەوت دەسپارد
مەوداکانمان ون دەکرد و
باڵامان وەک ئاڵایەکی سپی لەسەر دوند و
لەنێو تاریکی و بەیاندا هەڵدەبڕی.
چەکەکانمان دەدا بە پاکەتێک جگەرەی Winston
سەرکردەکانیشمان وەک کراسە دڕاوەکانمان
دەگۆڕین.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کیژ

وێرانەبوون هەرێمەکانی خەوبینین
ئەفسانە بوون ئایەتەکانی ئەڤین:

هاتینەوە بۆ سەرەتا
ئاڵاکەمان تەپوتۆزە
چارەنووسمان چاوەڕوانی
ڕۆژگارمان وەک فەزای بۆشایی و غوربەتن
تابلۆیەکن لە حەسرەت و پەشیمانی.

## II

بەتەنیایی هاتینەوە
ئایندەمان پەرەوازە بوو لە سەر ڕێگای باران
گۆڕەکان لەڕووی ڕەشەبا و زوقمدا ئاواڵە بوون
تەرمەکانیش بۆ تەنیایی و
داڵ و
زریان جێمان.
هاتینەوە
نە مانایەکمان دا بە بوون
نە ناونیشانێک بە خەون و بەیان.

هەواڵنامەی کتێب

به تەنیایی هاتینەوە
بەرەو ئەو ئێوارەیەی مەودای نێوان وەهم و راستی
دەسڕێتەوە
لە تاریکیدا
بەدوای سەگوەڕ و ئاوەدانیدا دەگەڕێین
لەسەر رووی گەڵاوەریوەکانیش
ئاینده دەخوێنینەوە
چاوەڕوانی بارانێکین
گوناهەکانمان بشواتەوە.

ئێمە لە چاوەڕوانیدا
خۆمان ون کرد
سەرمان خستە سەرشۆستەی تەنیایی و
خەونەکانمان لەبەر زەردەی خۆرەتاودا
ئاواڵە کرد.

هەولاتامەی کتێب

ئێوارە بوو
تۆ رازێکت بە گوێی منو سرووشتدا چرپاند و
وەک رووناکی رژایتە نێو ژیانمەوە
وەک حەسرەتو چاوەڕوانی تەمەنمت داپۆشی.
ئێوارە بوو
تۆ رەنگی خۆرئاوابوون و
من بۆنی سنەوبەرم گرت.

کە تۆم ناسی خۆم بزرکرد
کە تۆم ناسی خۆم دۆزییەوە
تۆ نە مانایەک بە بوونم دەدەیت
نە بێمانایی

نە بە جێم دێڵیت
تا بمرم
نە ئەڤینم پێ دەبەخشیت
تا بژیم.

چ ڕێکەوتێک بەو گوناهە تەڕی کردین؟
کام دووڕیان بوو بەرەو دوو ونبوونی بردین؟
تۆ: جەستەیەک لە گیان هەڵبڕاو
من: گیانێک لە جەستە بێزار و تۆراو
من لە مێگەڵ هەڵدەهاتم و
لە سۆراخی تەنیاییدا بزر دەبووم
لەسەر ڕێگای بەیان هەرێمی حەسرەتم دەپشکنی
لەبەر باراندا دەسوتام و
بە سەمای گزنک ڕادەبوومەوە
تەنیایی خۆم
لە سەر گوڵەگەنم و باران دەنووسییەوە.

تەنیا بووم و
لە ئەفسانەدا بۆ ڕاستی دەگەڕام
لە فریشتە دووڕووەکاندا
ڕوخساری سۆزانیم بەدی دەکرد
لە ژانی سۆزانیشدا پەیامی فریشتەم
دەخوێندەوە.

ئەوەی کۆچێک لەنێو تەپوتۆزی زەماندا
پەڕەوازەی کرد
ئەوەی بەدوای مەحاڵ کەوت و
تا ئەبەد نەگەڕایەوە من بووم.
گەمەیەکی چەند سەیر بوو!
پەیقین جۆرێک
نیاز جۆرێک
کرداریش جۆرێکی تر بوو
گەمەیەکی چەند سەیر بوو !

## III

تەنیا بووم و
بەسەر تەمەنی خۆمدا گەڕامەوە
ئەڤین رەشماڵی تەمبەڵی و پردی نێوان
دوو بۆشایی بوو
زەمانیش کۆچ و ئاوەڕۆ
خوێنەکەم تاڵێک گزنگ بوو
جەستەم ئاسۆ.

هەواڵنامەی کتێب

# IV

تەرم بوو لە چاوەڕوانیو حەسرەتدا لەدایک بوو
ئەفسانە بوو ئەو وەرزەی بەدەم نەفرەتەوە
پێشوازی لێکردین
لەسەر باران تابلۆی وڵاتێکمان کێشا ئەفسانە بوو.
تۆ چیت داوە لە ئەفسانە، لە ئاژاوە
لەوانەی لەهەر پەنایەک فریشتەیەک هەڵکەوێ
بەرەو شێتبوون
یان بەرەو سۆزانیبوونی دەبەن.
تۆ چیت داوە لەوانەی تەمەنی خۆیان بە بۆشایی و
گومڕاییدا هەڵدەواسن
لەوانەی لەدەوری دەربار کۆ بوونەوە
ئەوان چوون تا نەیەنەوە
چوون سەروەریی خوڵاویی خێڵ لەسەر ئاسۆ
لەسەر جەستە و
خۆرئاوابوون هەڵدەکۆڵن
لە ژێر سێبەری شمشێردا
مێژوو دەنووسنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

تەنیا بوویت و بە سەر تەمەنی خۆتدا گەڕایتەوە
ئیستا وڵات بەرەو کام ونبوون دەبەیت؟
لە کام زۆنگاودا بۆ مێژوو دەگەڕێیت؟
ئێستا تەنیایت وەک قەرەجێک کە تەنیا لە گۆرانیدا
شێوەی وڵاتی خۆی دیوە
تەنیایت وەکو شەهیدێکی بێ ناو کە ژنەکەی
جەستەی فریشتەییانەی خۆی دەفرۆشێت
بۆ نانی ژیان
تەنیایت وێنەی وڵاتەکەت تەنیایت
تەنیایت وەک خۆت
تەنیایت وەک تەنیایی تەنیایت
تەنیایت.

گەڕایتەوە بۆ سەرەتا
کەبوونت عەودالّی شێوە و
تەمەنت وێڵی مانایە
سووتانت بێ کۆتاییە
هەر کۆچێکت سەرەتایە.

## V

تەنیا بوویت و بە تەنیاش هاتیتەوە
خەونەکانت بەسەر مەودایەکدا دەکشان: چۆڵایی بوو.
ئاسۆیەکەت رەنگی خوێنی گرتبوو!
رۆژە تەمبەڵەکان, زەردەخەنەی دوورڕووانە, هیوای پوکاوەی گەورەکچان, چاوەڕوانیی ژنانی رەشپۆش, سروودی زبری منداڵان, شیرەشیڕی شاعیرانی دەربار..."شاعیرانی رۆحفەقیر"(*) دارە خۆڵاوییە زەردهەڵگەڕاوەکانی شار, تابلۆ و دروشمی دەبەنگانەی سەردیوار, بڵندگۆی مزگەوت و بەیانی باشی دراوسێیانت. هەموویان, هەر هەموویان بۆنی خوێنیان لێ دەهات.
تۆ پشتت کردە بۆنی خوێن
پشتت کردە ئەو مێژووەی تاتەشۆرە
یان فەزای تەماویی مێگەلە
ئەو مێژووەی تاریکیی تێدا دەڕوێت
بە ستەم ئاو دەدرێت
ئەو مێژووەی تەنیا تاریکی تیایدا بەر دەگرێت.

تەنیا بوویت و
خەونەکانت وەکو چەپکێک گوڵی ژاکاو
هەڵدایە ئامێزی دەریا.
تۆ منداڵیت لە دالانی حەسرەتدا
چاوبەگریان بەجێ هێشت
داهاتوویشت سپارد بە خەون و
چاوەڕوانی و
رامان.

ئەفسانەبوو هەرێمی خەوبینین
من چیم داوە لە ئەفسانە, لە ئاژاوە
بۆ ئێوە بن
مەزادخانەی پەیڤ و حەسرەت و خەوبینین
بۆ ئێوە بن.
من چیم داوە لە وانەی لەنێو کفنێکی بۆردا راکشاون
من تەنیایی نیازمە
جوانترین شێت دڵدارمە
مەودای نێوان من و ئێوە
وڵاتمە.

هەواڵنامەی کتێب

# پاکبوونەوە

هەورامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# I

ئێوارەیەکی دی ئەم ناوە دادەپۆشێت
خۆڵباران تەمەن دەشواتەوە و
ئەڤین لە سەر ڕێگا خۆڵاوییەکان جێ دەمێنێت
کات وەک چنگێک لمی شێدار
بە نێوانی پەنجەکانمدا ڕەت دەبێت
چاوەروانی تا ڕۆخی ونبوون دەم ڕەتێنێت
چاوەڕوانی دووریانێکە
گیان لە جەستە دەترازێنێت.

ئێمە تەمەن وەک ئاوێنە بەرەو ئاسمانێک هەڵدەبڕین
کە ئەستێرەکانی لێ شاردینەوە
ئاسمانێک بەڕووتی لەبەر سەرمادا
بەجێی هێشتین
ڕاسپاردەیێک دەسڕینەوە
کـە جەسـتە لەسـەر کێڵگـەی کیمیـایی نووسـییەوە .

هەولنامەی کتێب

لەچی دەچیت؟
کاتێک هەتاو لەسەر باڵات سەما دەکات
کاتێک جەستەت پەرستگای تەنیاییە
لە چی دەچیت؟
کاتێک لە باڵکۆنی نەبوونەوە بەیانێکی شەکەت
بەدوای خۆتدا رادەکێشیت!
کاتێک خۆر لەسەر جەستەت ئاوێنەیەکە
داهاتوو،
بوون و
هەر شتیک بەرجەستە دەکات.

ئەو وێرانەیە جەستەێکی نەفرەت لێ کراوە
گۆڕستانی حەسرەت و
نیشتمانی تارماییە شێدارەکانە

هەواڵنامەی کتێب

ئەو وێرانەیە مافوورێکە
لە تیشک و شەونم چندراوە
ماچێکە
لەسەر سێدارەی وەنەوشە بە جێماوە.
رێکەوتە راستی گومەزی ونبوونە؟
رێکەوتە جەستە قیبلەی گوناهکارانە؟
دۆزەخی خوداوەندانە؟
رێکەوتە جەستە زیندانی گیانە؟

## II

ئێوارەیەکی تر بەسەر تەمەندا دەکشێت
تۆیش لە ئاوێنەیەکی درزبردوودا دەڕوانیت
لە گومان رادەمێنیت
جەستەت وەک درەختێکی خۆڵاوی دەتەکێنیت.
نەمامێک سێبەرەکەی خۆی جێدێڵێت و
گەڵا نارنجییەکان
بەنێو ونبووندا دەکشێن
دەکشێن
دەکشێن و
ئاوێنەکە بەسەر بۆشاییدا هارە دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

تۆ باوەڕێکی ڕاڕایت
زێوانی مێژوویەکی بێژوویت
تۆ ڕاستییەکی گومڕایت
لە بەستەڵۆکەوە بەرەو ئاگردان
لە ئاگردانەوە بەرەو زریان دەخزێیت
دەخزێیت و
سێبەرەکەت لەپەنا گۆڕستانێکی بۆردا
بەجێت دێڵێت
ئەڤین بە دەم تینوویێتیی کۆچەوە
دات دەپۆشێت
بە نوێژەکانی حەسرەتبارانت دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

ئێوارەیەکی تر مەوداکان دادەپۆشێت
تۆیش لە کوتەئاوێنەکانەوە
چاو بۆ خۆت دەگێڕیت
لە رامان رادەمێنیت
هێشتا زەمان دارە مەیتێکە
بۆنی خامۆشی و
رەنگی تینوویێتی گرتووە
شوێن جەستەیەکە
منارەکان وەکو شمشێر تێی چەقیون
راستی سەگوەڕێکە
وڵات بەرەو کەوشەن دەرەتێنێت.
من پرسیارێک لەڕووی تۆدا دەکەم بە ئاسۆ
بە ئاوێنە
رازێک بە سیمای ونبوون.

هەواڵنامەی کتێب

رازێک بە ڕووتی خۆم پیشان دەدات
بەرەو لێواری مەحاڵم دەبات
رازێک بولێڵ و تەمەن دەتەنێت
گیانی ژاکاوم بە گومان دەشوات.

رازێکی سەوز رازێکی پەرجو
تەڕم دەکات و دەمکات بە پشکۆ
کام بروسکەی وێڵ؟ کام گەشەگومان
ئەو درزە لارەی خستۆتە ئاسۆ؟

هەواڵنامەی کتێب

# III

خەریکە خۆر ئاوا دەبێت مردن نەهات!
من پاڵ بە تۆوە دەدەم روخسارم رەنگی پەڵە
هەورێکی
راونراو دەگرێت.
رێکەوتە مەودا تۆراوییەکان تەرمی کات دەنێژن؟
رێکەوتە رۆژەکان بەدەم باوێشکدانەوە
دەڕۆن بەرەو بیرچوونەوە؟
خۆڵباران تەمەن دەشواتەوە, هاژە
تارمایی تا پشت قەڵات دەڕەتێنێت
تۆیش بەدەنگت رابردووم دادەپۆشیت
لەسەر رێگای خۆڵین،
لەسەر تەنیایی دەمنووسیتەوە
تا رەشەبا و
چاوەڕوانی
بمخوێننەوە!

من جوانەمەرگیم وەک ئاوێنە
بەرەو بیرچوونەوە هەڵبڕی
سروودێکم نووسییەوە لە سەر شەپۆل
لە سەر دیوارە خوساوەکان.

چەند گومڕا بووین! کاتێک لە زەماوەندی شەهیددا
باڵای خۆمان
بەرەو دوندەکان هەڵدەبڕی!
ڕۆح چەند جەربەزە و سەرشێتە!
چەند تەنیا بووین! کاتێک لەسەر لوتکە،
لەسەر شۆستەی تەزیو سەربەستی و
ئەڤین و
تەمەنی خۆمان دەناشت!
ئێستاش وەک هەڵۆیەکی زامدار
چاوت بڕیوەتە ئاسۆ
ئەڤین لەسەر چەقی ڕێگا
وەک گەڵایەکی ڕەنجاو بەجێت دێڵێت.

نەء، ئێستا تۆ وێنەی قەبرەجولەکەیەکی تەنیا و
بێ ناو بەردباران دەکرێیت
گەوجێتی و ستەمی مێژووت پێ دادەپۆشرێت
کەچی هەر بەردبارانێک
باڵات زراڤتر دەکات
هەموو نەفرەت و رەجمکردنێک
تارماییت لەنیو چاوی مێرووەسواران و
شوێنەوارت لە نێو زەمان و بیرەوەریدا
قووڵتر دەکات.

تۆ سەربەستی دیلت دەکات
ئاژاوە کۆت دەکاتەوە
ژیری پەرەوازەت دەکات!
ئەم تەرمە بۆ کوێ بەرین؟
لە کام درزدا رابردوو بنێژین؟
هێشتا جەستەت کەلاوەی رۆژهەلاتی کەلاوەیە
جەستەت کالانی شمشێری مێژوویە
ئاژاوەی رۆژهەلاتی ئاژاوەیە.

هەواڵنامەی کتێب

# IV

تەمەنێکی تر بە سەر ونبووندا دەکێشێت
تۆیش زەمان وەک پەردەی ژوورەکەت دادەدەیتەوە
و
مەوداکانی پێ دادەپۆشیت
لە کوتە ئاوێنەوە چاو بۆ خۆت
یان بۆ من دەگێڕیت
جەستەت وەک پاڵتۆیەکی بەفراوی دەتەکێنیت.

بەرەو ئەو هەژانە زراڤە دێم,
کاتێک باڵات ئاوێنەیەکە
شێوە بەبەر بووندا دەکات
کاتێک پەنجەت مانگ دەکاتە دوو کەناری پەمەیی.
بەرەو ئەو هەژانە زراڤە دێم
کاتێک شانی پیرۆزت بۆ تەرمێک نەوی دەکەیت
ناوی وڵاتە.

هەولنامەی کتێب

ئەم وێرانەیە ڕاستییەکی گومانگرە
جەستەیەکی نەفرەت لێ کراوە.
لێرە تەنیایی ماسکە
جەستە پەرستگایەکی تەپێنراوە
جەستە گومەزی تاوانە
تاوێرێکە بۆ گیان داتاشراوە.
من دەمەوێت بتگرم
تا شێوەیێک بەبەر گیانمدا بکەیت
ئەم وێرانەیە ڕاستییەکی گوماناوییە.
وڵاتێک لە سەر وێرانەی وڵاتێک
جەستەیەک بەسڕینەوەی جەستەیەک پێ دەگرێت
خوێن، بە خوێن تینوویێتیی دەشکێت
منیش تاڵە تیشکێک دەگرم و
دادەگیرسێم
بە شوێنو زەمان نامۆ دەبم.

له بودام پرسی :

ئەم هەموو ڕووناکییه چی لێ بکەم؟
چۆن گیانم لەم هەموو گوناهه و
جەستەم
نیگا و
دەستم
لەم هەموو خوێنه پاک بکەمەوه؟

هەواڵنامەی کتێب

بودا وتی :

جەستە ژواره
ژیان– مردن, رووناکی – تاریکی, دەرەوه –
ناوەوه,
سەرەوه– خوارەوه،ه ژوارن
ژوارن
ژوار !

هەواڵنامەی کتێب

ئێستا ژانەکان چۆن رادەژێنیت؟
گیانی شەکەتت بەچی دەچوێنیت؟
چۆن رۆژەکانت بەدەم نزاوە
بەرەو لای ئاسۆ هەڵدەفڕێنیت؟

رازێکی هێژا, رازێکی پەرجۆ
تەڕم دەکات و دەمکاتە پشکۆ
کام بروسکەی وێڵ؟ کام گەشەگومان
ئەو درزە لارەی خستۆتە ئاسۆ؟

# V

خەریکە خۆرئاوا دەبێت مردن نەهات!
من پەنجەرەیکم بە سەر تۆدا دەڕوانم
کاتێک جەستەت پەرستگای تەنیاییە
بەرماڵێکە گوناهەکانم دەنێژێت.
بەرەو ئەو هەژانە زراقە دێم
کاتێک مەوداکان وەک بەرماڵ دەپێچیتەوە و
مانگ دەکەیتە دوو کەناری پەمەیی
کاتێک لە دالانی نەبوونەوە بەنێو قووڵایی
تیشکدا شۆڕ دەبییەوە.

من دەمەوێت بتگرم
سەربەستیم لەدەست دەدەم،
دەمەوێت بە رووناکیت سووتانم بشۆمەوە
بە شوێن و سەردەم نامۆ دەبم.

هەواڵنامەی کتێب

بەرەو تۆ دێم تا لێواری ونبوون
تا ڕۆخی شێتبوون بەرەو تۆ دێم.
تۆ دابڕانیت لە یەقینی تۆزگرتوو
تۆ پاکبوونەوەی جەستە و گیانیت
بەرەو تۆ دێم تەمەن بێدار دەکەمەوە
جەستەم وەک مەلۆتکەیەکی یەکشەوە هەڵدەگرم و
بەرەو مەنفای گیان دەگەڕێمەوە.

# ئەگەر رۆژێک لە رۆژان

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پێک بگەینەوە
ئاخۆ یەکتری بناسینەوە؟
ئاخۆ لە زمانی یەکتر بگەین؟
ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پێک بگەینەوە
ئاخۆ بەهانەیەک بدۆزینەوە بۆ ئاخافتن؟
یان دەرفەتێک بۆ لێبوردن؟

ئێمە بە مەیلی شێتبوون دڵداریمان دەکرد
بە مەیلی گومڕابوون باوەڕمان دەهێنا
بە مەیلی کۆچ بە وڵاتێکدا رامان دەکرد
کە خوی بە شەڕەوە گرتبوو،
وڵاتێک قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان
وڵاتی من و تۆ نەبوو.!

بوونی ئێمە ڕێکەوتێک بوو
لە پەراوێزی ڕۆژگاردا
تاسان بوو لەنێو چاوەڕوانییەکی ئەبەدیدا.



هەولێرنامە کتێب

ئێمە لەبەر کرێوەدا
بە مەیلی خۆکوشتن سەمامان دەکرد.
ساتەکانی چاوەڕوانی نەفرەتی خوداوەندان بوو
مردنێکی لەسەرخۆ و بێ کۆتایی بوو
یان ونبوون بوو ساتەکانی چاوەڕوانی:
چاوەڕوانیی بەردەروازەی وڵاتی خۆڵەمێش
چاوەڕوانیی مەرگی باڵندە کۆچەرییەکان
کە لەنێو دڵیاندا ئێوارەیان حەشار دابوو
چاوەڕوانیی سووتانی قەرسیل و گوڵە باخ
چاوەڕوانیی ناپاکیی دۆستان
چاوەڕوانیی گەڕاوەنەی سوارەکان بەنێو تەپوتۆزدا
"چاوەڕوانیی بەربەریستان"* کە هەم هاتنیان و
هەم نەهاتنیان کارەسات بوو
چاوەڕوانیی تەرمی خنکاوان و
ترسی لە دەرگادانی نیوەشەوان
چاوەڕوانیی تۆ..
دۆزەخێک بوو ساتەکانی چاوەڕوانی.
ئێمە لە سۆراخی هیچدا
کۆڵانە تاریکەکانی مێژوومان دەپشکنی
بە پەیڤ ڕێگای تەماویمان ڕووناک دەکردەوە.

ئێمە دوو گومڕابووین
لە تاریکستانی باوەڕدا یەکتریمان ناسی
کاتێک بە دوای مەرگی خۆماندا
یان بە دوای ئازادیماندا دەگەڕاین
کاتێک گوێمان بۆ جریوەی باڵندە کۆچەرییەکان
هەڵدەخست
لە سەمای گەڵای وەریو رادەماین و
وێنەی وەرزەکانمان دەکێشا
ئەو وەرزانەی کتومت بە یەکتری دەچوون
یان ئەو کاتانەی
لەسەر کەنارە شێدارەکان وڵاتێکمان دادەمەزراند
بە چاوەڕوانی و
بە شەپۆلمان دەسپارد.

ئێمە لە کاتێکی هەڵەدا پێک گەیشتین
بە هەڵەیش لێک دابڕاین.
هەر یەقین نەبوو گومڕای کردین
هەر زەمان نەبوو بە یەکتری نامۆ کردین.

* * *

ئەگەر رۆژێک  لە رۆژان پێک بگەینەوە
ئاخۆ بەهانەیەک بدۆزینەوە بۆ ئاخافتن؟
یان دەرفەتێک بۆ لێبووردن؟
ئاخۆ رێگاکانی تەنیایی بەرەو کوێمان بەرنەوە ؟
خۆرئاوابوون چ رازێکمان بۆ بدرکێنێت ؟
ئێوارەکان چ غوربەتێک بە سەر ئێمە و
بە سەر نیشتماندا ببەشنەوە ؟
ئاخۆ شەپۆل وێنەی جاران بۆنی کۆچ و
بۆنی ئازادییان لێ بێت ؟

بیرتە ئێوارەیەک لە کەناری "دیجلە" پێشت بە
شەپۆلێک گرت و
قیژاندت بە ڕوویدا:
{لەگەڵ خۆتم بەرە هاوڕێ دێرینەکەم !
بەرەو شێتبوون
بەرەو ئەڤین
بەرەو ونبوون
بۆ کۆتایی دنیام بەرە،
هاوڕێ بێوەفاکەم !}

ئێمە بە مەیلی شێتبوون دڵداریمان دەکرد
بە مەیلی کۆچ بە وڵاتێکدا رامان دەکرد
کە قەت رۆژێک لە رۆژان نابێتە وڵاتی من و تۆ .
ئێمە دوو دڵدار بووین پێکەوە رازی خۆمان
بۆ داهاتوو دەدرکاند
پێکەوە بە مەیلی خۆکوشتن لە بەر ئاگربارانەدا
سەمامان دەکرد!
هەر گومان بەرەو ونبوونی نەبردووین
هەر زەمان بە یەکتری نامۆ نەکردووین
ئێمە دوو سەرگەردانین لە کۆڵانی تەنیاییدا
نە من و تۆ بە یەکتری دەچین،
نە خەونەکانمان
نە پەیڤەکان وەک جاران سەرەتایەکن،
نە ئەڤین و باوەڕ مانایەک دەدەن بە ژیان.
وڵاتیش ئێستا حیکایەتێکی خوراڤییە
وڵات کۆڵانێکی بەستراوە
بۆنی تەنیایی
بۆنی ترس و
بارووت و
نامۆیی لێ دێت

وڵات تەرمێکی هەڵامساوە
شەپۆلێک دوای خۆرئاوابوون بێباکانە
تووڕی دەداتە کەنار
منداڵێکی برسییە وڵات
لە پێکەنین و گڕوگاڵ کەوتووە
شاعیرێکە
"لە ژانی شەوەکانیدا وشەی بیر چۆتەوە"
گەورەکچێکە
لە فنجانێکی قاوەدا بۆ داهاتووی خۆی دەگەڕێت
شووشەیەکی بەتاڵە وڵات
بەرەبەیان سەرخۆشێک لە مەیخانەیەکدا
بەجێی دیڵێت
بێوەژنێکە
بکوژێک و شاعیرێکی دەربار پێکەوە زەوتی دەکەن
یان وڵات دوو دڵداری لێکدابڕاوی وەک من و تۆیە
کە ڕەنگە یەکتری نە ناسنەوە
ئەگەر بە ڕێکەوت
ڕۆژێک لە ڕۆژان
پێک بگەنەوە .

هەوڵنامەی کتێب

# له خۆرگیرانی کۆڵانەکەدا

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

لە نێوان دوو بۆشاییدا
تاوێرێک لە کەناری ڕۆحدا دەنیژێت
بە دوای - با – دا بەسەر ڕوباردا ڕادەکەیت
تۆ ئەستێرەیێکی خزیویت مەدارەکەت ڕاوت دەنێت
ڕاوت دەنێت و
بەنێو ئێوارەدا شۆردەبیتەوە
لە هەرێمی بەستەلۆکدا بە تاڵەتیشک
تابلۆی مانگێکی قوپاو
مانگێکی شکاو
لەسەر ئاو دەکێشیت
بە ڕووی شەپۆلێکی شلوێدا دەقیژێنیت:
منم پشکۆ!

شەپۆلی دەنگت بەنێو مەوداکاندا دەکشێت
لەسەر گومەزی ساتە بەردینەکان
پەرتێن دەبێت

هەمان رابوونە
گەڵازیزەکان پاییز جێ دێڵن،
جەستەی شەکەتیش دارستانی رۆح
هەمان ونبوونە!

لە نێوانی دوو مەداردا ئاسۆیەکێت
رووت وەک ساوای یەکساتە
رووت و حەپەساو
گەردی شاران و
تریفە شلوێیەکان تێت ئاڵاون
روخسارت لە خۆرگیران
لە خۆڵباران
لە خاکێکی دێمەکار دەچێت.

هەوارلانەی کتێب

تۆ لەشەوە قەترانییەکاندا هەڵۆت فێرە باڵەفڕێ و
روبارت فێرە خۆشڕۆیی دەکرد
خولیای هەڵچوونت لەنێو قەرسیلدا دەچاند
عەودالّی چی بوویت؟
عەودالّی چی نەبوویت؟
کاتێک لە چوارلاوە گیانتیان بنکۆڵ دەکرد
تەمەنتیان لە بۆشایی دەگرت.

تۆ بۆ روخساری خۆت دەگەڕایت؟
ئەو رەخسارە بێ ئەنوایەی هەر رواڵەتەی
لە وڵاتێکدا
لە ئیستگای شەمەندەفەر و
بەندەر و
مەیخانەی شارێکدا پەرەوازە بوون!

بەدوای منداڵییتدا وێڵبوویت؟
کە لەوێ
لەنێو خۆڵی کۆڵانە کوژراوەکانی "قەڵادزێ" دا
باوەشت بۆ گرتەوە و نەی ناسیتەوە
نەی.. نا.. سی.. تە.. وە..!

وێڵی چی بوویت؟
وێڵی چی نەبوویت؟
ئەو ساتانە (بەڵام تەنیا ئەو ساتانە!) تۆ لە نامۆیی
لە مێرگێکی بەر کیمیایی دەچوویت
لە بۆشایی نێوان دوو بۆشایی دەچوویت
نەء، کتومت لە تەرم دەچوویت
کەچی منداڵیت :
ئەستێرەیەک بوو لە مەدار ترساو
چنگێک شەونم بوو لە بەیان بێزار
بنچکە گیایەک بوو لە مێرگی گیان تۆراو
تۆراو..
تۆراو.

هەواڵنامەی کتێب

تۆ پێناسەی هەرێمێکیت خوایەکانی لە ژماردن نایەن
روخساری ئاسۆیەکی درز بردوویت
ئاسۆیەکی رووت، کاتێک
لە رووی لێشاوی گومراییدا پاشەکشێ دەکەیت:
من مێژووی بروسکە وێڵەکانی شار دەنووسمەوە
کەچی وڵات تابووتێکە
بە جەستەی شەکەتم تەنگە

کتێبی هەتاو (بۆ نەتەوەیێک کە خەو بە مەنفاوە
دەبینێت) دەگرمەوە
کەچی مەنفا بەرماڵێکە
نوێژەکانم دەنێژێت!
وڵات مەرگێکی هێمنە!
مەنفا: چاڵێکی بێ بنە
کوا ئەمە وڵاتی منە؟
کەی ئەمە سەردەمی منە؟

تۆ شەپۆلێکی ئاڤرێیت بە ستێنێک بە خۆیت ناگرێت
هەڵۆیەکی گیان زامداریت
شەوانە
تاریکایی وەک پەردە لادەدەیت و مەوداکان
لەژێر باڵە شەکەتەکانتدا رادەخەیت
پارچە دەنگەکانی خۆت،
کە لە ئەستێرەی هاڕدراو دەچن کۆ دەکەیتەوە

دەتەوێت لە سرکەساتی نێوان خەون و بێداریدا
بیان کەیت:
بە لوتکە بۆ باڵای ماندووت
بە ئاسمان بۆ تەوارەکەت
بە رواڵەت بۆ سیمای ونبوونت
تا بە دوو دەست لە دەروازەی داخراوی – با –
بدەیت:
منم دەریاچە، رامژێنە!

# ڕێگایەکان ناپاکترین دەلیلن

هەوادانامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# I

هێشتا تەمەن خەراباتە
هێشتا تەمەن گیرۆدەی ئاژاوەیە
لەڕووی شاڵاوی مێگەلی چەواشەدا
پرینسیپەکان دەڕەونەوە
سنووری نێوان: فریشتە و سۆزانی
راستی و ئەفسانە
بۆشاییەکی تەماوییە
مێژووهیەکی خۆڵاوییە.

شوێنم کەوە بەنێو ئەو جەنگەڵەدا!
کە لەوێ, لەسەر شانۆی دووڕوویی
پەیامی خێڵی پەڕۆ لەڕووی ونبووندا هەڵدەبڕن
لە خۆڵەمێشی بابردوو
لە ناپاکیو
تیرۆر
پەیکەری جوامێری دەتاشن.

هەوڵنامەی کتێب

خەریکە خۆم نەناسمەوە
لە نیگامدا
ئاسۆیەکی تەماویم حەشارداوە
ئەستێرەکان بەنێو چاومدا دەخزێن
گیانم لە نێو پەنجەکانتدا
بووکە شووشەیەکی قوپاوە!

تۆ بە کەژاوەی تەنیایی دەمبەیتەوە
بۆ ئەو رۆژە گێلانەی پەپکەکانیان لە دامێنی خۆیاندا ناشت
دەمبەیتەوە بۆ ئەو چارەنووسە تەماوییەی
لە بیابانی سوتوودا
ونی کردم.
دەزانم من خەمبارترین شەهیدم و
ریگاکانیش ناپاکترین دەلیلن
نامبەنەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان
تا لەسەر شۆستەی منداڵی پێش بە زەمان بگرم و
چاوەرێت بم.

هەواڵنامەی کتێب

ڕێگایەکان ناپاکترین دەلیلن و
نامبەنەوە بۆ کەناری ڕووناکی
کە لەوێ :
هەتاو لەسەر جەستەت سەمای دەکرد
سەرمان بە غەیب دەسپارد و
لەبەر نووری خوداوەندا گوناهەکانمان هەڵدەخست.

نە ئەفسانە بوو, نە سیحر
کەنار پەرستگای شەونم و وەنەوشە بوو
دەریایش پرسیاری ئەزەل و ئەبەدییەت.
تۆ سیحراوی بوویت وەک دەریا
منیش پەشۆکاو بە وێنەی خۆرئاوابوون.

هەواڵنامەی کتێب

ئێمە رووت بووین وەکو رۆژانی سەرەتا
وێنەی نیوەڕۆ
وەک ساتی دیالۆگی جەستە رووت بووین
زەمان شەپۆلێکی بێ ئەنوا بوو
لەسەر جەستەت سەمای دەکرد.
تەنیا بووین و تەنیایش نەبووین
لە کەرنەڤاڵی جەستەدا هاوتەمەن و
هاوڕازی کچانی خوا بووین.

نە ئەفسانە بوو, نە سیحر
خوداوەند چۆڕە نورێک بوو
تۆ بە ئاوێنە و منی بێ قیبلە بە جەستەم دەچواند.
تەنیا بووم و تەنیایش نەبووم
ساتی کۆچ و لێکدابڕان کەنار دەبوو بە وێرانە و
تەمەن بە پردێکی رووخاو.
کچانی هەتاو و دەریا بە لەرینەوەی جەستەیان
رووناکییان رادەژاند و
سنوورێکیان بە نێوانی من و زەماندا دەکێشا
تۆیش بێهودە بە بەرچاوی ئێوارەوە
دڵی منت وەک چەپکە گوڵێکی ژاکاو
دەدایە دەست کچانی خوا
گیانی منت لەگەڵ خۆر و پەلکە مۆزدا
فرێ دەدایە بنی دەریا.

## II

که گزنگێک لەسەر ئاسۆیەکی نوێ سەما دەکات
فەزا رەنگی روخساری منداڵانەت
بەیان بۆنی پرچی باراناویت دەگرێت.
که گزنگێک له سەر ئاسۆیەکی نوێ سەما دەکات
من رێگایەکی نوێ
یارێکی نوێ
یان، پزیسکی هۆنراوەیەکی نوێ دەگرم.
تۆ بۆ کام سەردەم خولقاویت؟
له کام ئەفسانه جێماویت؟
تۆ کێیت؟ که باران و
زریان و
خۆرئاوابوون گوێ رایەڵتن !
تۆ کێیت؟ که به پەیڤینێک
بەڕوانینێکی چاوانت
خەریکه هەموو، هەر هەموو ژیانی من بگۆڕیت!

کەوالنامەی کتێب

دیسان رازێک وەک بروسکە تەڕم دەکات
ڕێکەوت ڕووەو کام هەڵدێرە؟
ئەڤین بەرەو کام دوندی گومڕاییم دەبات؟
بەرەو وڵاتێک کە ئەفسانەیە؟
بەرەو ژوانێک کە شێتخانەیە؟
خەریکە خۆم بزر دەکەم
پێشم بکەوە بۆ بەر نووری خوداوەندان!
تا خۆم لە گوناهەکانم پاک کەمەوە
گوناهەکانیشم لە خۆم.
شوێنم کەوە بەرەو ئەو بەیانییە ڕەشپۆشەی
کە بە دوا ئامێزلێکدان
بە دوا ماچی فرمێسکاوی بووینە پەیکەرێک بۆ ژوان
و بێمرادی و
ماڵئاوایی

من تا ئێستا: سەرەتایەکم بۆ ونبوون
سرودێکم بۆ نامۆیی و بێباوەڕی
پڕۆژەیەکم بۆ شێتبوون.
دەزانم تۆ نازدارترین شەهیدیت
ڕێگاکانیش ناپاکترین دەلیلن
ڕێگایەکان نامبەنەوە بۆ میحرابی پەیکەری جوانی
بۆ بەندەر و
ئیستگەی شەمەندەفەر و
فڕینگەی چاوەڕوانی
تا سەرلەنوێ
بەدەم ئامێزلێکدانەوە گومان بکەیت: لە من
لە وڵاتە بە وڵاتنەچووەکەم

له ڕۆژهەڵاتێکی وێرانە کە بە زەبری: ئەسپێرین
نزا
هیرۆیین
ئایدۆلۆجیا و
بە زەبری خۆکوشتن ڕاگیراوە.
منی سیما ڕۆژهەڵاتیش گومان بکەم: لە بوون
لە خۆم
لە خودا و
لە داهاتووی بێ داهاتووم.

هەواڵنامەی کتێب

دەزانم من خەمبارترین شەهیدم و
ڕێگاکانیش ناپاکترین دەلیل،
ڕێگایەکان نامبەنەوە بۆ ساتی
هەڵبوونی جەستە و گیان
تا بۆ چەندەمین جار بە گوێی یەکتریدا بچرپێنین:
{خوایە گیان!
خوایە گیان!
بۆ بە تەنیا بە جێت هێشتم!}*

هەواڵنامەی کتێب

# وەرزەبەردینە

1992

ئەی بادی سەبا من ببە سوودی نییە نامە
تەشریحی زەعیفی من و غەم نایەتە تەحریر

**حاجی قادری کۆیی**

کتێبخانەی هەولێرنامە

هەواڵنامەی کتێب

# وەرزەبەردینە

هەواڵنامەی کتێب

## I

بە چریکەی گریاناویت رادەبمەوە
لە دوورەوە
روخساری فریشتەئاسات نامۆ دیارە
ژانی زانی لێ دەبارێت
دەڵێی پەیکەری هاوارە.

به نێو بولێڵی ونبووندا
بەرەو رووت دێم
تەزوویەک سەراپای گیانم داگیر دەکات
تا دێم و دێم سیمات کاڵتر دەبێتەوە
خۆشبەزانە
وەک جوانووی تۆقیو رێ دەکەم
(سەحرای عەدەم) بە رووی وێڵما دەکرێتەوە.

لە نێو ئەم چۆڵەوارەدا چاو بۆ زنەیەک دەگێڕم
بەرەو مەرگێکی دی دەڕۆم
رێ ون دەکەم
چارەنووسم بە سێڵاوی کۆچ دەسپێرم.
شەوێکی چەند ترسناکە!
پەنجەرەیەک دەکەمەوە
زەردەبارانێکی بەتاو بەسەر گوماندا دادەکات
ئەستێرەکان لە پێدەشتدا سەرمایانە
مانگ تریفەی خۆی دەنێژێت
رەوەکۆچی دارستانە!

هەولێر ئەکادیمی کتێب

ئاژاوەیە ڕێ ون دەکەم
سەرم بە تۆ دەسپێرم و
تەمەن بەم ترس و هەژانە
بە مەرگی پیری گەیلانی دڵم هەر مەکۆی یارانە
سووتانم هەمان سووتانە
هەر ودمی خۆشەویستیی تۆ
سێبووری و خەڵوەتی گیانە.

ئاخۆران و باخۆرانە و سەر دەرناکەم
کەشکۆڵەکەم هەڵدەگرم و
ڕوو لە کۆچێکی دی دەکەم.
هەر سروود و ئەڤینم هەس هاوکۆچم بن
هەموو ڕۆژێ
سووتانی نیوە شەوانم لەسەر گۆڕەکەم
پێدەکەم.

کە لەوێش بووم، گەر بیرت بێت، هەڵوەدا بووم
ئەوێ شەوێ
لە دواژوان گەڕاینەوە
لە بەردەم تەنیایی خۆمدا حەپەسا بووم.
من نامۆی نێو شارەکەم بووم
هەر خۆم تەرم و
گۆڕهەڵکەن و
خۆم زێوانی گۆڕەکەم بووم.
گەیشتینە سەر کۆڵانە تاریکەکە
باران باری
راستییەکان لەبەر باراندا دووڕوو بوون
ئایندە وێڵ
رازەکانمان لە رووی باراندا سووتوو بوون.

هەولنامەی کتێب

باران باری و
لەپاڵ تۆدا لە سەمای باران رادەمام
باران باری و
لە تەنیایی خۆم دەترسام
پرسیت: چیتە؟
بۆنی پرچی باراناویت شەوەکەی گوڵاوپڕژێن کرد
ماچم کردی و هەموو گیانم
نوقمی رووناکی و گوڵاو بوو
گەر بیرت بێت ، لە هۆش خۆم چووم..
مانگ لە نێو زیندانی هەورا
بەرەڵا بوو.

هەر ئەو شەوە
بەدەم فێوە راویان دەنام
لە نێوانی دوو تاوێردا
لە سێبەری دوو شمشێردا
دادەگیرسام

هاوارم کرد: خۆت پەنادە!
زەمانێکی بێ ئامانە
تەمەنمان بە خۆڵ دەدێرێت
چارەنووسمان بە کۆچێکی وێڵ دەسپێرێت.
زەمانی ئاگربارانە!
چەند هاوار کەین
جیهان مەستی کەرنەڤاڵی ئاژاوەیە
چەند دوور بارکەین
هەوارگەمان کەلاوەیە.
زەمانێکە
ئەڤین تەمەنی خۆڵاوی ناشواتەوە
درزی دڵ پڕ ناکاتەوە
گوڵەکەم چاوەڕێ مەکە!
روباری لێڵ خنکاوەکان ناداتەوە.
روباری لێڵ
خنکاوەکان
ناداتەوە.

هەولێرنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

لەژێر ئەم کەلاوانەدا
چاو بۆ پەسیۆیێک دەگێڕم
بە نێو تەمی چارەنووسدا
ڕوو لە کۆچێکی دی دەکەم
تەمەنم بە تۆ دەسپێرم.

## II

تۆ نەهاتی
ترسێکی وێڵ لەگەڵ پۆلوودا دەیچاندم
خنکاوێک بووم
شەپۆلەکان شێتانە دەیان ڕەتاندم
چاوەڕوانی بوو یان ڕامان
وەک زوقم هەڵی تەکاندم؟

هەر نەهاتی
بروسکەیەک دای لە گیانم
گومڕایی بوو بە چارەنووس
تەنیایی بە نیشتمانم.

هەواڵنامەی کتێب

## III

پەنجەرەیەک لە رووی کۆچدا دەکەمەوە
زەردەبارانێکی بەتاو بەسەر سووتاندا دادەکات
بڵندگۆی شار
بانگی گومڕایی دەچێنێت.
شەو شەکەت و خەواڵووە
ئاسۆ لێڵ و
ئەستێرەکان هەڵدەلەرزن
شەقامەکان ئاڵ دەچنەوە
سەرمامە بە گڕ داپۆشە!
بە نێو هەمان رەهێڵەدا دەمبەنەوە
دیسان لەسەر (رێی ئاوریشم ) رووتم دەکەن
لەنێو زوقما رەق دەبمەوە
یان سەر لەنوێ
وەک کۆیلەیەکی گەنمڕەنگ
بە چەند قات دەمفرۆشنەوە .

هەواڵنامەی کتێب

لەوەتەی هەین
ئێوە چەقۆن، ئێمە برین
ئێوە کینەن، ئێمە ئەڤین
چۆن تێک دەگەین؟
نێوانمان دەریاچەی خوێنە
چۆن پێک دەگەین؟
چۆن بەیەکەوە هەڵدەکەین؟

پەنجەرەکان لە رووی کۆچدا دەکرێنەوە
لەنێو جەنگەڵی هاواردا
هەر زوو دەنگت دەناسمەوە
بە راکردن بەرەو لات دێم
ساتمە دەبەم
لە نێوانی دوو رەوەزدا عاسێ دەبم
هاواری تۆ و چریکە پێکراوەکەم
وەک دوو پەڵە هەوری شەیدا تێک دەئاڵێن
لەپاڵ هەرەسی ئاگردا رادەبمەوە.

هەواڵنامەی کتێب

له کەیەوە هاوار دەکەین
کەچی دەنگمان وەکو راستی
وەک ویژدان و
خۆشەویستی
هێشتا بە جیهان نامۆیە،
له جەنگێکەوە بۆ مەرگێ
له مەرگێکەوە بۆ جەنگێ
رادەکەین و
هەوارگەمان هەر پشکۆیە!
بە رێژنەی خوێن (داری ئازادی ئاو دەدەین) "*"
کەچی هێشتا دەستبەسەرین
لەنێو وڵاتی خۆماندا
هەر ئاوارە و پەنابەرین.

هەولێرنامەی کتێب

لەم سەگوەڕ و ئاژاوەدا سروودێکم پێ بڕراوە
زامدارم سارێژم ناکات
بستێک خاکم بۆ جێماوە
بەشی خۆم و گڵکۆی شەهیدانم ناکات
ڕەنج و سەرمایە و مێژووی من:
چەپکێک ژانە
بۆتە سیمای ئەم ژیانە!

هەر دەڕۆم و بە تۆ ناگەم
سەرم بە تۆ دەسپێرم و
تەمەن بەم کۆچی کۆچانە
بەخۆنامۆ
ڕوو لە مەرگێکی دی دەکەم.
من خوێنەکەم وەکو جوانوویەکی سەرکەش
بەرەو لای تۆ هەڵمدگرێ
لەنێو تەمی چارەنووسدا
مەرگی خۆم بەرۆکم دەگرێ
من پەیامی نەوەیەکم هەڵگرتووە

هەواڵنامەی کتێب

لەنێو گیانما
گەرداوێک هەڵیکردووە
برووسکە رێی ون کردووە.
من حەللاجی زەمانەم و
دڵم تژی نووری خوایە
پەیامەکەم
سەرکەشیی مەوجی دەریایە.
من مەسیحی وڵاتێکی وێرانم و
خاچەکەم ژانی ئاسیایە.

هەر دەڕۆم و بە تۆ ناگەم
سەرم بە تۆ دەسپێرم و
تەمەن بەم کۆچی کۆچانە.
بە شەکەتی
لەسەر تاتەبەردێکی سڕ پاڵدەکەوم
خۆم بە سەرما دادەپۆشم

هەواڵنامەی کتێب

خەو دەبینم:
{خۆڵبارانە...
رووبــار هــاژە و کــەنارەکانی راو دەنێـت. روو لــە بێشــەڵانێک دەکــەم داوەڵێـک مـۆڕەم لــێ دەکـات. شەکەتانە تەرمی مێژوو لە بن بەردێکدا دەنێژم.
پەنا بۆ گەوڕێک دەبەم دارستان وەک رەوە سواریێ، پرتاو بە نێو تەپوتۆزدا بەرەو بنار دێتە خواریێ.
چەند گومڕا بووم کاتێک بە بانگی چاوەشان بەرەو پیری کازیوە چووم.

هەواڵنامەی کتێب

خۆم دەکوژم. ڕەوە داڵێک دەورم دەگرێت.
بە ڕاکردن تەرمەکەی خۆم بەجێ دێڵم.
سەر بە مەیخانەدا دەکەم. شایی خوێنە
تا چاو بڕکات کەللەسەر کەمانچەژەنن.
بەگوێی (کلیان پترۆسیان)دا" *" دەچرپێنم:
کەرنەڤاڵێکی چەند سەیرە!
ئەمانە کێن ؟
کام سروودی میللی دەچڕن؟
+ منداڵانی کوشتارەکەن ڕابوونەوە
مێژوو بەردەباران دەکەن
سێمفۆنیای گڕ دەنووسنەوە.

خەو دەبینم :
لـە نێـو مەیتخانـەی شـاردا لەگـەڵ چەنـد تـەرمێکی گەچڵاو راکشاوم. ژنانی سیما نوورانی, پرچزیوین، بـە تیلـەی چاو بۆم دەڕوانن. هەست بـە رووتییـەتی خـۆم دەکـەم, ئارەقـەی شـەرم دەڕێـژم. لـە چـاوانی خەمناکیاندا بێئومێدی پەڵە دەدات.
دەمـەوێت بـە دەسـتەکانم خـۆم داپۆشـم, ئـازارێکی مەرگهێنەر دەمهەژێنێ و
ژنانی سیما نوورانی نامناسنەوە.
لەو سـەرەوە دوو پێپانی چاو شـاقووڵی ددان ئاسن بەدەم نەڕە و هاوارەوە دایکم لە خم هەڵدەکێشن

هەواڵنامەی کتێب

دەچریکێنم...
لە دەنگی گریاناوی خۆم بەخەبەر دێم
کە دەبینم :
شانی چەپم بە تاتەکەوە نووساوە
گەلۆرێکی چاو زەقی بۆر،
حۆل و لچشۆڕ
شمشێر بەدەست بە سەرسەرمەوە وەستاوە!
دیسان هاتوون لە سەر تەرمە ژاکاوەکەم
مێژووی خۆتان دەنووسنەوە؟
( سورەی ئەنفال ) ئایەتی خوێن
دەخوێننەوە؟

ئاگربارانە .. ئاگربارانە!
کۆچی ئەم جارە، کۆچی کۆچانە
کۆچی ئەمجارە
کۆچی کۆچانە.

هەولێرنامەی کتێب

# IV

بە جریوەی چۆلەکەکاندا دەزانم رابوونەوە
بە رەنگی ئاسۆو هەتاو و تریفەدا
بە کازیوە و
لە نجەی قومری و
شنەی سروە و
چرپە چرپی دڵدارانداا
هەست پێدەکەم هاتوونەوە.
بە هاتنتان تاریکی درزی بردووە
نەمامی خوێن سەوز بووە
مادۆناکانی کوردستان دەست بە خەنەن
چاوانیان بە کل رشتووە.
هاتوونەوە ئاسۆی وڵات
هێشووە هەتاوی گرتووە
چەند ساتێکە هاتوونەوە
کەچی هێندەی تەمەنێکە
مێژوویەکە
مەڕۆنەوە! .. مەڕۆنەوە!

ئێوە سیمای هەموومانن
ئاڵای بە خوێن هەڵکراوی
وڵاتی عەشق و بارانن
ئێوە خەونی ئەو مێرخاسەن
زرێیەکەی لە لاوک و داربەڕوویە
ئێوە گیانی ئەو رێناسەن
سەدان ساڵە سەری دەبڕن هەر زیندوویە
هەر زیندوویە

مەڕۆنەوە !
سەربەستیمان پەڵەی داوە
بە ئێوەوە ویژدان و خۆشمێری ماوە
ئاسمانی شار بە بازووتان راگیراوە.
مەڕۆنەوە!... مەڕۆنەوە!

بۆ کوێ دەڕۆن ؟
کێ دەزانێت لە کام چۆڵ و کام بازێڕی غەریباندا
بێ ناز دەمرن !
دەڕۆن خێڵی شرەخۆران بە خوێن
بەری خۆرمان دەگرن
ئاڵای لە تیشک چندراومان
بە کەڵپە و نێزە دادەڕن
دەڕۆن تا لە نێو
شار و
کەلاوەی خۆماندا
بە پەنابەر رامان بگرن؟

هەواڵنامەی کتێب

بۆ نازانن ؟
بەغدا تۆفانی زەلکاوە نیشتۆتەوە
پەتایەکە ڕۆژهەڵاتی گرتۆتە
بەغدا کوورەی ئاگرێکە هاڵاوەکەی ڕوو بکاتە
هەر هەوارێ
ڕەز و باغی بەر ناگرن
جەنگەڵێکە شارستانیی بەدەویانەی بگاتە
هەر گوند و شارێ
منداڵانی پێ ناگرن.
بۆ کوێ دەڕۆن؟
بۆ کوێ دەڕۆن ؟

هەوالنامەی کتێب

لە نێوانی دوو تاوێردا
ئێمە ڕەنجێکی بابردووین
لە سێبەری دوو شمشێردا
ئێمە شەهیدێکی زیندووین.
مەڕۆنەوە!
چەند ساتێکە هەتوونەوە:
تەمەنێکە
مێژوویەکە
مەڕۆنەوە!... مەڕۆنەوە!

هەواڵنامەی کتێب

دەڕۆن دیسان بۆکۆیلەیی جێمان دێڵن؟
دەڕۆن سەرلەنوێ شەهیدان شین دەگێڕن
چارەنووسمان
بە کۆچێکی وێڵ دەسپێرن.
ئەمجارەیان شۆڕش بۆ کام مەنفا دەبەن؟
شۆڕش لە کوێ هەڕاج دەکەن؟
دەڕۆن مەگەر خوا بزانێ کام وەرزی ئەڤین دێنەوە؟
دەڕۆن ئاگردان: بێ پشکۆ
شار: بێ ئاسۆ
بووک: بێ زاوا
دوند: بێ هەڵۆ دەمێننەوە.
دەڕۆن و ئێمەیش ڕەنجەڕۆ!
دەڕۆن شەهیدان بێ گڵکۆ!

مەگری رۆڵە !
کەی ئێستا کاتی رۆڕۆیە
چەند بگریەیت, گریە وناڵەت
هێشتا بە جیهان نامۆیە !
لە فریشتە و بەفری یەکشەوە پاکتری
ئەم جەنگەڵە
کەی سەردەم و شوێنی تۆیە؟
مەگری رۆڵە
ژیان هێشتا وەک بەروانکەکەت پەڕۆیە.

مەگری گیانە !
کەی ئێستا کاتی گریانە
( بۆچی دەگری, هێندە هۆگری گریانی؟
کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی ) "*"
لە مانای شەڕ
بێوڵاتی
لە مانای گریە نازانی!

هەولنامەی کتێب

مەگری گیانە
کەی ئەم شەو کاتی گیاندانە !
لەوەتەی هەین
لە جەنگێکەوە بۆ مەرگێ
لە مەرگێکەوە بۆ جەنگێ
رادەکەین و
هەر چوار وەرزمان تاوانە
تەنیا ئەمشەو خۆت رابگرە
بەرگەی پرسیێتیو راونانو سەرما بگرە
سبەی هەتاوت بۆ دەکەم بە جۆلانە.
سبەی دەگەین
لەودیو, ماڵە خاڵۆیانت ئاوەدانە
سبەی ژانە وردیلە و زراڤەکانت لە گیابەند و
نان و
بەیان و
شیر دەگرم
دەیانکەم بە ئاڵا و چرای ئەم جیهانە
دەیانکەم بە ئاڵا و چرای ئەم جیهانە.

مەگری گیانە !
کەی ئێستا کاتی گریانە
کەی ئەم شەو نۆرەی گیاندانە
مەگری گیانە.. مەگری گیانە !

هەوالنامەی کتێب

## V

پەنجەرەکان لەگەڵ کۆچدا دەکرێنەوە
زەردەبارانێکی بەتاو بەسەر سووتاندا دادەکات .
بە وێرانەخاکدا دەڕۆم
چاو بۆ پەسیویَ دەگێرم
بزر دەبم
چارەنووسم بە تۆفانە کۆچ دەسپێرم.

شار چەند چۆڵ و ترسناکە !
شار وەک دارەمەیتی شێدار
بۆنی کفن و
بۆنی هەناسەی مردووانی لێهەڵدەستێ.
دەمەوێت برینەکانم گوڵبژێر کەم
فڕۆکەکان هەدا نادەن
دەخوازم شەهیدەکانم سەرژمێر کەم
فڕۆکەکان مۆڵەت نادەن.

لە نێو گەوەیەکی تەڕدا
سەرم لەژێر زەردەگەڵادا دەنێژم
ئێرە کوێیە؟
چۆن ڕێم کەوتۆتە ئەم ناوە؟
بۆ چواردەورەم بە ئاژاوە و گڕ گیراوە؟

بە نێو جەنگەڵی هاواردا
بە ڕەو مەرگێکی دی دەڕۆم
سێبەری هەڵامساوی خۆم ڕێم پێدەگرێ
لە دوورەوە
تارمایی تۆ و زنەیەکی لێڵ دەبینم
بەسەر تینوویێتیدا دەجمێم
باسکەکانم بەسەر گۆلاوێکی ساردا شۆڕ دەبنەوە
جارێکی دی
لە نێو زوقم و ژیلەمۆدا هەڵدەبمەوە.

هەواڵنامەی کتێب

هۆ وڵاتە شەکەتەکەم !
بە کام شاری گڕگرتوودا
بە کام کێڵگە و
کانی و
کارێزی تینوودا
بە کام دوندی تازیەبار و
کام دارستانی رەژوودا
بتناسمەوە؟
لەنێو کام تەمی کیمیایی و
لە ژێر کام رەوە رنوودا
بتدۆزمەوە؟
وێنەی ئەم تۆفانە کۆچە لە لاپەڕەی:
قورئان؟
ئینجیل؟
مەسحەف؟
تەورات؟
لە کام پەڕەی زەردهەڵگەڕاوی مێژوودا
بخوێنمەوە؟

هەر دەڕۆم و بە تۆ ناگەم
بە ناکامی
روو لە مەرگێکی دی دەکەم.
وا خوێنەکەم وەک ئەسپەشێ بەرەو لای تۆ
هەڵمدەگرێ

لە بوولێڵی گومڕاییدا
مەرگی خۆم بەرۆکم دەگرێ.
من شەوانە
بە ناڵەت بێدار دەبمەوە
لەگەڵ هەموو شەهیدێکتا
دەکوژرێم و رادەبمەوە.

من حەللاجی وڵاتێکی وێرانەم و
دڵم تژی نووری خوایە
پەیامەکەم : سەرکەشی مەوجی دەریایە
من مەسیحی زەمانەم و
خاچەکەم ژانی ئاسیایە.

هەواڵنامەی کتێب

هەر دەڕۆم و بەتۆ ناگەم
لە دالانی چارەنووسدا
رووبەرووی مێژوو دەبمەوە
مێژوو کۆلانێکی تەنگ و داخراوە
راستییەکە
سەر بەرەوخوار داکراوە.

مێژوو نسێی سەفەربەر و کۆچ و جەنگە
یان جەللادێکی دەبەنگە
شمشێرەکەی لە رووی ئایندە و ئەڤیندا
هەلکێشاوە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

من بە مێژوودا دەچمەوە
دارستانی شمشێر دەبڕم
ڕەنگی ژەنگ و مس و جەنگ و
ڕەنگی جەللادەکەم دەگرم
لە ژێر هەرەسی مێژوودا هەڵدەستمەوە
سەری ماندووم لەسەر سێدارە دادەگرم
جارێکی دی
بەرەو لای تۆ ڕێگە دەبڕم
ڕێگە دەبڕم.

من برینێکی ژێر چەقۆم
کڵپەیەکی سەرهەڵگرتووم
لەگەڵ هەزاران شەهیددا هاتوومەوە
بێ وڵاتم، وڵاتی خۆم دەوێتەوە
تەرمی باوکم
گۆڕی دایکم
جێنزرگەی تەپێندراوی باپیرانم دەوێتەوە.
تا خاکی لە خاچدراوم
ئاو و مێژوو ئاسمانی داگیرکراوم نەستێنمەوە
لە سروشتی ئینسانیتان بە گومانم
لە هاوسێیی و
هائاینی و
لە ناسینتان پەشیمانم
پەشیمانم.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پەراوێزی هۆنراوەکان

## دەفتەری خەونێکی والآ

### هۆنراوەی رووانین بە تاریکیدا، کۆپلەی دەیەم

(*) ئامــاژەیە بەکۆپلەشــیعرێکی شــاعیری ســوێدی، تۆماس ترانسترۆمەر، کە دەڵێ:

لە قووڵایی زەویدا
رۆحم وەکو هەسارەیەک
بە بێدەنگی دەخزێت

### هۆنراوەی شەوی یەڵدا

(*) ئاماژەیە بە هۆنراوەیەکی ئەحمەد هەردی کە دەڵێت:

هەموو رۆژی لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و بالآیە
لەسەر رێتا ئەوەستم من هەتاکو ئاوی پێم دایە.

## دەفتەری روونبوونەوە

### 1- هۆنراوەی شەوانی ئاخاوتن:

*لازارۆس: مەسیح کاتێک چووە سەرگۆڕی لازارۆس, کـە لـە ئەشـکەوت دەچـوو و بـە بـەردێک زارکەکـەی

گیرابوو, به (مارتا)ی خوشکی لازارۆسی وت بەردەکە لا ببەن.... مەسیح بە دەنگێکی بڵند هاواری لێ کرد : لازارۆس وەرەدەرێ!

لازارۆس ، کە (چوار رۆژ بوو مردبوو) دەست و پێی بە کفن و روخساری بە دەسەسرێک پێچرابوون ، لە ناو گۆڕەکەی هاتەدەرێ. مەسیح بە خەڵکەکەی وت : بیکەنەوە با بڕوات. بڕوانە: ئینجیلی یۆحەننا، ئیسحاحی یانزەیەم.

## 2- هۆنراوەی بە زرێیەکەوە لە مەعدەنی مێژوو:

* (گرتنی پشیلەرەشە لە ژوورێکی تاریکدا) ئاماژەیە بۆ قسەیەکی کۆنفۆشیۆس کە دەڵێ: ئاسان نییە لە ژوورێکی تاریکدا پشیلەی رەش بگریت، بە تایبەتی ئەگەر ژوورەکە پشیلەی هەر تێدا نەبێت!

## 3- هۆنراوەی زێوان:

* (گژوگیای نێو باخچە) ئاماژەیە بۆ (تیز)ێکی دەوڵەتی عێراق، کە لە کاتی ئەنفالدا لەنێوبردنی دەیان هەزار کوردی وەک بنیاتنانی باخچەیەکی قەومیی عەرەبی بە خەڵکی عەرەب پیشان دەدا. کورد وەک گژوگیای نێو باخچەکە وێنا کرابوو.

هەولاتامەی کتێب

## 4- هۆنراوەی شەوی کریستاڵ:

* شەوی کریستاڵ : ئەو شەوەیە کە نازیستەکانی ئەڵمان، دوای ئەوەی دەسەڵاتی سیاسییان گرتە دەست، دەستیان بە پەلاماری جوولەکەکانی ئەڵمانیایان کرد، ماڵ و سامانیان زەوتکردن و بەکۆمەڵ ڕەوانەی ئۆردوگای تایبەتییان کردن، تا لەوێ لەنێویان بەرن.

**دەفتەری ژوانی ڕووناکی**

## 1- هۆنراوەی مێدیتاسیون :

* سیبیلا : **Sibyl** ژنەفاڵچی لە میتۆلۆجیای گریکیدا

* کۆردێلیا – **Cordelia** سێیەمین یان بچوکترین کچی شا لیر لە شانۆنامەی (شا لیر) نوسینی شەکسپیر، کە لە دوا ساتەکانی تەمەنی پیری و زەبوونی و بێدەسەڵاتیی باوکیدا بەهانایەوە دێت.

* (بوومە سەرحەلقەی گوناهکاران) ئاماژەیە بۆ شیعرێکی مەولانا خالیدی نەقشبەندی کە دەڵێت :

من کە سەرحەلقەی گوناهکارانم
سەرتۆقی جەرگەی شەرمەسارانم
سەرتاپا غەریق لوجەی عوسیانم
سفتەی نائیرەی نار حیرمانم

## 2- هۆنراوەی حەسرەتەکانی ئۆدێسا :

* پینێلۆپێ **Penelope** / : ژنی ئۆدیسا ، قارەمانی ئێپۆسی ئۆدیسا، نووسینی هۆمێرۆس **Homeros** کە دوای شەڕی ترۆیا، ئۆدێسا و هاوڕێکانی لە ڕێگای گەڕانەوە بەرەو ماڵ، توشی کۆمەڵێک شەڕ و کارەسات دەبن و هەموو هاوڕێکانی ئۆدێسا لەنێو دەچن. ئۆدێسا دوای دە ساڵێک دابڕان لە خێزانەکەی، بە ڕێگای پڕ لە سامناکیی دەریادا ، دەگاتەوە لای ژنەکەی.

## 3- هۆنراوەی (ئازادی) :

* (بەندبوونم لە تۆدا ئازادیمە) ئاماژەیە بۆ دێڕەشیعرێکی ڕۆماننووس و شاعیری سوێدی **Goran Tunstrom** یۆران تونسترۆم.

## 4- هۆنراوەی (گەڕانەوە) :

*(بۆ کەسێک لەو قولاییەوە نەهاتەوە؟) ئاماژەیە بۆ وتەیەکی دانتی لە {کۆمیدیای خودایی} دا.

### دەفتەری ئاوێنەو سێبەر

## 1- هۆنراوەی پرسیارە بێ وەڵامەکان

* بۆ هیچیان سکالایەک لەگەل ڕۆحی کلۆڵت ناکەن، ئاماژەیە بۆ دێڕە شیعرێکی گۆران، لە هۆنراوەی

## 2- هۆنراوەی ئەگەر رۆژێك لە رۆژان:

* (لە چاوەڕوانی بەربەریستاندا) ئاماژەیە بۆ هۆنراوەیەکی شاعیری گریک کۆستانتین کاڤافی بە ناوی "لە چاوەڕوانی بەربەریستاندا" کە باس دەکات چۆن گەلێکی خاوەن شارستانییەکی بەرز ، بەوپەڕی خۆشیو شەوقەوە، چاوەڕێ دەکەن کە لەشکری بەربەریستان بێت وڵاتەکەیان داگیر بکات.

## 3- هۆنراوەی مەودای نێوانمان وڵاتمە:

* (شاعیری رۆحفەقیر) ئاماژەیە بۆ هۆنراوەیەکی شاعیر فەقێی تەیران، کە دەڵێ:

ئەز ناچم دیوانێ میرا     نابم شارووێ کۆچ و سەرا
ناچم دیوانێ میر و حاکما     فەقێ تەیرا رەبەنێ دلا
هەبوونە دەنگبێژ و شاعیر     ب رووح و دڵا پڕ فەقیر
میر و بەگا را سترانە     بێ قیمەت و مەلوول مانە.

## 4- هۆنراوەی رێگایەکان ناپاکترین دەلیلن:

* (خوایە گیان.. خوایە گیان..) ئاماژەیە بە قسەیەکی مەسیح، کە پێش هەڵواسینی دەڵێت: خوایە بۆ دەستبەردارم بوویت؟

**دەفتەری وەرزەبەردینە**

* ئاماژەیە بۆ هۆنراوەی (داری ئازادی) نووسینی فایـەق بێکەس

* کلیان پترۆسیان : ناوێکی ئەرمەنییانەیـەو مەبەست لـە کەسێکی دیاریکراو نییە.

* ئاماژەیە بۆ هۆنراوەیەکی گۆران کە بـۆ هیـوای کـوڕی نووسیوە

هەواڵنامەی کتێب

## چەند روونکردنەوەیەک

* ئەم دیوانە دوو بەرگی سەربەخۆیە، هەر بەرگەی لە شەش دەفتەرەشیعر، یان کۆمەڵەشیعر پێک هاتووە. سێ کۆمەڵەشیعریان قەسیدەی درێژن و کاتی خۆی بە نامیلکەی سەربەخۆ، بڵاو کراونەتەوە.

بەرگی یەکەمی دیوانەکە ئەو کۆمەڵەشیعرانەی بەخۆ گرتووە کە لە ساڵی١٩٩١ تا ساڵی ٢٠١٢ نووسراون. پێنج لەو دەفتەرە شیعرییانە پێشتر لە ساڵانی ١٩٩٢ تا ساڵی ٢٠٠٧ بڵاو کراونەتەوە.

بەڵام بەرگی دووەم لەو دەفتەرەشیعرانە پێک هاتووە، کە پێشتر لە ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٩٠ وەک کۆمەڵەهۆنراوەی سەربەخۆ چاپ کراون. لە پێڕستی دیوانەکەدا ئاماژە بە ساڵی یەکەم چاپی کۆمەڵەهۆنراوەکان، کە ساڵی نووسینیان نییە، کراوە.

دەفتەرەشیعرەکان بە جۆرێک ریزبەند کراون، کە ئەوانەی نوێن و ساڵانی دواتر نووسراون، یان بڵاو کراونەتەوە، پێش خراون. بەپێی ئەو ریزبەندییە نوێترین کۆمەڵەهۆنراوە (خەونێکی واڵا) کە بەشێکە لەو

هەواڵنامەی کتێب

هۆنراوانەی لە ساڵی ٢٠٠٨ تا ٢٠١٢ نووسراون و یەکەم جارە بڵاو دەکرێتەوە، بۆتە یەکەم دەفتەری بەرگی یەکەمی دیوانەکە. کەچی یەکەم کۆمەڵەهۆنراوەی (پشکۆکان دەگەشینەوە) کە لە ساڵی ١٩٧٦ دا لە بەغدا بڵاو کرایەوە، کەوتۆتە کۆتایی بەرگی دووەمی دیوانەکە.

* لە ساڵی ٢٠٠٧ دا سەرجەمی شیعرەکانم، کە تا ئەو کاتە لە یازدە دەفتەر پێک هاتبوون، بە دوو بەرگ، بەناوی (بەتەنیا جێی مەهێڵن) و (راز و گومان) لە لایەن چاپخانەی رەنج، لە سلێمانی، بڵاو کرانەوە. هەرچەندە هەوڵێکی زۆر درا کە ئەو دوو بەرگە لە هەڵەی چاپ بەدوور بن. بەڵام بەداخەوە نەتواندرا. لەوەش زیاتر هەندێک دێڕ و کۆپلە، لە کاتی دووبارە نووسینەوەیان بە کۆمپتوتەر، لەبیر کرابوون.

* لە ساڵی ١٩٩٣ دا شەش کۆمەڵەشیعر، کە لە ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٩٠ بڵاو کرابوونەوە، لەگەڵ پێشەکییەدا بە ناوی (ماڵم نزیکی هەورە) لە بەرگێکدا بە ناوی (دیوانی رەفیق سابیر) لە سوێد چاپ کران. ئەو شەش کۆمەڵەشیعرە و پێشەکییەکە، بەرگی دووەمی ئەم دیوانەی ئێستا پێک دەهێنن.

* هەندێک هۆنراوە هەن، کە پێشتر لە کۆمەڵە

هۆنراوەکانمدا، یان لێرە و لەوێ، بڵاو کراونەتەوە، بەڵام لەم دیوانەدا نین. هەندێکیان لەبەر ئەوەیە کە، بوون و نەبوونیان بە دیوانەکەوە دیار نابێت. ئەوانی دیکەیان لەبەر ئەوەیە کە لە کاتی ئامادەکردنی ئەم دیوانە بۆ چاپ، ئەو هۆنراوانەم دەستنەکەوتن.

* هەندێک لەو هۆنراوانەی کە لە ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧١ دا نووسراون، کاتی خۆی، ساڵی ١٩٧٦ لەبەر سانسۆر، یان لەبەر هۆکاری تەکنیکی، نەتوانرا لەگەڵ (پشکۆکان دەگەشێنەوە) چاپ بکرێن. بۆیە دواتر، لەساڵی ١٩٧٩ دا کەوتنە نێو (ریژنە)وە، کە لە مهاباد بڵاو کرایەوە. هەروا چەند شیعرێکی بەشی سێیەمی کۆمەڵە هۆنراوەی (سووتان لەبەر باراندا) چاپی یەکەم، لەندەن، خرایە نێو (ریژنە) چونکە بابەتی هۆنراوەکان لە ریژنەوە نیزیکترن. لەبەر هەمان هۆکار هەندێک هۆنراوەی (روونبوونەوە) لەگەڵ چەپکێک هۆنراوەی بڵاو نەکراوە (لە ژیان درێژتر)دا کۆ کرانەوە.

* چەند هۆنراوەیەکی ناو (پشکۆکان دەگەشێنەوە و ریژنە) کەمێک دەستکاریی هەندێک رستە کراوە، کە زۆربەیان لە رتوشێکی هونەری دەچن. رەنگە ئەم رتووشکردنە، لە شوێنی تریشدا بەرچاو بکەوێت. هەروا چەند هۆنراوەیەکی ناو ئەو دوو کۆمەڵە شیعرە، کە لە

سەرەتای حەفتاکاندا نووسراون، دەربڕینێکی سادە و ساکارن، رەنگە باشتر بووایە کە لەم کتێبەدا نەبن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو هۆنراوانە سەرەتای ئەزموونی شیعریی من و لایەنێکی شێوازی شیعریی ئەو سەردەمە و کاریگەریی شەڕ و دۆخی سیاسی و رووداوەکانی ئەو رۆژانە پیشان دەدەن، بە خراپم نەزانی، وەک نموونە، لەم دیوانەدا بمێننەوە.

* (رێژنە) و چاپی دووەمی (پشکۆکان دەگەشێنەوە)، کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا لە لایەن کتێبخانەی سەیدییان، لە مهاباد بڵاو کرانەوە، هەندێک هەڵەی زەقی چاپ و مۆنتاجیان تێ کەوتبوو، کە لە چاپی دواتری ئەو دوو کۆمەڵەهۆنراوەدا، ئاماژەیان پێ دراوە و راست کراونەتەوە.

* چەند دێرێک لە (لاوکی هەڵەبجە) و (وەرزی سەهۆڵبەندان) و هەندێک هۆنراوەی تر، کە زیاتر دووبارەکردنەوە بوون، لابراون.

* ئەم دیوانە، بە هەردوو بەرگییەوە، دەکرێت بە متمانەپێکراوترین سەرچاوەی بەرهەمە شیعرییەکانم دابندرێت.

# پێڕست

## خەونێکی واڵا

**I**


دوای تۆ........................................................ 11
رووانین بە تاریکیدا ........................................... 13
ساتێک و تەمەنێک........................................27
بەبەر باراندا.............................................................31
پیاوێکی تەنیا ............................................................ 34
ژوان ......................................................................... 35
بەرەو کوێ؟ ..................................................................... 37


**II**


بێ هیوا چۆن بژیم.......................................................... 41
ئاوێزانبوون................................................................... 51
ئەو کاتانە................................................................... 53
باخی رووناکی................................................................ 55
شەوی یەڵدا.................................................................... 57


## لە ژیان درێژتر


لە ژیان درێژتر................................................................ 65
پەنجەرەیەك واڵا ............................................................ 69
ژوانگە ......................................................................... 73
لەگەڵ زەماندا................................................................ 75
چوون ......................................................................... 77
گەڕان.......................................................................... 79


هەولنامەی کتێب

بۆ تەنیایی........................................................ 81
لە ڕۆخی دارستانەکەدا.................................. 83
ڕووت لە بەرامبەری خۆتدا............................. 89
تابلۆیەك............................................................. 91
بێ گەڕانەوە چوون.............................................. 93
ڕێنیشاندەر........................................................... 95
بەرەو دووریی....................................................... 97
سەفەر............................................................... 99
بەرەو کوێمان دەبات زەمان ؟............................ 103
هەڵبژاردن........................................................... 105


**ڕوونبوونەوە**

2001


سێرمۆنی.............................................................. 113
بە زرێیەکەوە لە مەعدەنی مێژوو........................ 119
کۆچێکی دی...................................................... 131
زێوان.................................................................... 135
پێشوازی.............................................................. 147
شەوی کریستاڵ(*)............................................... 153
دوا ژوان................................................................ 159
شەوانی ئاخاوتن................................................. 163
پۆرترێتی هونەرمەندێك....................................... 177
گوڵە بەرد............................................................. 181


III


گۆرانییەك بۆ جوانی............................................. 187
بەڵێنشکێنی.......................................................... 193
تا بتبینم 195
ئاشنابوون.............................................................. 196
لە هەرکوێ بیت..................................................... 197


هەواڵنامەی کتێب

پێکەوە ........................................ 198
لەگەڵ تۆدا ........................................ 199
پەنا ........................................ 200
بێدەنگبوونت ........................................ 201
تۆ هیوات پێدام ........................................ 203
خەون.. خەون ........................................ 205

## ژوانی رووناکی

1997

I

ئەگەر بتوانم ........................................ 211
مێدیتاسیۆن ........................................ 217
حەسرەتەکانی ئۆدێسا ........................................ 257
شەورەو ........................................ 261

II

پەنجەرەیەك دەکەمەوە ........................................ 269
ئازادی ........................................ 270
گەدا ........................................ 271
ینین ........................................ 273
وەرزێکی نوێ ........................................ 275
زەمانی ئەڤین ........................................ 276
بەیانی بوو وەك ئێستا ........................................ 277
تابلۆ ........................................ 279
داهێنان ........................................ 280
ژوان ........................................ 281
شەوچرا ........................................ 285
پەرەلێل ........................................ 289

III

هەواڵنامەی کتێب

شەوانە ........................................................... 295
دەستەکانت ناگەنە شەو...................................... 297
گەڕانەوە .......................................................... 299
شەونشین............................................................ 301
شەوەکانم........................................................... 303
گومانبار.............................................................. 305
لەبەر باراندا......................................................... 308


## ئاوێنەو سێبەر

1996


پرسیارە بێ وەڵامەکان ..................................... 311
مەودای نێوانمان: وڵاتمە.................................... 337
پاکبوونەوە ...................................................... 351
ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێک بگەینەوە.................369
لە خۆرگیرانی کۆڵانەکەدا.................................. 377
ڕێگایەکان ناپاکترین دەلیلن................................ 385


## وەرزەبەردینە

1992


وەرزەبەردینە .................................................... 397
پەراوێزی هۆنراوەکان ....................................... 433
**چەند ڕوونکردنەوەیەک........................ 339**